رووداو
RÛDAW

ژمارە (519) دووشەممە 2018/9/3 - 12ی گەلاوێژ 2718 (750) دینار




# لە شێخان و بەردەڕەش چەند گەنجێک بێسەروشوێن دەبن

**رووداو- دهۆک**

ماوەی 38 رۆژە سێ گەنجی دانیشتووی قەزای بەردەڕەش و شێخان بێسەروشوێنن. ئەو گەنجانە 10 رۆژ دوای رۆیشتنیان نامەیەکی دەنگییان بۆ کەسوکاریان ناردووە و گوتوویانە: "ئێمە چووینەتە سەر رێگای راست". سەرچاوەیەکی ئەمنی گومان دەکات پەیوەندیان بە داعشەوە کردبێ. هەر دوای دیارنەمانی ئەو سێ کەسە، سێ گەنجی دیکەش لەو دەڤەرە دەستگیر دەکرێن.

گەنجەکان تەمەنیان لەنێوان 20 بۆ 30 سالانە، رۆژی 2018/07/27 لەماڵ دەرچوون و نەگەڕاونەتەوە.

دوای 10 رۆژ لە رۆیشتنیان، پەیامێکی دەنگی لە رێگەی سۆشیال میدیاوە بۆ کەسوکاریان دەنێرن. مامی یەکێک لە گەنجەکان دەڵێت: "ئەوان بە زمانی کوردی بە دایک و باوک و کەسوکاریان دەڵێن گەیشتوونەتە سەر رێگای راست، دەڵێن لەبەر خاتری دینەکەمان ئێوەمان جێهێشت، لە نێوان ئێوە و دینی خۆماندا، ئێمە دینی خۆمان هەڵبژارد".

سەرچاوەیەکی ئەمنی کە ئاگاداری دیارنەمانی ئەو گەنجانەیە، دەڵێت گومانمان هەیە ئەوان ئێستا لە چیاکانی سەر سنووری نێوان هەڵەبجە و رۆژهەڵاتی کوردستان بن، بەڵام دەشڵێت بەپێی ئەو نامە دەنگییەی کە ناردوویانە، کۆدەکە وا نیشان دەدات کە نامەکە لە یەمەنەوە هاتووە.

«2

**حاجی فەیاز..**
## هاوڕێی نیوەی رێگا
4

## کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی، گۆڕانی کردووەتە دوو بەرە
3

**ناوەندێکی ئەمریکی:**
## کورد ناچارن لەگەڵ ئەسەد رێکبکەون
6

**باڤڵ تاڵەبانی دووجار لەگەڵی دانیشتووە**

# یەکێتی مژاری گەڕانەوەی بەرهەم ساڵح دەباتە کۆنگرە

3



**راپۆرت** 4

خەزعەلی لاپەرە رەشەکانی نێران و موقتەدا سەدر هەڵدەداتەوە



**راپۆرتەهەواڵ** 2

شەش گەنجی کورد لە ئیستانبوڵ ئەشکەنجە دەدرێن

**ئابووری** 8

ژاپۆنییەکان ئاوی ئاوەڕۆی هەولێر خاوێن دەکەنەوە



**کۆمەڵایەتی** 13

گەنجێک دایکی خۆی لەسەر گومانێک دەکوژێ





## سەرۆکی شارەوانی سلێمانی دەگۆڕدرێ

**ڕووداو – سلێمانی**

بەبڕیارێکی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکی شارەوانی سلێمانی گۆڕدرا و توانا کەمال جەلال بووە سەرۆکی نوێی شارەوانی سلێمانی.

لەنووسراوێکدا کە دەست تۆڕی میدیایی ڕووداو کەوتووە، نەورۆز مەولود بەپشتبەستن بەبڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران، بڕیاریداوە بە دانانی سەرۆکی نوێی شارەوانیی سلێمانی. لە نووسراوەکەدا هاتووە؛ بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، ژمارە (4109) لە 26-8-2018 بڕیاردرا بە: گواستنەوەی ڕاژەی بەڕێز (توانا کەمال جەلال) بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی لەسەر میلاکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بۆ سەر میلاکی وەزارەتمان لە بەرواری دەست لەکار هەڵگرتن و دەستبەکاربوونی، دانانی ناوبراو بە سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی بە وەکالەت لە بەرواری دەستبەکاربوونی.

### گومان دەکرێ پەیوەندیان بە داعشەوە کردبێ

# سێ گەنجی شێخان و بەردەڕەش بێسەروشوێنن

**کاروان عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

ماوەی 38 ڕۆژە سێ گەنجی دانیشتووی قەزای بەردەڕەش و شێخان بێسەروشوێنن، دوای 10 ڕۆژ لە ڕۆیشتنیان نامەیەکی دەنگییان بۆ کەسوکاریان ناردووە و گوتوویانە: "ئێمە چووینەتە سەر ڕێگای ڕاست". سەرچاوەیەکی ئەمنیش گومان دەکات پەیوەندیان بە داعشەوە کردبێ. دوای دیارنەمانی ئەو سێ گەنجە، سێ گەنجی دیکەش دەستگیر دەکرێن.

ڕۆژی 2018/07/27 سێ گەنج بەناوەکانی (ع.ح) و (ع.م) و (ن.ئە) کە تەمەنیان لە نێوان 20 بۆ 30 ساڵان دەبێ، لە ماڵ دەرچوون و نەگەڕاونەتەوە، دوو لەو گەنجانە خەڵکی گوندی دووسەرانی سەر بە ناحیەی دارەتووی قەزای بەردەڕەشن و ئەوەی دیکەشیان خەڵکی گوندێکی ناحیەی قەسرۆکی سەر بە قەزای شێخانە.

حەسەن عەبدولکەریم کە مامی یەکێک لەو گەنجانەیە و موختاری گوندی دووسەرانە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەر دوای دوو ڕۆژ لە ونبوونیان هێزە ئەمنییەکانمان ئاگادارکردنەوە، پێیانگوتین ئەو دوو گەنجە لەگەڵ گەنجێکی دیکە بە تاکسییەک چوونەتە سەر سنووری ئێران".

دوای 10 ڕۆژ لە ڕۆیشتنیان، ئەو گەنجانە پەیامێکی دەنگی لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە بۆ کەسوکاریان دەنێرن. حەسەن ناوەڕۆکی





گەنجەکان لە بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان لە دهۆک یەکدیان ناسیوە

پەیامە دەنگییەکەی ئاشکرا کردو گوتی: "ئەوان بە زمانی کوردی بە دایک و باوک و کەسوکاریان دەڵێن گەیشتوونەتە سەر ڕێگای ڕاست، دەڵێن لەبەر خاتری دینەکەمان ئێوەمان جێهێشت، لە نێوان ئێوە و دینی خۆماندا، ئێمە دینی خۆمان هەڵبژارد".

> **یەکێک لەوانە گوتارخوێن بوو، بەڵام پێش ڕۆیشتنی وازی هێنابوو**
>
> بەڕێوەبەری گشتیی ئەوقافی دهۆک

سەبارەت بە شوێنی گەنجەکان، حەسەن دەڵێت: "ئێمە پەیامە دەنگییەکەمان تەسلیمی ئاسایش کرد، نازانین لە کوێن، هەندێک دەڵێن بەپێی پەیامەکەیان بێ، دەبێ لە یەمەن بن".

یەکێک لەو گەنجانەی دوو سەران پزیشکی ددان بووە، ئەوەی دیکەشیان دەرمانساز بووە، گەنجەکەی دیکەش شوفێری بارهەڵگر بووە. بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، ئەو گەنجانە پێشتر لە بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان لە دهۆک، یەکدییان ناسیوە. هەروەها گەنجەکان کەسانی دیندار بوونە و ریشیان درێژ بووە، یەکێک لە گەنجەکان چەند مانگێک لە مزگەوتی گوندەکەیان گوتاری هەینی پێشکەش کردووە.

سەرچاوەیەکی ئەمنی کە ئاگاداری دیارنەمانی ئەو گەنجانەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای گرتنی ئەو شوفێر تەکسییەی کە ئەو سێ گەنجەی گەیاندبووە سنووری ئێران، دوو گەنجی دیکەش لە قەزای خەبات دەستگیرکراون و پێدەچێت هەر شەشیان ئاگایان لە یەکدی هەبێ و گرووپێک بن".

دەربارەی چارەنووسی ئەو سێ گەنجە، ئەو سەرچاوەیە کە نەویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی: "دوو بۆچوون هەیە، یەکەم گومانمان هەیە ئەوان ئێستا لە چیاکانی سنووری نێوان هەڵەبجە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن، ئەوەی دیکە بەپێی ئەو نامە دەنگییەی کە ناردوویانە کۆدەکە دەڵێت نامەکە لە یەمەنەوە هاتووە، بەڵام پێناچێت ئەوان گەیشتبنە یەمەن".

سەمیان عەبدولخالق، بەڕێوەبەری گشتیی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە دهۆک دەڵێت: "ڕاستە یەکێک لەوان پێشتر لە گوندێک گوتاری هەینیی پێشکەش دەکرد، بەڵام فەرمی نەبوو، دوو هەفتە پێش دیارنەمانی، وازی لە گوتاردان هێنابوو".

لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی سووریا، چوونی گەنجان بۆ نێو گرووپە توندڕەوەکان سەریهەڵدا، بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی ئەوقاف، زیاتر لە 500 گەنجی کورد چووبوونە ڕیزەکانی داعش.

مەریوان نەقشبەندی، بەرپرسی

> **نامەیان ناردووە و دەڵێن گەیشتووینە سەر ڕێگای ڕاست**
>
> مامی یەکێک لە گەنجەکان

پەیوەندییەکان و پێکەوە ژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف بە (ڕووداو)ی گوت: "لەو 500 کوردەی چووبوونە ڕیزەکانی داعش نزیکەی 320 کەسیان کوژران و 150 کەسیشیان گەڕانەوە، بەشێکیان ئازادکران، بەشێکیشیان هێشتا لە زیندانن، هێشتا چارەنووسی نزیکەی 15 کەسیش دیار نییە، بەپێی زانیارییەکانی ئێمە زۆربەیان زیندوون و چوونەتە سووریا، لیبیا و وڵاتانی ئەورووپا".

بە گوتەی مەریوان نەقشبەندی، 10 لەو کوردانە بەخێزانەوە چووبوونە نێو داعش، دوای کوژرانیان، هاوژین و منداڵی هەندێکیان گەڕاونەتەوە کوردستان، بەڵام هەندێکیان لەلایەن کەسوکاریانە قبوڵ نەکراونەتەوە.

# کوشتنی زەکی شنگالی گرژی دەخاتە نێوان یەبەشە و سوپای عێراق

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو کاروانێکی هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی شنگال (یەبەشە) لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیاوە کرایە ئامانج کە لە بۆنەیەکی تایبەت بە ئێزدییەکان لە گوندی کۆچۆی سەر بە شنگال دەگەڕانەوە، بەو هۆیەوە فەرماندەیەکی باڵای پارتی کرێکارانی کوردستان کوژرا. لە دوای ئەو ڕووداوەوە ساردییەک کەوتووەتە نێوان یەبەشە و سوپای عێراق، بە جۆرێک ئێستا یەبەشە ناهێڵێ سوپای عێراق لە شنگال لێیان نزیک ببنەوە.

ڕۆژی 2018/8/15 لە کاتی گەڕانەوەیان لە مەراسیمی ساڵیادی پەلاماری داعش بۆ سەر گوندی کۆچۆ، کاروانێکی هێزەکانی یەبەشە لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیاوە کرایە ئامانج، بەهۆی ئەو پەلامارەوە زەکی شنگالی، سەرپەرشتیاری هێزەکانی سەر بە پەکەکە لە شنگال گیانی لەدەست دا. ئەمەش بووە سەرەتای ناکۆکی لە نێوان هێزەکانی سەر بە پەکەکە و سوپای عێراق لە شنگال کە لە دوای 17ی ئۆکتۆبەرەوە تەنیا ئەوان لەوێن.

خودێدا چوکی، بەڕێوەبەری ناحیەی سنونێ بە وەکالەت و فەرماندەی حەشدی شەعبی کە یەکێک بوو لەوانەی لەگەڵ کاروانەکەی یەبەشە و پەکەکەدا بوو، باسی بۆردومانەکەی کرد و گوتی:

"ئۆتۆمبێلەکەی زەکی شنگالی تەنیا 50 مەترێک لە ئێمە دووربوو کە فڕۆکەکان بۆردومانیان کرد، ئەو سەرەتا بریندار بوو، دواتر بە ئۆتۆمبێلێک بەرەو ئوم زیبانیان برد لە نزیک سنووری سووریا، کە بازگەیەکی سوپای عێراقی لێیە، هەر 10 مەترێک مابوو بگاتە بازگەکە، فڕۆکەکان جارێکی دیکە بۆردومانیان کردەوە، لەوێ شەهید بوو، ئەمەش گومان دروست دەکات کە سوپای عێراق ئاگای لەو ڕووداوە بووە".

بێدەنگیی حکومەتی عێراق بەرامبەر پەلامارەکەی تورکیا، هێندەی دیکە گومانی لەلای ئەو بەرپرسە ئیدارییەی شنگال دروست کردووە و دەڵێت: "مەعقولە تورکیا لەژێر ئاڵای عێراقدا خەڵکی سڤیل بکاتە ئامانج و ئەوان هیچ ڕوونکردنەوە نەدەن؟ ئەمە خۆی جێگەی گومانە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە شنگال بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە دوای ئەو ڕووداوە، هێزەکانی سەر بە پەکەکە لە شنگال بەشێک لە بارەگاکانی خۆیان چۆڵ کردووە و لە شوێنی دیکە بارەگایان کردووەتەوە، دەستیشیان بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کردووە. لەدوای ڕووداوەکە، پەیوەندیان لەگەڵ بەرپرسانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق پچڕاوە و ڕێگە نادەن سەردانیان بکەن.

لە سەرەتای هێرشی داعش بۆ سەر شنگال لە مانگی ئابی 2014، نزیکەی 250 چەکداری پەکەکە هاتنە شنگال، دواتر چەند هێزێکیان



زەکی شنگالی لە کاتی گەڕانەوەی لە گوندی کۆچۆ بۆ شنگال، لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیا کرایە ئامانج

دروستکرد لەوانەش یەکینەکانی بەرخودانی شنگال، یەکینەکانی پاراستنی شنگال، ئاسایشی شنگال و دژە تیرۆر کە ماوەیەک لەلایەن بەغداوە یارمەتی دەدران. تورکیا چەند جارێک هەڕەشەی کردووە کە پەلاماری قەندیل و شنگال دەدات، ئەو هەڕەشانەی تورکیا وای لە پەکەکە کرد کە مانگی ئاداری ئەمساڵ بڕیار بدات هێزەکانیان لە شنگال بکشێننەوە. سەرەڕای کشانەوەی پەکەکە، بەڵام زیاتر لە 3000 چەکداری یەبەشە و یەپەژە و ئاسایشی ئێزدیخان لەنێو شنگالدا ماون.

چەند کاتژمێرێکی کەم دوای ڕووداوەکە، سوپای تورکیا ڕایگەیاند کە زەکی شنگالی لە شنگال، بووەتە ئامانجی هێرشی فڕۆکەکانیان، بەڵام سەرچاوەکەی (ڕووداو) دەڵێت بۆردومانەکە جێی گومانە. سەرچاوەکە گوتی: "ئێستا ئاسمانی عێراق هەموو لەژێر کۆنترۆڵی ئەمریکایە، تورکیا تەنیا مافی هەیە 30 کیلۆمەتر بێتە ناو خاکی عێراق، ڕۆژێک پێش ئەو بۆردومانە عەبادی لە تورکیا بوو، لەبەر ئەوە گومان دەکرێت فڕۆکەکان عێراقی بووبن، بەڵام ئەمە هێشتا ڕوون نییە".

بەڵام حەربۆ خدر، ئەندامی ئەنجوومەنی خۆسەریی شنگالی سەر بە پەکەکە دەڵێت "ئەوەی ڕوویدا لە گومان دەرچووە کە عێراق هاوکاریی تورکیای کردووە، چونکە هەموو شت ئاشکرابووە، منیش لەگەڵ ئەو کاروانەی یەبەشەدا بووم، بۆردومانەکە تەنیا 10 مەترێک لە سوپای عێراق دووربوو".

ڕۆژی 2018/9/2 ناکۆکییەکانی نێوان سوپای عێراق و یەبەشە گەیشتنە لوتکە، کاتێک هێزێکی سەر بە یەبەشە دەیانویست بە ئۆتۆمبێلێکی بێ مۆڵەت و تابلۆ بە بازگەیەکی سوپای عێراقدا تێپەڕن، بەوهۆیەوە گرژی کەوتەوە و نزیکەی سەعاتێک شەڕە تەقە لە نێوانیاندا کرا، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتەوە.

فەهد حامد، قائیمقامی قەزای شنگال بە وەکالەت کە لەلایەن حەشدی شەعبی دانراوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕەوشەکە هێورکرایەوە، ئێستا بە هەموو لایەک سەرقاڵی چارەسەرکردنی گرژییەکانین".

### قاچاخچی بە گرووپێکی مافیای فرۆشتوون

# شەش گەنجی کورد لە ئیستانبوڵ ئەشکەنجە دەدرێن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

شەش گەنجی کورد کە پێنجیان دانیشتووی ڕانیەن و یەکێکیشیان خەڵکی سلێمانییە، لەلایەن دوو قاچاخچییەوە لە تورکیا ڕادەستی گرووپێکی مافیا دەکرێن، دوای ئەوەی چەند ڕۆژێک بەبێ نان و ئاو زیندانی دەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن، بەهۆی قوربانیدانی یەکێکیان کە لە باڵەخانەکەوە خۆی فڕێدەداتە خوارەوە، ڕزگاریان دەبێت.

ئەو شەش گەنجە بەنیازبوون بچنە ئەورووپا، دوای ڕێککەوتن لەگەڵ قاچاخچییەکی کورد دوو ڕۆژ پێش جەژنی قوربان بەرەو ئیستەنبوڵ بەڕێدەکەون.

ئیبراهیم مەولود کە خەڵکی ڕانیەیە و باوکی یەکێک لەو گەنجانەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "نزیکەی 10 ڕۆژ بوو ئێمە لەگەڵ قاچاخچییەک کە خەڵکی هەولێرە لەسەر خەت بووین، بۆ ئەوەی ئەو کوڕانەی ئێمە بباتە تورکیا و لەوێوە بیاننێرێت بۆ فەرەنسا، ئەو بەڵێنی پێدایـن کە بە گەرەنتی بیانگەیەنێت و لەکاتی گەیشتنیشیان ئێمە پارەکەی ڕادەست بکەین کە بۆ هەریەکێکیان 9300 دۆلار بوو، هەروەها 600 دۆلاریش بۆ تکت و ڤیزا بۆ تورکیا، دوو ڕۆژ پێش جەژنی قوربان کوڕەکانمان لەڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بەرەو تورکیا بەڕێکەوتن، دوای گەیشتنیشیان ئاگاداریان کردینەوە کە گەیشتوونەتە ئەوێ و قاچاخچییەکەش بردوونی بۆ هۆتێل و شوێنیان باشە".

## بەرەو ئەورووپا بەڕێدەکەون

دوای پێنج ڕۆژ مانەوە لە ئیستانبوڵ، گەنجەکان کە تەمەنیان لەنێوان 17 بۆ 20 ساڵیدایە، دەیانەوێت بەرەو ئەورووپا بەڕێبکەون، ئیبراهیم مەولود دەڵێت: "شەوێک کوڕەکەم پەیوەندی پێوەکردم و گوتی قاچاخچییەکە ئاگاداری کردووینەتەوە کە خۆمان ئامادە بکەین ئەمشەو بەڕێدەکەوین، کاژێر 10:30ـی شەو بوو کوڕەکەم دووبارە پەیوەندی پێوەکردمەوە گوتی ئێستا بەڕێدەکەوین کە گەیشتینە جێ پەیوەندیتان پێوەدەکەینەوە، لەو ماوەیەدا لەگەڵ قاچاخچییەکە قسەمان دەکرد، ماوەی سێ ڕۆژ هیچ هەواڵێکیان نەبوو، ئێمەش هەر چاوەڕوان بووین".

دوای سێ ڕۆژ قاچاخچییەکە پەیوەندی بە کەسوکاری گەنجەکانەوە دەکات و پێیاندەڵێ کە گەیشتوونەتە فەرەنسا و ڤیدیۆیەکیشیان بۆ دەنێرێ کە خۆیان دەڵێن بە سەلامەتی گەیشتووینەتە شوێنی خۆمان.

ئیبراهیم دەڵێت: "کە ڤیدیۆکەی بۆ ناردین، بینیمان هەموویان لە ژوورێک دانیشتوون و کوڕەکەی من قسە دەکات و دەڵێت ئێمە گەیشتینە فەرەنسا، هیچ کێشەیەکمان نییە و هیچ خەمی ئێمەتان نەبێت".

بەڵام بەگوتەی کەسوکاری گەنجەکان، ڤیدیۆکە ساختە بووە، ئیبراهیم مەولود گوتی: "دواتر زانیمان کە ئەوانە فێڵیان لە ئێمە کردووە و لەژێر گوشاردا ڤیدیۆکەیان پێ تۆمارکردوون، چونکە دوای بینینی ڤیدیۆکە قاچاخچییەکە گوتی پارەکانمان بۆ بنێرن، بەڵام ئێمە گوتمان هەریەکەمان وشەیەکی نهێنیمان داوەتە کوڕەکانمان و دوای گوتنی وشەکە ئێمە دڵنیادەبین لە گەیشتنیان، ئینجا پارەکانتان ڕادەست دەکەین، ئەویش گوتی کەواتە چاوەڕوان بن تاوەکو خۆیان قسەتان لەگەڵ دەکەنەوە، بەڵام دوو شەو و ڕۆژ چاوەڕوان بووین و هیچ دەنگیان نەبوو، دواتر زانیمان قاچاخچییەکان گەنجەکانیان ڕادەستی گرووپێکی مافیا کردووە".

دوای دوو ڕۆژ چاوەڕوانی، پەیوەندییەک بە کەسوکاریانەوە دەکرێت و نهێنییەکە ئاشکرا دەبێت، ئیبراهیم مەولود گوتی: "ڕۆژی 2018/8/29 پەیوەندییەکمان پێوەکرا، یەکێک لە کوڕەکان بوو و گوتی فریامانکەون ئێمە هەر لە ئیستانبوڵین، قاچاخچییەکان ئێمەیان بە گرووپێکی مافیا فرۆشتووە و لە ژوورێکدا زیندانی کراوین و بەردەوام ئەشکەنجەمان دەدەن، لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا هیچ نان و ئاویشمان نەخواردووە".

سەبارەت بە چۆنیەتی ڕزگاربوونیان لەو گرووپە، ئیبراهیم مەولود لە زاری یەکێک لە کوڕەکانەوە دەیگێڕێتەوە: "گەنجەکە گوتی باندەکە بەردەوام ئەشکەنجەیان دەداین بۆ ئەوەی ئێمە وشە نهێنییەکانمان بڵێین و پارەکانمان لێوەربگرن، هەڕەشەیان لێکردین و پێیانگوتین ئەگەر تا ئێوارە وشە نهێنییەکان نەڵێن دەتانکوژین، بۆیە یەکێک لە هاوڕێکانمان کە خەڵکی سلێمانی بوو، بۆ ئەوەی ڕزگارمان ببێ لە نهۆمی پێنجەمی باڵەخانەکەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە، بڕبڕەی پشت و دەست و قاچی شکاوە، ئینجا خەڵک و پۆلیسی ناوچەکە پێیانزانی کە ئێمە لەو باڵەخانەیە دەستبەسەرکراوین، پۆلیس هاتنە ناو باڵەخانەکە و ئێمەیان بە دەست و پێ بەستراوی دۆزییەوە".

سەبارەت بە چارەنووسی باندەکەش، ئەو گەنجە گوتی: "مافیاکان کە تا ئەوکاتەش لەگەڵمان بوون، هەڵاتن و پارە و مۆبایل و پاسپۆرتەکانیشیان بردین. ئەوان بە زۆر ئەو ڤیدیۆیەیان پێ تۆمارکردین، تاوەکو پارەیان بۆ بنێرن و ئێمەش لەناوببەن".

بەپێی زانیارییەکانی کەسوکاری ئەو گەنجانە، ئێستا ئەوان لە بنکەیەکی پۆلیسن لە ئیستانبوڵ و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، بەڵام نەیانتوانیوە پەیوەندییان لەگەڵیان هەبێت، چونکە مۆبایلەکانیان لەلای گرووپە مافیاکەیە.



## عەبادی: بەشێک لە داواکارییەکانی کورد و سوننە قابیلی قبوڵن

**رووداو- بەغدا**

حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە وەڵامی چەند پرسیارێکی رووداو ڕایگەیاند، بەشێک لە داواکارییەکانی کورد و سوننە قابیلی قبوڵن و دەشڵێت "بەهیچ شێوەیەک باسی ئەوەم نەکردووە کە گفتوگۆ لەسەر کەرکووک ناکەین". رۆژی 2-9-2018، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە دیدارێکی هاوبەشی رووداو و چەند دەزگایەکی میدیایدا وەڵامی چەند پرسیارێکی سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق و داواکارییەکانی کورد و سوننە لە پەرلەمانی عێراق دایەوە. حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند: "بەشێک لە داواکارییەکانی کورد و سوننە قابیلی قبوڵن و داواکارییەکانیش دەکەونە دوای پێکهێنانی حکومەت. ئامادەشین گفتوگۆ لەسەر ئیدارەدان، ئەمنییەت و نەوت بکەین".

## باڤڵ تاڵەبانی دووجار لەگەڵی دانیشتووە

# یەکێتی مژاری گەڕانەوەی بەرهەم ساڵح دەباتە کۆنگرە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو - سلێمانی**

هێشتا یەکێتی نایەوێ دەستبەرداری یەکێک لە سەرکردەکانی پێشووی بێت. هەرچەندە گفتوگۆکانی چەند رۆژی رابردووی باڤڵ تاڵەبانی لەگەڵی ئەنجامی نەبووە، بەڵام هیچ لایەکیان بە تەواوی بێهیوا نەبوون. بەرپرسێکی یەکێتی دەڵێ ئەگەر تا پێش هەڵبژاردن لەگەڵ بەرهەم ساڵح پێکنەهاتن، داواکارییەکانی لە کۆنگرەی چوارەمدا تاوتوێ دەکەن.

لە چەند رۆژی رابردوودا باڤڵ تاڵەبانی، کوڕە گەورەی جەلال تاڵەبانی، زیاتر لە جارێک لەگەڵ بەرهەم ساڵح دانیشتووە و پێشنیاری بۆ کردووە بگەڕێتەوە نێو یەکێتی، یان لانیکەم بە بەشداریی لە هەڵبژاردن یەکێتی تووشی سەرئێشەی زۆرتر نەکات، تاوەکو ئەو کاتەی کۆنگرەی چوارەم دەبەستن و لە کۆنگرەدا داخوازییەکانی یەکلایی دەکەنەوە.

### "رێوشوێنی گەڕانەوەی نییە"

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، لەبارەی گەڕانەوەی د.بەرهەم ساڵح بۆ نێو یەکێتی بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە لەناو یەکێتی هەست بەو بۆشاییە زۆرە دەکەین کە د.بەرهەم ساڵح لە دوای خۆی بەجێیهێشتووە. راستە زۆر هەوڵی لەگەڵ درا نەڕوات و بمێنێتەوە، بەڵام ئەو ئەگەر رۆژێک لە رۆژان بەرنامەی گەڕانەوەی هەبووایە، ئەو حیزبە نوێیەی دروستنەدەکرد. ئەو ئێستا بەرنامە و پرۆژە و حیزبی جیاوازی خۆی هەیە و من د.بەرهەم بناسم ناگەڕێتەوە".

بەپێی زانیارییەکانی رووداو کە لەبەرپرسانی یەکێتی وەریگرتووە، بەرهەم ساڵح، گەڕانەوە بۆ ناو یەکێتی بە کێشەی گەورە نازانێ، بەڵام ئەوەی بەلای ئەوەوە کێشەیە "دەبێ دەستکەوتێک لە گەڕانەوەیدا هەبێت و بتوانێ بڵێ من بە گەڕانەوەم ئەو گۆڕانکارییانەم لەنێو یەکێتیدا کردووە". ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە و ئاگاداری وردەکارییەکانە، گوتیشی: "یەکێتی لە هەوڵدایە لەگەڵ دکتۆر بەرهەم ساڵح، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە و هاوپەیمانی هەڵبوەشێنێتەوە".

ئەو سەرچاوەیە گەشبینە بە گەڕانەوەی د.بەرهەم و دەڵێت: "جیاوازیی هەوڵەکانی ئێستای یەکێتی ئەوەیە، ماڵی مام جەلال لەگەڵی لەسەر خەتن و چەند جارێک قسەیان لەگەڵ کردووە، بەڵام کێشەی بەرهەم ساڵح ئەوەیە کە لە رابردووشدا گوتوویەتی ئەو کێشەی لەگەڵ بەڕێوەبردنی یەکێتی هەیە و دەیەوێ جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی، وەک بەرزترین دەسەڵاتی حیزبی، ئاگاداری وردەکاریی داهات و کاروباری سەربازی و رێکخستنی یەکێتی بێت و دەسەڵاتی راستەقینەی هەبێت و هەموو شتەکان لەلایەن ماڵی مام جەلالەوە کۆنترۆڵ نەکرێن و بدرێنە جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی".

گەڕانەوەی بەرهەم ساڵح بۆ ناو یەکێتی، پەیوەست کرابوو بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆماری عێراق، بەڵام ئێوارەی یەکی ئەیلولی 2018، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بە راگەیێندراوێک کۆتایی بەو باس و خواسە هێنا، کاتێک رایگەیاند "دەبێت سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هەڤاڵێکی دانەبڕاوی رێبازەکەی مام جەلال بۆ ئەو پۆستە کاندید بکات".

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیشدا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، بەرهەم ساڵح، لەبارەی پۆستی سەرۆک کۆمارەوە تەنیا گوتی "ئەو پۆستە مافی کوردە و هەرکەسێک لەوێ بێت دەبێت بۆ بەرگریکردن لە مافی کورد بێت نە پشک پشکێنە".

### "وەک هاوپەیمان گفتوگۆی لەگەڵ دەکەین"

سەرکردەکانی یەکێتی لەبارەی ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ بەرهەم ساڵح کراون، زانیاریی جیاواز دەدەن. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی رەتیکردەوە دانوستاندنی یەکگرتنەوە یان گەڕانەوە لەگەڵ بەرهەم ساڵح بکرێ و دەڵێ: "ئەو گفتوگۆیەی یەکێتی لەگەڵ بەرهەم ساڵح هەیەتی، گفتوگۆی یەکگرتنەوە یان گەڕانەوەی ئەو نییە بۆ ناو یەکێتی، بەڵکو گفتوگۆی دروستکردنی هاوپەیمانییە لە پارێزگای سلێمانی".

بەرزان ئەحمەد کوردە، باسی شپرزەبوونی ئەم ناوچەیە دەکات بەهۆی پەرتوبڵاویی هێزە سیاسییەکانی و دەڵێت: "لەم ناوچەیە حیزب و هێزەکان پەرشوبڵاون و ئەمە زیانی زۆری بەم ناوچەیە گەیاندووە، بۆیە گفتوگۆ هەیە بۆ ئەوەی هەموو هێزەکان بەیەکەوە بن و هاوپەیمانی دروستبکەن نەک ئەو بگەڕێتەوە ناو یەکێتی".

ئەندامێکی پێشووی سەرکردایەتی یەکێتی، هەرچەندە د. بەرهەم ساڵح بە "عەقڵێکی ئیداری و سیاسیی باش و گرنگ"، ناودەبات و بەپێویستی دەزانێ لەناو یەکێتی بێت، بەڵام دەڵێت: "ئەو ئێستا زۆر حەزی بەوەیە پۆستێکی گرنگی بەدەستەوە بێت و لەناو کایەی سیاسیدا رۆڵی هەبێت. من لەو بڕوایەدام یەکێتی پۆستی سەرۆک کۆماری بداتێ، هاوپەیمانی چارەسەر دەکات و دەگەڕێتەوە ناو یەکێتی، ئێستا کێشەی بەرهەم ساڵح ئەوەیە کە پۆستێکی هەبێت و رۆڵی پێ ببینێ".

بەرهەم ئەحمەد ساڵح، ساڵی 1960 لە سلێمانی لەدایکبووە. لەسەرەتای هەشتاکاندا بووەتە ئەندام لە رێکخستنەکانی دەرەوەی یەکێتی، دکتۆرای ئامار و پراکتیزەی کۆمپیوتەری لە زانکۆی لیڤەرپووڵ وەرگرتووە. لە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی لەساڵی 1992 بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی. لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی بووە لە ئەمریکا.

ئەستێرەی ئەو پیاوە لەناو یەکێتی و گۆڕەپانی سیاسیدا زوو گەشایەوە، لە دوای رووخانی رژێمی سەددام، بووە جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق. سەرۆکوەزیرانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە بۆ ماوەی دوو ساڵ. لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لە 2010 لەلایەن تاڵەبانییەوە وەک جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی دەستنیشان کرا. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا لە سیاسەتی حیزبەکەی نیگەران بوو، خۆی کەنارگیر کرد و دواتر (هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری) دروست کرد.

عوسمان گوڵپی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی هاوپەیمانی، پێیوایە ئەوەی لەبارەی گەڕانەوەی بەرهەم ساڵح باس دەکرێ، تەنیا پروپاگەندەیە و گفتوگۆی بەرهەم ساڵح لەگەڵ یەکێتی تەنیا لە چوارچێوەی دیالۆگی نیشتمانییە کە چوار حیزبەکە بڕیاریان لەبارەوە داوە "نەک گفتوگۆی گەڕانەوە بۆ نێو یەکێتی".

ئەندامەکەی سەرکردایەتی یەکێتیش کە ئاگاداری وردەکارییەکانی گفتوگۆیە لەگەڵ بەرهەم ساڵح، بە دووری دەزانێ لەو نزیکانەدا بڕیاری گەڕانەوە بۆ نێو یەکێتی بدات یان ئاماژەیەکی لەو جۆرە بدات " پێویستە چاوەڕێ بکات کە ئاخۆ یەکێتی مەرجەکانی جێبەجێ دەکات یان نا، چونکە ئەو ناوێرێ پێشوەختە بڕیاری هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانی بدات". گوتیشی: "بەرهەم ساڵح لە گفتوگۆکانی لەگەڵ یەکێتی، باسی لەوە کردووە کە ئەو هێشتا لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی چوار حیزبەکە کاردەکات و بەرهەم ساڵح و یەکگرتووی ئیسلامی نەرمن بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکێتی و پارتی هاوپەیمانی بکەن و پێکەوە بچنە بەغدا و یەک بەرنامەی هاوبەش بنووسنەوە، بەڵام کۆمەڵی ئیسلامی و گۆڕان توندن".

ئەو گوتیشی کە ئەگەر تا بەر لە هەڵبژاردن مەسەلەی گەڕانەوەی بەرهەم ساڵح یەکلایی نەبووەوە، ئەوە دەبێ لە کۆنگرەی یەکێتیدا بابەتی گەڕانەوەی یەکلایی بکرێتەوە.



لە چەند رۆژی رابردوودا باڤڵ تاڵەبانی، کوڕە گەورەی جەلال تاڵەبانی، زیاتر لە جارێک لەگەڵ بەرهەم ساڵح دانیشتووە

# کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی، گۆڕانی کردووەتە دوو بەرە

> **لە میدیاکانەوە زانیومە گۆڕان و پارتی کۆدەبنەوە**
> ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان

> **داوای کۆبوونەوەمان لە گۆڕان کردووە، بەڵام وەڵامیان نەداوەتەوە**
> عارف تەیفوور



گۆڕان نایەوێت بە کۆبوونەوەی لەگەڵ پارتی، رووبەڕووی رەخنەو نارەزایی نێوخۆیی ببێتەوە

(فۆتۆ: رووداو)

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

ماوەی چەند رۆژێکە پارتی دیموکراتی کوردستان، چاوەڕێی بزووتنەوەی گۆڕانە بۆ ئەوەی سەردانی سلێمانی بکات و کۆبوونەوە دوو قۆڵییە چاوەڕوانکراوەکەیان بکەن، بەرپرسانی پارتی دەڵێن تاوەکو ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان وەڵامی نەداوینەتەوە.

دوای ئەوەی چوار لایەنە ناڕازییەکە لە رۆژی 11ی مانگی رابردوو، لەڕێگای راگەیێندراوێکی هاوبەشەوە ئامادەیی خۆیان بۆ دەستپێکردنی دیالۆگی نیشتمانی دەربڕی، پارتی و یەکێتی پێشوازییان لەو راگەیەندراوە کرد و بە سەرەتایەکی ئەرێنی لەقەڵەمیان دا، هەر دوای ئەوەی بڕیاریان دا لەگەڵ یەکێتی بەجیا سەردانی چوار لایەنەکە بکەن بەمەبەستی گفتوگۆکردن لە بارەی شێوازی خۆئامادەکردنی کورد بۆ دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یەکێتی بە داوای لێبووردن لە گۆڕان و سەردانی گردی زەرگەتە، یەکەم جوڵەی خۆی دەستپێکرد، بەڵام کاردانەوەی نێوخۆیی بزووتنەوەی گۆڕانی لێکەوتەوە.

لەکاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیی هاوبەش لەگەڵ بەرهەم ساڵح، نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند کە بەهۆی ئەوەی هێشتا بزووتنەوەی گۆڕان وەڵامیان نەداونەتەوە، سەردانی پارتی بۆ لای ئەوان دواکەوتووە. نێچیرڤان بارزانی، گوتی: "چاوەڕێی وەڵامی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین".

(رووداو) پەیوەندی بە ژمارەیەک لە ئەندامانی خانەی راپەڕاندن و جڤاتی نیشتمانی و جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕانەوە کرد، بەشێکیان رەتیانکردەوە لەوبارەیەوە قسە بکەن و بەشێکیشیان بێئاگایی خۆیان دەربڕی. بەڵام ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، کاتێک پارتی بزووتنەوەی گۆڕانی ئاگادارکردەوە بۆ ئەوەی سەردانی گۆڕان بکەن "بەشێک لە خانەی راپەڕاندن و جڤاتی نیشتمانی بە ئەرێنی وەریانگرت و پێیانخۆش بوو، بەڵام بەشێک لە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکە پێیان باش نەبوو، هەرچەندە یەکێتیش لە کۆبوونەوەیان لەگەڵ گۆڕان، باسی ئەوەیان کردبوو کە پارتی دەیەوێ سەردانی گۆڕان بکات".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت پارتی دەیویست دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنەکان و بزووتنەوەی گۆڕان، کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان هەموو پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەولێر رێکبخرێت "گۆڕان بەشداریی ئەو کۆبوونەوە هاوبەشە دەکات و پێدەچێ گۆڕان و پارتی لەو کۆبوونەوە هاوبەشەدا قسەی خۆیان بکەن".

کۆبوونەوەی یەکێتی و گۆڕان، کاردانەوەی توندی نێوخۆیی بەدوای خۆیدا هێنا. بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی کەی ئێن ئێنی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕان لە وتارێکدا رەخنەی لە خانەی راپەڕاندن و رێکخەری گشتی گرت و پێیوابوو مانای نییە کە هێشتا سکاڵاکانی گۆڕان لەسەر یەکێتی بە بارێکدا نەکەوتوون، ئەوان لەگەڵ یەکێتی کۆدەبنەوە. دواتر ژمارەیەک بەرپرس و هەڵسوڕاوی دیکەی بزووتنەوەکەش ئەو کۆبوونەوەیەیان سەرزەنشت کرد.

عارف تەیفوور، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند "پارتی، بزووتنەوەی گۆڕانی ئاگادار کردووە بۆ ئەوەی سەردانیان بکەین و کۆببینەوە لەبارەی چۆنێتی دروستکردنی کارنامەی هاوبەش و پێکهێنانی یەک شاندی کوردستانی و رێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامیان نییە".

ناوبراو هەروەها دەڵێ "ئێمە وەک بەڵێنمان دابوو سەردانی لایەنەکان بکەین، سەردانی یەکگرتوو و هاوپەیمانی و کۆمەڵی ئیسلامیمان کردووە و ماوەتەوە گۆڕان، ئەوان هێشتا هیچیان نەگوتووە و ئێمەش چاوەڕێ دەکەین، باسی ئەوەش کراوە کە دوای ئەو کۆبوونەوە دوو قۆڵییانە، کۆبوونەوەی فراوانی لایەنەکان دەکرێ، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین جارێ کۆبوونەوەکەی گۆڕان و پارتی بکرێ، دواتر ئەو کۆبوونەوە بەرفراوانە بکرێ".

پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەرەتای پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە دۆخێکی باشدابوو، بەڵام بەهۆی ناکۆکییان لە شێوازی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و دواتریش رێگری لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن پارتییەوە کە تۆمەتباریان کرد بەوەی رێککەوتنی سیاسی نێوانیانی پێشێل کردووە، پەیوەندییەکان گەیشتنە ئاستێکی خراپ. لەو کاتەوە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو لایەنە ئاسایی نەبووەتەوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە ئاگاداری وردەکاریی کۆبوونەوەکانی یەکێتییە لەگەڵ گۆڕان و سێ لایەنەکەی دیکە، دەڵێ: "هاوپەیمانی و یەکگرتووی ئیسلامی، گرفتیان نییە لە کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی و یەکێتی و دروستکردنی یەک شاندی کوردستانی و تەنانەت دانانی بەرنامەیەکی هاوبەشیش بۆ بەغدا، بەڵام گۆڕان توندە لەو بارەیەوە و کۆمەڵیش لەسەرەتاوە توند بوو، بەڵام ئێستا نەرمتر قسە دەکات".

نزار مەحموود، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، بەهەمانشێوەی بەرپرسانی دیکەی بزووتنەوەکەی بێئاگایی خۆی نیشاندا لەوەی پارتی داوای کۆبوونەوەی لە گۆڕان کردبێت و بە (رووداو)ی گوت "بابەتی کۆبوونەوەی گۆڕان و پارتیم لە میدیاکانەوە زانیوە، هیچ شتێکی دیاریکراو لەوبارەیەوە لە نێوان گۆڕان و پارتی نییە. هێشتاش روون نییە کۆبوونەوە دەکرێ یان نا".

گوتیشی: "بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی هیچ شتێکیان لەگەڵ ئێمە باس نەکردووە".

بەرپرسێکی چوار حیزبە ناڕازییەکە بە (رووداو)ی راگەیاند کە لە کۆبوونەوە هاوبەشەکانیان کاتێک باسی دەستپێکردنی دیالۆگی نیشتمانییان کردووە، هیچکام لەو چوار لایەنە کێشەیان نەبووە "هیچکام لە چوار حیزبەکە لەو کۆبوونەوانەدا نەیانگوت نامانەوێ لەگەڵ پارتی و یەکێتی کۆببینەوە".

هەروەها گوتیشی: "پێدەچێ بزووتنەوەی گۆڕان بیەوێ کاتێک ئەو کۆبوونەوەیە بکرێ کە رەخنە و ناڕەزایی نێوخۆیی بەدوادا نەیەت".



## ئەمریکا فایلی دانپێدانانەکانی بڵاودەکاتەوە

# خەزعەلی لاپەڕە ڕەشەکانی ئێران و موقتەدا سەدر هەڵدەداتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

پاش زیاتر لە 10 ساڵ، فەرماندەی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا فایلەکانی لێپێچینەوە لە سەرکردەیەکی میلیشیایی و سیاسیی عێراقیان بڵاوکردەوە. ئەو دۆکیۆمێنتانە زانیاریی نوێ لەسەر سەرکردەکە و ڕۆڵی ئێران لە مەشق و پێگەیاندنی گروپە چەکدارە شیعەکانی عێراقدا ئاشکرا دەکات، هەروەها ئەوەی کە چۆن ئێران لە 2003 بەدواوە هەوڵی دروستکردن و بەهێزکردنی ئەو هێزە میلیشیایانەی داوە کە ئێستا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە کایە و پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە.

فایلەکانی لێپێچینەوە لە قەیس خەزعەلی، سەرکردەی عەسایبی ئەهلی حەق و فەرماندەی پێشووی جەیشی مەهدی، چەند مانگێک لەمەوبەر مۆڵەتی بڵاوکردنەوەیان وەرگرت، ئاشکراکردنی ئەو فایلانەش لەکاتێکدایە کە عەسایب ئەکتەرێکی سەرەکیی نێو هەوڵ و مشتومڕەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراقە و لەلایەکی دیکەشەوە ئیدارەی کۆشکی سپی و کۆنگرێس سەرقاڵی تاوتوێکردنی ئەوەن ئاخۆ ئەو گروپە بخەنە لیستی تیرۆرەوە یان نا. (ڕووداو) چاوی بە بەشێک لەو فایلانەدا خشاندووەتەوە کە لێرەدا پوختەیەکیان دەخەینەڕوو.

بەگوێرەی بەڵگەکانی ڕۆژانی 23 و 25ی ئاداری 2007، خەزعەلی لەگەڵ موقتەدا سەدر و ژمارەیەک کاربەدەستی دیکەی ڕەوتی سەدر لە حوزەیرانی 2003 سەردانی ئێرانیان کردووە. سەردانەکە لەسەر بانگهێشتی حکومەتی ئێران و ئامانجیش لێی "ئاشنابوون بە جەیشی مەهدی و نووسینگەی شەهید سەدر" بووە. قاسم سلێمانی میوانداریی شاندەکەی کردووە.

شاندەکە دانیشتنی تایبەتیان لەگەڵ ڕەفسەنجانی و مەحموود هاشمی هەبووە کە تێیدا باسی عێراق، نەجەف و پرسەکانی شیعە کراوە. ئەو کۆبوونەوەیە تەنیا لەبارەی بابەتە گشتییەکانەوە بووە و هیچ پێشنیازێکی هاوکاری دارایی و سەربازی تێدا نەکرابوو.

دوای ئەم کۆبوونەوەیە، شاندەکە چاویان بە عەلی خامنەیی، ڕابەری ئێران و قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودس و ژەنەراڵ حاجی یوسفی کەوتبوو کە تێیدا لایەنی ئێرانی ئامادەیی

> **ئێران مەشقی بە هەموو گرووپە چەکدارەکانی ناو عێراق کردووە، بە ئەلقاعیدەشەوە**
>
> قەیس خەزعەلی

دەربڕیبوو بۆ ئەوەی هاریکاریی دارایی پێشکەش بە "ئۆپەراسیۆنەکان"ی جەیشی مەهدی و سەدرییەکان بکات و وەک خەزعەلی بۆ ئەمریکییەکانی باسکردووە "لەوکاتەدا موقتەدا سەدر نە پێشنیازەکەی قەبووڵ کرد و نە ڕەتیشی کردەوە".

خەزعەلی، تەمەن 44 ساڵ، دانی بەوەدا ناوە کە دوای گەڕانەوەیان لە ئێران، سوپای پاسداران پێشنیازی هاوکاریی مانگانەی 750 هەزار بۆ یەک ملیۆن دۆلاریان بە سەدر کرد، بەڵام سەدر زۆر پەرۆشی سەربەخۆیی و سەروەریی سوپای مەهدی بوو، بۆیەش کۆمەڵێک داواکاری و مەرجی خستبووەڕوو، لەوانەش ئێران هیچ نفووزێکی بەسەر ئۆپەراسیۆنەکانی جەیشی مەهدی و چۆنێتی خەرجکردنی پارەکەوە نابێ. ئێران بە مەرجەکان قایل بوو. پارەکە لە ڕێگەی نووسینگەکانی گواستنەوە و گۆڕینەوەی پارەوە ڕەوانە دەکرا. فەرماندەکەی عەسایب دانی بەوەشدا ناوە کە جارێک 2-3 ملیۆن دۆلار بۆ پێویستییە تایبەتەکانی جەیشی مەهدی ڕەوانە کرابوو.



خەزعەلی گروپێکی تایبەتی لەناو "گروپە تایبەتەکان"ی سەر بە سەدردا دروستکردبوو

بەپێی بەڵگەنامەیەکی 29ی ئادار، قەیس خەزعەلی 5 بۆ 6 جاری دیکە سەردانی ئێرانی کردبوو، زۆربەی جارانیش چاوی بە حاجی یوسفی دەکەوت کە لە کۆتایی 2003 یان سەرەتای 2004 سەردانی نەجەفی کردبوو بۆ ئەوەی شێوازی گواستنەوەی هاریکارییە داراییەکان تاوتوێ بکەن.

### قاچاخی چەک

لە بەڵگەنامەیەکی لێپێچینەوەی 29ی ئاداری 2007دا خەزعەلی باسی چۆنێتی گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی لە ئێرانەوە بۆ گروپە میلیشیاییەکان دەکات. چەکەکان بە خۆڕایی دەنێردران و هەر فەرماندەیەک خۆی بەرپرس بوو لەوەی داوای ئەو چەکانە بکات کە گروپەکەی پێویستی پێیە، بەڵام "بە دەگمەن چەکەکان ئەو چەکانە بوون کە داوایان کردبوو، چونکە ئێران خۆی بڕیاردەر بوو لەوەی چ چەکێک بنێرێ".

لە دۆکیۆمێنتێکی 30ی ئاداری لێپێچینەوەکاندا باس لەوە دەکرێ کە بۆمبە چێنراوەکان بەشێوەیەکی سەرەکی بە زۆنگاوەکانی پارێزگای میساندا دەگوازرانەوە. عەشیرەتەکانی ئەو ناوچەیەش ئەرکی گواستنەوەکەیان دەگرتە ئەستۆ، لەبەر ئەوەی ئەمە تاکە ڕێگەی پەیداکردنی داهاتی ئەو عەشیرەتانە بووە. لەو دۆکیۆمێنتەدا، خەزعەلی دانی بەوەدا ناوە کە جۆرە ئاڵۆز و پێشکەوتووەکانی بۆمبی چێنراو و ڕاهێنانە پەیوەندیدارەکانیان تەنیا پێشکەش بەو میلیشیایانە دەکرا کە جێی متمانەی ئێران بوون. زۆرجاریش عەشیرەتەکان چەکەکانیان لە ئێران دەکڕییەوە و دواتر لە شارەکانی باشووری عێراق بە گروپە میلیشیاییەکانیان دەفرۆشتن، یان ڕۆڵی لۆجیستیکیان دەگێڕا و لەبەرامبەر پارەیەکدا چەکەکانیان بۆ گروپێکی دیاریکراو دەبرد.

سوپای مەهدی و گروپە تایبەتەکان (کە بە دەستپێشخەریی سەدر دروستکرابوون) ژمارەیەکی "سنووردار" لەو بۆمبەیان وەرگرتبوو، بەڵام زۆربەی ئەو جۆرە بۆمبانە بۆ ئەو گروپانە دەچوون کە لە بەڵگەنامەکەدا بە "گروپەکانی خومەینی" (واتە نزیک لە ئێران) ناویان دەبردرێ.

### مەشق و ڕاهێنان لە ئێران

لە بەڵگەنامەیەکی دانپێدانی خەزعەلیدا باسی کەمپەکانی مەشقی گروپە چەکدارە شیعەکانی عێراق لە ئێران دەکرێ. بەڵگەنامەکە ڕێککەوتی 26ی ئاداری لەسەرە و تێیدا هاتووە کە فەرماندەی گروپە میلیشیاییەکە پەیوەندی بە فەرماندە ئێرانییەکەی خۆیەوە دەکات، ئەویش کات و خاڵی سنووری پەڕینەوەی چەکدارەکان و شێوازی گواستنەوەی هەرکام لە گروپەکان دەستنیشان دەکات کە زۆربەی جاران لە 10 بۆ 20 چەکدار پێکدەهات.

بەگوێرەی بەڵگەنامەکە، سێ کەمپی ڕاهێنانی چەکدارە عێراقییەکان لە ئێران هەبووە و پێنج فەرماندەی سوپای پاسداران سەرپەرشتی کەمپەکان و مەشقەکانیان دەکرد. خەزعەلی تەنیا ناوی دوو فەرماندەی لەبیرە کە لە بەڵگەنامەکەدا ڕەشکراونەتەوە، تەنیا ناوی یەک کەمپی مەشقیشی لەبیر مابوو کە ناوی "کەمپی ئیمام خومەینی" بووە.

لە بەڵگەنامەیەکی 25ی ئاداردا خەزعەلی جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو ئەو گروپانەی لە عێراق شەڕ دەکەن، مەشق و ڕاهێنانیان لە ئێران وەرگرتووە، بە ئەلقاعیدەشەوە.

### کۆمپانیاکانی ڕەوتی سەدر

لە یەکێک لە بەڵگەنامەکاندا، کە بەرواری یەکی نیسانی 2007ی لەسەرە، خەزعەلی باسی لیژنەی دارایی ڕەوتی سەدر دەکات کە ژمارەیەک زۆر کۆمپانیا و بەرژەوەندیی دارایی لە عێراق هەیە. ئەو کۆمپانیایانە لەگەڵ ژمارەیەک ڕێکخراودا گرێبەستیان هەیە و تەنانەت لە ڕێگەی وەزارەتەکانیشەوە گرێبەست لە حکومەت وەردەگرن. خەزعەلی ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ئەو پارەیەی لەو ڕێگەیەوە دەست نووسینگەی سەدر دەکەوت زۆر لەوە زیاتر بووە بتوانن مەزەندەی بکەن.

وەک لە بەڵگەنامەیەکی 25ی ئاداری 2007دا هاتووە، کاتێک ڕەوتی سەدر لەدوای هەڵبژاردنەکانی 2005 پۆستی وەزارییان لە حکومەتی عێراقدا بەرکەوت، دەسەڵاتی خۆیان لەو وەزارەتانە بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی گرێبەست و تەندەرەکان بۆ کەسانی سەر بە ڕەوتی سەدر بن، تەنانەت ئەگەر ئەو گرێبەستە قازانجی بۆ وەزارەتەکەش تێدا نەبووبێ. خەزعەلی پێیوایە بەشێک لە قازانجی ئەو گرێبەستانە بۆ سندوقەکانی ئۆفیسی سەدر لە نەجەف دەگوازرانەوە.

خەزعەلی لە ساڵی 2004 بە کردەوە لە جەیشی مەهدی دوورخرایەوە، لەبەر ئەوەی فەرمانی تاکڕەوانەی دەرکردبوو، گروپێکی تایبەت بە خۆیشی لەناو "گروپە تایبەتەکان"ی سەر بە سەدردا دروستکردبوو. خەزعەلی لە ئاداری 2007 دا لە بەسرە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە دەستگیرکرا و نزیکەی سێ ساڵ لە گرتووخانەدا مایەوە.

---

## لە پشتی عەلی نوێژ دەکات و لەگەڵ مەعاویە نان دەخوات

# حاجی فەیاز.. هاوڕێی نیوەی ڕێگا



فەیاز لە دوای عەبادی بەهێزترین کاندیدە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- لەندەن**

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ناکۆکیی نێو ماڵی شیعە بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران قووڵتر دەبێتەوە، دیاریکردنی کەسێکیش بۆ ئەو پۆستە خەریکە لەدەستی عێراقییەکان دەردەچێت، ئێستا قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی ئێران و بڕێت مەکگۆرک نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی داعش، سەرکردایەتی دوو بلۆک دەکەن بۆ پێکهێنانی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانیی عێراق کە 165 پەرلەمانتارە.

### عەبادی یان فەیاز

ئەمریکا هەوڵی دانانەوەی حەیدەر عەبادی دەدات، بەرەی ئێرانیش هەموو هەوڵێک دەدەن کەسایەتییەکی نزیک لە خۆیان و لە هەناوی حەشدی شەعبیدا ئەو پۆستە وەربگرێ. هەفتەی ڕابردوو هاوپەیمانییەکەی عەبادی درزی تێکەوت، کاتێک فالح فەیاز، سەرۆکی بزووتنەوەی عەتا کە خاوەنی 8 کورسییە لە نێو هاوپەیمانیی نەسر، دژی هاوپەیمانیی نێوان سەدر و عەبادی وەستایەوە. هەفتەی ڕابردوو پاش ئەوەی بە فەرمانێکی دیوانی سەرۆکوەزیران، فەیاز لە هەرسێ پۆستەکەی (ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی و سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی) دوورخرایەوە، بزووتنەوەکەی یەکسەر کاردانەوەی نیشاندا و فالح فەیازی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران کاندید کرد.

عەبادی دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران لە ناوەڕاستی 2014 سەرجەم دەستوپێوەندەکانی مالیکی لە جومگە هەستیارەکانی دەوڵەت دوورخستەوە، بەڵام دەستی بۆ پۆستەکەی فەیاز نەبرد، بەڵکو سەرۆکایەتی گەورەترین هێزی سەربازیشی پێدا کە حەشدی شەعبییە، بەڵام خەونی سەرۆکایەتی حکومەت، فەیازی لە هەموو پۆستێک داماڵی.

### بەهێزترین کاندید لەدوای عەبادی

ڕافد جبووری، ڕۆژنامەڤانی ناسراوی عێراقی لەبارەی دوورخستنەوەی فەیاز بە (ڕووداو)ی گوت: "فەیاز لە دوای عەبادی بەهێزترین کاندیدە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران، چونکە پەیوەندی لەگەڵ واشنتن و تارانیش باشە، هیچ بەریەککەوتن و ناکۆکییەکی لەگەڵ کورد و سوننەشدا نەبووە، بۆیە دەیەوێ سوود لە ڤیتۆی ئێران لەسەر عەبادی وەربگرێت".

ئەو ڕۆژنامەڤانە عێراقییە کە ماوەیەک گوتەبێژی عەبادی بوو، پێیوایە سەرۆکوەزیران بەبێ گڵۆپی سەوزی ئەمریکییەکان، فەیازی لانەداوە و دەڵێت: "ڕاستە ئەمریکا کێشەی لەگەڵ فەیاز نییە، بەڵام خەونی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران لەلایەن فەیاز ناکۆکە لەگەڵ پرۆژەی ئەمریکا لە عێراق".

### حاجی فەیاز کێیە؟

فالح فەیسەڵ فەهد فەیاز، 62 ساڵ، لە بنەماڵەیەکی ناسراوی هۆزی ئەلبوو عەمارە، ساڵی 1977 بەشی ئەندازەی کارەبای لە زانکۆی مووسڵ تەواو کردووە. ئەندامی حیزبی دەعوە بووە و لە 1980/12/24 لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکراوە و سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنراوە، بەڵام تەنیا پێنج ساڵ لە زیندان مایەوە و ئازاد کرا.

لە نێوان نازناوی جەنابی ڕاوێژکار و شێخ و مامۆستا، فالح فەیاز حەز دەکات بە "حاجی" بانگ بکرێت، بەپێی قسەی بەرپرسێکی باڵای ئەمنیی عێراق بۆ ڕۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت، فەیاز سێ خەسڵەتی بەهێزی هەیە: (نهێنیگر، عەشیرەت و پیشەییبوون لە کارەکەی) ئەمەش وای لێکردووە لەلای شیعە و سوننە و تاڕادەیەکیش کورد، ئەمریکا و ئێران و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی، قبوڵکراو بێ.

لە ساڵی 2005 فەیاز بووە ئەندامی پەرلەمانی عێراق. ئەگەرچی لەگەڵ جەعفەری ڕەوتی ئیسلاحیان لە حیزبی دەعوە جیاکردەوە، بەڵام فەیاز ڕایەڵە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ مالیکی و حیزبی دایک هێشتەوە، هەر بۆیە لە سەردەمی ویلایەتی مالیکی، پۆستی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی وەرگرت.

### کەس باسی عەبادی ناکات

موسەننا ئەمین، پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی پێیوایە فالح فەیاز خاوەنی کوتلە و پێگەیەکی جەماوەری نییە تا پۆستی سەرۆکوەزیران وەربگرێ و دەڵێت: "باسی تارق نەجم و قاسم ئەعرەجی دەکرێت، باسی عەبادی ناکرێت، ئێمە لەگەڵ سوننەکانیش کۆبووینەوە، باسی عەبادییان نەکرد، بەڵکو باسی نزیکایەتییان لە بەرەی مالیکی دەکرد".

هەر لەوبارەوە عەرەفات کەرەم، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق دەڵێت عەبادی لە لیستی ئەو کەسانەدا نییە کە کاندیدن بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران، "دوای غرووری و ڕشتنی خوێنی پێشمەرگە و بەکارهێنانی هێز لە دژی هەرێمی کوردستان، بڕوا ناکەم سەرکردایەتیی کورد پشتیوانی عەبادی بکات".

سەرۆکی پێشووی فراکسیۆنی پارتی داوا لە حیزبەکەی دەکات ئەگەر ئەمریکاش داوای دانانەوەی عەبادی بکات، نابێ ڕازی بێت و دەڵێ: "گرنگ ئەوەیە عەبادی نەبێتەوە سەرۆکوەزیران و کەسێکی دیکە دابنرێت کە بەڵێنی جێبەجێکردنی داخوازیی کورد بدا".

### فەیاز سوود لە ڤیتۆی کورد وەردەگرێ

ئەگەرچی فەیاز هاوکار و هاوپەیمانێکی گەورەی عەبادی بوو لە هەڵبژاردنی 12ی ئایاردا، کەچی عەبادی بە بیانووی تێکەڵکردنی کاری سیاسی و حیزبی، لەگەڵ کاری ئەمنی، فەیازی دوورخستەوە. بەپێی شرۆڤەکارانی سیاسی، هەوڵەکانی فەیاز بۆ گەیشتن بە پۆستی سەرۆکوەزیران وایکرد هەر سێ پۆستەکەی لە دەست بدات.

ڕافد جبووری پێیوایە کورد ڤیتۆی لەسەر عەبادی هەیە، بەڵام بە ئاشکرا نایڵێن، بە تایبەتی کە عەبادی لەبارەی کەرکووکەوە ئامادە نییە سازش بۆ کورد بکات، بۆیە فالح فەیاز خۆی وەکو شوێنگرەوەی عەبادی دەخاتەڕوو.

لە پرۆفایلی فالح فەیازدا لە ماڵپەڕی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق، لە چوار خاڵدا باسی ڕوانگەی خۆی بۆ مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی عێراق کردووە، لە خاڵی دووەمدا تایفەگەری و ناکۆکیی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان و ناڕوونیی هەندێک ماددەی دەستووری، بە گەورەترین هەڕەشە دەزانێ.

### فەیاز لەگەڵ شیعە، سوننە و کوردە

فەیاز دوای شەڕی داعش، ڕۆڵ و کاریگەری دەرکەوت. بەشێک لە میدیاکانی عێراق پێیانوایە یەکێکە لە پیاوە بەهێزە ئەمنییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام کەم بۆ میدیا قسە دەکات. کەسایەتییەکی نەرمی هەیە، شیعەیەکی نامەزهەبییە، لە پشتی پەردەوە عەرابی شەڕی داعش بووە. کاتێک ئەمریکا فڕۆکەی F16ی ڕادەستی عێراق کرد، فەیاز لە پشتی عەبادی وەستابوو. کاتێک سەرکردە کوژراوەکانی حەشد بە خاک دەسپێردران، فەیاز لە پاڵ مالیکی و عامری بوو. کاتێک سوهەیب ڕاوی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای ئەنبار تاوتوێی دەرکردنی داعشی لە پارێزگاکەی دەکرد، فەیاز لە تەنیشتی دانیشتبوو. کاتێکیش ئامادەکاری بۆ شەڕی مووسڵ دەکرا، فەیاز بەردەوام لە سەری ڕەش و سحێلان بوو بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ مەسعود بارزانی، فەرماندەی گشتی پێشووی هێزی پێشمەرگە. ئەمە جگە لەوەی فالح فەیاز قاچێکی لە دیمەشق بوو لە ئۆفیسەکەی بەشار ئەسەد و قاچێکی دیکەشی لە تاران بوو لای عەلی شەمخانی و عەلی ئەکبەر ویلایەتی.

سەرەڕای پەیوەندییەکی باش لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام فالح فەیاز بە کەسایەتییەکی نزیک لە ئێران دادەنرێت، گەورەترین خزمەتی ئێرانی کرد، کاتێک موجاهیدینی خەلقی لە عێراق دەرکرد.

خاڵێک کە چانسی فەیازی بەهێز کردووە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران، پەیوەندیی عەشیرەتییە لەگەڵ هۆزە شیعەکان و ئەو هۆزە سوننانەی لە پشتێنەی شاری بەغدا تا دیالە و ئەنبار شۆڕبوونەتەوە، ئەمەش پشتیوانێکی گرنگە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران لەلایەن فەیازەوە بەو پێیەی عەرەبی سوننە و کورد لە نێوان عەبادی و فەیاز کەسایەتی دووەم هەڵبژێرن. بەڵام ڕافد جبووری پێیوایە کێشەی گەورەی فالح فەیاز ئەوەیە لەنێو حیزبی دەعوە پێگەی نەبووە و لە ڕیزی سەرکردە باڵاکاندا نەبووە.

بەڵام موسەننا ئەمین ئەوە بە گرفت نازانێت و دەڵێت: "مالیکی و عەبادیش پێشتر پێگەی بەهێزیان لەنێو حیزبی دەعوە نەبوو، بە تایبەتی عەبادی کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگێکی کەمی هێنا، کەچی دواجار بووە سەرۆک وەزیران".

## ڕەوتی حیکمە:

# ئەگەر هەڵبژاردنی کوردستان دوابخرێ بەشداری دەکەین

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەو حیزب و لایەنە عێراقییانەی لە باشووری کوردستان نووسینگەیان کردووەتەوە، وانەیەکی تاڵیان لە هەڵبژاردنی 12ی ئایار وەرگرت، تەنانەت دەنگە دلێرەکەی ڕۆژانی بانگەشەی ئەو هەڵبژاردنەش بە فریایان نەکەوت کە موژدەی باشکردنی مووچە و گوڵڕێژکردنی ڕێگای نێوان هەولێر و بەغدای دەدا بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵک. بەرپرسی نووسینگەی لیستی نەسر لە سلێمانی دەڵێ: "بەڕێز عەبادی پێی باش نەبوو بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەین، چونکە پێیوایە ئەوە پرسێکی نێوخۆیی هەرێمی کوردستانە".

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، بەردەوامە لە ئامادەکارییەکانی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام تۆمارکردنی ناوی کیانە سیاسییەکان و پاڵێوراوەکانیان و دواتریش پەسەندکردنی ناوی پاڵێوراوان کۆتایی هات، بەبێ بەشداریی ئەو لیست و هێزە عێراقییانەی لە کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە باشووری کوردستان ئۆفیسیان کردبووەوە. هەرچەندە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی 12ی ئایاردا دەیانگوت بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش دەکەن.

ئیبراهیم ڕەشید کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا سەرۆکی لیستی نەسر بوو لە سلێمانی، دەڵێ بەهۆی سەرقاڵییان لە بەغدا بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ و ڕێوشوێنەکانی پێکهێنانی گەورەترین هاوپەیمانی و دانوستاندنەکان لەو بارەیەوە، نەیانتوانیوە سەرقاڵی کاری دیکە بن.

ناوبراو باسی هەڵوێستی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و سەرۆکی هاوپەیمانی نەسر دەکات لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە و دەڵێ: "بەڕێز عەبادی پێیوایە پەرلەمانی کوردستان سەر بە هەرێمی کوردستانە و گوتی نامانەوێ دەست وەربدەینە ئەو هەڵبژاردنە و کێشە دروستبکەین، بەپێی ڕێوشوێنە یاساییەکانیش، ئەوە بابەتێکی نێوخۆیی هەرێمی کوردستانە". بەڵام لیستی نەسر، لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا بەشداریی ململانێیەکە دەکات و لە بەغداوە پێیانڕاگەیاندوون کە بۆ ئەو هەڵبژاردنە ئامادەن بەشداریی بکەن "چونکە ئەوە لە سەرتاسەری عێراق دەکرێ و وەک عێراقێکی فیدراڵ بەشداریی تێدا دەکەین".

ئێوارەی 25ی نیسانی 2018 حەیدەر عەبادی بە فڕۆکەیەک لە موسڵەوە گەیشتە شاری سلێمانی و بەشداری لە کردنەوەی نووسینگەی لیستەکەی و کەمپەینی بانگەشەی هەڵبژاردن کرد، دواتریش سەردانی هەولێری کرد. پاڵێوراوانی لیستی نەسر لە سلێمانی، پێیانوابوو لە ڕۆژی دەنگداندا بەرهەمی سەردانەکەی عەبادی دەچننەوە و لانیکەم کورسییەک دەبەنەوە، بەڵام ئەوە ڕوونەدا.

ئیبراهیم ڕەشید دەڵێ: "ئەگەر بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشمان بکردایە، کورسیمان نەدەهێنا و تەنیا 1%ی دەنگەکانمان دەبردەوە". گوتیشی "دوای هەڵبژاردنی 12ی ئایار بەشێک لە پاڵێوراوەکانمان زیدەڕۆییان کرد و گوتیان زیاتر لە 10 هەزار دەنگمان هێناوە، بەڵام بەهۆی ساختەکاری لەدەستمان چووە".

ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی کە عەممار حەکیم، کوڕی عەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکایەتی دەکات، بەهەمانشێوەی لیستەکەی حەیدەرعەبادی بەشداریی هەڵبژاردنەکەیان کرد لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوانیش نائومێد لێی دەرچوون.

شێخ عیسا بەرزنجی، پاڵێوراوی ژمارە یەکی لیستی حیکمەی نیشتمانی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، بەشدارینەکردنیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ "نەبوونی دەرفەت" دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "ئەگەر هەڵبژاردن بۆ ساڵێک دوابخرێ، ئێمە بەشداریی دەکەین".

عیسا بەرزنجی کەمیی ماوەی نێوان هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمان عێراق و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە گرفتی بەردەم هەندێک لەو هێز و لایەنە سیاسییانە دەزانێ کە نەیانتوانیوە تیمی پێویست بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی هەڵبژاردن ئامادە بکەن "هەڵبژاردن پرۆسەیەکی قورسە و تیم و بەرنامە و دیاریکردنی پاڵێوراوی دەوێ و ئێمەش بەوە ڕانەگەیشتین، ئەگینا بەرپرسانی باڵای ڕەوتی حیکمە پێیانخۆش بوو بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە بکەین".




لیستەکەی عەبادی بەنیازە بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستان بکات (فۆتۆ: ڕووداو)

لە بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، عیسا بەرزنجی، بەردەوام دەیگوت لە بەغدا بەتەنیا هێندەی هەموو پەرلەمانتارانی کورد چالاک دەبێت و تەنانەت گەیشتە ئەوەی لە دوا ڕۆژەکانی بانگەشەدا بە بڵاوکردنەوەی کورتە ڤیدیۆیەک بڵێ: "زەماوەند ساز بکەن، سەرکەوتن لە ڕەوتی حیکمەی نیشتمانییەوە بەڕێوەیە"، بەڵام بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کەمتر لە 100 دەنگی هێنابوو.

ئەگەر بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیان بکردایە، بەرزنجی خۆی نەدەپاڵاوت، چونکە وەک خۆی باسی دەکات، ئەوەی لە بەغدا پێیدەکرێ لە کوردستان پێیناکرێ: "من پشتیوانیی سیاسی و مەرجەعی کۆمەڵایەتی بەهێزم لە بەغدا هەیە و دەمتوانی کاری گەورە بکەم، بەڵام لە پەرلەمانی کوردستان هیچم پێناکرێ".

## کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن:

# پۆلیسی هاتوچۆ ناتوانن بەشداری دەنگدانی تایبەت بکەن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی نەناردنی ناوی دەنگدەرانی پۆلیسی هاتوچۆ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان ڕێگەنادات لە ڕۆژی دەنگدانی تایبەتدا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەشداری هەڵبژاردن بکەن.

کاروان جەلال، بەڕێوەبەری گشتیی داتا لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "سێ مانگ پێش ئێستا کۆمیسیۆن داوای لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە و ئاسایش کرد، لیستی ناوی دەنگدەرانی تایبەتمان بۆ بنێرن و دوا وادەش بۆ ناردنی ناوەکان 2018/8/18 بوو، بەڵام لەو وادەیە هەموو لیستەکانیان نەنارد، بۆیە ماوەکەمان بۆ درێژکردنەوە تاوەکو پێش جەژنی قوربان، وەزارەتی پێشمەرگە هەموو ناوەکانی بۆ ناردین، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ لیستی ناوی پۆلیسی هاتوچۆی بۆ نەناردین، بۆیە ناتوانین بیانخەینە ناو لیستی دەنگدەرانی تایبەتەوە و لە ڕۆژی 2018/9/28 لە دەنگدانی تایبەت کە 48 کاتژمێر بەر لە دەنگدانی گشتی بەڕێوەدەچێت، ناتوانن دەنگ بدەن".



74 هەزار ناو لە لیستی دەنگدەرانی تایبەت دەرهێنراون (فۆتۆ: ڕووداو)

کاروان جەلال ڕەتیکردەوە کە پۆلیسی هاتوچۆ لە مافی دەنگدان بێبەش بکرێن و گوتی: "ئێمە ناتوانین ئێستا ناوەکانیان لێوەربگرین، چونکە دەرفەتی جیاکردنەوە و بەراوردکردنی ناوەکان نەماوە و کاتێکی زۆری دەوێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەوان لە دەنگدان بێبەش دەکرێن، هەوڵمانداوە کێشەکە وا چارەسەر بکەین کە ئەوان لە ڕۆژی دەنگدانی گشتی کە 2018/9/30 یە، وەکو هاووڵاتیی ئاسایی بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن و دەنگی خۆیان بدەن".

### 74 هەزار ناو لە لیستەکە دەرهێنراون

جگە لە ناوی دەنگدەرانی پۆلیسی هاتوچۆ کە وەزارەتی ناوخۆ نەیناردووە، نزیکەی 74 هەزار ناوی دیکەش لە لیستی دەنگدەرانی تایبەت دەرهێنراون، بەڕێوەبەری گشتیی داتا لە کۆمیسیۆن دەڵێت: "بەشێوەیەکی گشتی لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە و ئاسایش 248 هەزار ناومان پێگەیشتووە، دوای وردبینی لە ناوەکان 174 هەزار و 56 کەس ناوی هەبووە و فۆرمی خۆراکیان لە هەرێمی کوردستانە، ئەوانە دەتوانن دەنگ بدەن، 73 هەزار و 944 کەس ناوی دووبارە و بێ زانیارییە، لەگەڵ ئەوانەی وەفاتیان کردووە یان ماددەی 140 دەیانگرێتەوە لە لیستەکە دەرهێنراون". کاروان جەلال گوتیشی: "ئەوانەی لە دەنگدانی تایبەتدا لە پارێزگاکان دەتوانن دەنگ بدەن بەمشێوەیەیە 66 هەزار و 623 کەس لە پارێزگای هەولێر، 61 هەزار و 761 کەس لە پارێزگای سلێمانی و 42 هەزار و 455 کەس لە سنووری پارێزگای دهۆک و سێ هەزار و 214 دەنگدەری تایبەتیش لە پارێزگای هەڵەبجە دەتوانن دەنگ بدەن".

### 3 ملیۆن و 85 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەیە

لەبارەی ژمارەی دەنگدەرانی دەنگدانی گشتی و دەنگدانی تایبەتیش کاروان جەلال گوتی "تاوەکو ئێستا ژمارەی دەنگدەرانی گشتی و تایبەت نزیکەی سێ ملیۆن و 85 هەزار دەنگدەرە، کە بڕیارە ڕۆژی 30ی ئەیلولی ئەمساڵ بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەن. لە دەنگدانی تایبەت کە ڕۆژی 28ـی ئەم مانگە بەڕێوەدەچێت، زیاتر لە 174 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەیە و لە دەنگدانی گشتیش کە لە ڕۆژی 30ـی مانگ بەڕێوەدەچێت نزیکەی 2 ملیۆن و 911 هەزار کەس بەشداری دەکەن.

## فەرمانی گرتن بۆ 19 ڕۆژنامەنووس دەرچووە

# کەرکووک دەبێتە دۆزەخ بۆ ڕۆژنامەنووسان

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

لەدوای ڕووداوەکانی 16ـی ئۆکتۆبەرەوە زۆرترین پێشێلکاری لە دژی ڕۆژنامەنووسانی کورد لە کەرکووک و دەوروبەری کراوە و دەیان فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ڕۆژنامەنووسانی دانیشتووی ئەو پارێزگایە دەرچووە.

مەهدی زریان، سکرتێری لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ 16 ڕۆژنامەنووسی کورد لە کەرکووک و دەرچووە و نزیکەی 40 پێشێلکاریش بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان و دەزگا میدیاییە کوردییەکان تۆمارکراون".

بەپێی زانیاریی ڕزگار شوانی، ئەندامی دەستەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقیش، 3 ڕۆژنامەنووسی عەرەب لە کەرکووک بڕیاری دەستگیردنیان هەیە، بەڵام ئەندامی سەندیکا نین، بۆیە شوانی دەڵێت ناتوانن بەرگرییان لێ بکەن.

مەهدی زریان پێیوایە بەیاننامە و سکاڵای ئەوان لەسەر دۆخی ڕۆژنامەنووسان هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و دەڵێت: "دۆخی کەرکووک ئاسایی نییە، ڕاکان سەعیدیش زۆر بە خراپی مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان دەکات، ئەو کە بەرپرسی ئیداریی شارەکەیە وابێت، ئیدی سکاڵا لەلای کێ دەکەی؟ ئەوانەی دیکەش فەرمان هەر لەو وەردەگرن، ئەمە لە دەسەڵاتی سەندیکادا نییە ڕووبەڕووی بێتەوە".

بە گوتەی مەهدی زریان لە کەرکووک پێشێلکارییەکی زۆر بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان دەکرێ و ژیانی هیچ ڕۆژنامەنووسێکیش پارێزراو نییە: "ئێمە بەرپرسیارێتی ژیانی ڕۆژنامەنووسانی کەرکووک دەخەینە ئەستۆی ڕاکان جبووری، پارێزگاری کەرکووک بەوەکالەت، لەکاتێکدا ژیانی یەک ڕۆژنامەنووس لە کەرکووک پارێزراو نییە، لە هەر ساتێکدا دەکرێت بڕفێندرێن و بکوژرێن".

ڕۆژنامەنووسان کەرکووک بە شوێنێکی ئارام نازانن بۆ کارکردن و دەڵێن زۆرجار ناچارن خۆیان بشارنەوە. هێمن دەلۆ کە ڕۆژنامەنووسە و لە کەرکووک کاردەکات، دەڵێت: "ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە کەرکووک کاردەکەن لە چاوقایمی خۆیانە، چونکە کەرکووک شوێنێکی ئارام نییە بۆیان و بەردەوام مەترسیشیان لەسەرە، زۆر جار شەوانە لە ماڵەوە جێگۆڕکێ دەکەین هەر بۆ ئەوەی تووشی کێشە نەبین".

عیماد جەباری، ڕۆژنامەنووسێکی دیکەیە و پێیوایە هیچ کەسێک پشتگیری لە ڕۆژنامەنووسانی کورد لە کەرکووک ناکات "ڕۆژنامەنووسانی کورد لە کەرکووک بێکەس ماونەتەوە، کورد خۆی ناکات بە خاوەنیان، تەنانەت لایەنە کوردییەکان، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و ئەو سەنتەر و ڕێکخراوانەی کە دەڵێن داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان دەکەین، بە چەند وشەیەکیش بەرگرییان لێناکەن. پێم سەیرە بەرگری لە ڕۆژنامەنووسێک دەکەن کە لە بەسرایە، ئەی بۆ بەرگری لە ئێمە ناکەن کە لە کەرکووکین و کوردین".

ڕۆژی 2018/7/3 لە نووسراوێکی نهێنیدا ڕاکان سەعید پارێزگاری بەوەکالەتی کەرکووک داوای لە هێزەکانی دژە تیرۆری عێراق کردبوو کە ئیجرائات بەرامبەر کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس لە کەرکووک بکەن. نووسراوەکە ئەوان بە "ئینفیساڵی" و تەنانەت پەیوەندی لەگەڵ گرووپێکی تیرۆریستی وەکو نەقشبەندی تۆمەتبار دەکات. هێمن دەلۆ کە ناوی لەو لیستەدا هاتووە، دەڵێت: "نووسراوەکە فەرمییە، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە جێی پرسیارە ئەوەیە کە لەناو لیستەکەدا کەسی زۆر نزیکی خۆیانی تێدایە و ئێمە لەوان دەترساین کێشەمان بۆ دروست بکەن".

گوتیشی: "ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و یەکێتی لە کەرکووک، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق و کوردستانمان لە نووسراوەکە ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام بەداخەوە بەسەر هەموو لایەنەکاندا تێپەڕی، ئێمە کونسوڵخانەی ئەمریکا و یوئێنیشمان ئاگادار کردەوە و ئەوان بڕیارەکە بە نامۆ دەزانن و پێیانوایە کە دژی کاری ڕۆژنامەنووسییە".

عیماد جەباری کە ئەویش ناوی لە لیستەکەدا هاتووە، پێیوایە ئەمە هەوڵێکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی نایانەوێت لەژێر چەتری ئەوان و بۆ ئەوان کاربکەن "ڕاکان سەعید هەموو هەوڵەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کەسانەیە کە بێدەنگ نابن و ناچنە ژێر ڕکێفی خۆی، ئەو لە نووسراوەکەدا دەڵێت گوایە من پیاوی ڕژێمی بەعس بووم، بەڵام من لە کاتی پرۆسەی ئازادیی عێراق لە پۆلی یەکی ناوەندی بووم. تۆمەتبارم دەکات کە سەر بە گرووپی نەقشبەندیم، بەڵام من کوڕی بنەماڵەیەکم لە ئەنفال و شەڕی داعشدا 66 کەسمان شەهید بوون".

> ژیانی هیچ ڕۆژنامەنووسێک لە کەرکووک پارێزراو نییە
>
> سەندیکای ڕۆژنامەنووسان:

کوردستانی
ڕووداو
ژمارە ( 519 ) - دووشەممە 2018/9/3



## 125 هەزار ئاوارە گەڕاونەتەوە دووما

**ڕووداو- هەولێر**

دوای تێپەڕینی چەندین هەفتە بەسەر کۆنترۆڵکردنەوەی شاری دووما لە باشووری دیمەشق تاوەکو ئێستا 125 هەزار کەس لە کۆی 300 هەزار ئاوارە گەڕاونەتەوە شارەکەیان. ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردووش شاندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی شارۆچکەکەی کرد و ڕایگەیاند، زۆربەی ئاوارەکان گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان و دەیانەوێ لەنێو داروپەردووی شارەکەیان دەست بە ژیانێکی ئاسایی بکەنەوە. بەهۆی شەڕوپێکدادانە شارۆچکەکە بە تەواوەتی وێران بووە و بەشێکی زۆر لە خانوو و باڵەخانەکان تەختی زەویکراون. دووما نزیکەی چوار ساڵ لە ژێر کۆنترۆڵی گرووپە چەکدارەکاندابووە، لە نیسانی ئەمساڵ لەلایەن سوپای سووریاوە کۆنترۆڵکرایەوە.

# کشانەوەی ئەمریکا، هەسەدە ناچاری ڕێککەوتن لەگەڵ ئەسەد دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

لە سێ ساڵی ڕابردوودا، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) هێزی پیادەی هاوپەیمانان بوون لە شەڕی دژی داعشدا لە سووریا، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی تێکشکانی یەکجاریی داعش، چارەنووسی ئەو هێزانە بە نادیاری ماوەتەوە، بە تایبەتیش لەکاتێکدا کە ئەمریکا بەنیازە هێزەکانی خۆی لە سووریا بکشێنێتەوە. شارەزایەکی ڕۆژئاوایی پێیوایە بۆ تێگەیشتن لە هەوڵەکانی هەسەدە بۆ نزیکبوونەوە لە ڕژێمی ئەسەد، دەبێ سەیری ئەو زەمینە ئاڵۆزە بکرێ کە ئێستا لەئارادایە و ئەو داهاتووەش کە چاوەڕێی ئەو هێزانە دەکات.

### شەڕی ئدلیب و چارەنووسی دانوستاندنەکانی کورد و ئەسەد

ئارۆن ستاین، شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەنجوومەنی ئەتلانتیک، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هێزەکانی سووریای دیموکرات "دەبێ بیر لەوە بکەنەوە چۆن خۆیان بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و سەرکەوتنی بەشار ئەسەد لە شەڕی نێوخۆی سووریا و دوژمنایەتیی بەردەوامی حکومەتی تورکیا ئامادە بکەن". هەرچەندە وەڵامدانەوەی هیچکام لەم سێ پرسیارە ئاسان نییە، بەڵام "هەسەدە بەرژەوەندییەکی زۆری لەوەدایە لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد ڕێککەوتنێکی کاتی بکات".

هێزەکانی سووریای دیموکرات لە 2015 دا لەلایەن پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە)ی نزیک لە پەکەکە و بە پشتیوانیی هێزەکانی ئەمریکا دامەزرا. لەو کاتەشەوە ڕۆڵی سەرەکییان لە ڕزگارکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشدا هەبووە. بەڵام ئەو هێزانە ڕوانگەیەکی جیاواز لە ڕوانگەی ڕژێمی سووریایان بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە هەیە و خەون بە زامنکردنی هەرێمی ئۆتۆنۆمی لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریاوە دەبینن، لە کاتێکدا ئامانجی دیمەشق ئەوەیە دواجار دەست بەسەر هەموو ناوچەکاندا بگرێتەوە.

بەبۆچوونی ستاین، هەسەدە ناتوانێ شەڕی سەربازیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزەکانی سوپای سووریا و هاوپەیمانەکانی (واتە ئێران و ڕووسیا) بکات، بەڵکو ناچارە کەڵک لەو خاڵانە وەربگرێ کە ئێستا بە قازانجی ئەون، ئامادەکارییەکانی ڕژێم بۆ

> بەرژەوەندیی کورد لەوەدایە ڕێککەوتنێکی کاتی لەگەڵ ئەسەد بکات
>
> توێژەرێک لە ئەنجوومەنی ئەتلانتیک

شەڕی ئدلیب یەکێکە لەو خاڵانەی هەسەدە دەتوانێ سوودی لێ وەرگرێ، چونکە ئەم شەڕە کات بۆ ئەو هێزانە دەگەڕێنێتەوە و شەڕەکە دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێنێ کە خۆیان لە بڕیاری بەپەلە بەدوور بگرن و سەرقاڵبوونی ڕژێم بەو شەڕەوە، پێگەی هێزە کوردییەکان لەسەر مێزی دانوستاندن بەهێز دەکات.

ئدلیب دوایین پارێزگایە کە بە تەواوەتی بە دەست هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننەی سووریاوە بێ، تاوەکو ئێستاش بە ڕوونی دیار نییە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی پارێزگاکە کەی دەستپێدەکات و چەند دەخایەنێ، زۆربەی لێکدانەوەکان پێیانوایە شەڕی ئدلیب لە شەڕی پارێزگاکانی دیکەی سوورا قورستر و درێژخایەنتر دەبێ.

ئارۆن ستاین پێشبینی دەکات ڕژێمی سووریا دوای شەڕەکە لاوازتر ببێ، ئەوەش سەنگی کورد لە دانوستاندنەکاندا زیاتر دەکات "بەڵام کاتێک هێزەکانی ئەسەد خۆیان کۆکردەوە، بەرەبەرە دەستی کورد و ئەمریکاش لاواز دەبێ. بۆیە کوردی سووریا دەبێ سوود لە هەموو لاوازییەکی ڕژێم لەدوای شەڕی ئدلیب وەربگرن و هەوڵ بدەن دانوستاندنەکانیان لەگەڵ ئەسەد ئاکامێکی لێ بکەوێتەوە کە بەدڵی خۆیان بێ".

هێزەکانی سووریای دیموکرات و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) هێزێکی کارامەی بەدیسیپلینن. سێ ساڵ شەڕی داعش ئەزموون و وەرەیەکی سەربازیی گەورەی پێ بەخشیون. بەم حاڵەشەوە لێکۆڵەرە ئەمریکییە جەخت دەکاتەوە لەوەی "شەڕی یەپەگە و تورکیا لە عەفرین سەلماندی کە ئەوان (واتە یەپەگە) خۆیان بە تەنیا ناتوانن



شەڕی یەپەگە و تورکیا لە عەفرین سەلماندی یەپەگە بە تەنیا ناتوانێ شکست بە سوپای وڵاتێک بهێنێ

شکست بە سوپای وڵاتێک بهێنن". پەکەکە و یەپەگە لە ڕابردوودا پیشانیانداوە کە دەتوانن بە تەکتیکی شەڕی پارتیزانی زیانی گەورە بە سوپای بەهێزتر بگەیەنن، ڕەنگە هەر ئەمەش مەیلی ئەسەد بۆ هێرش بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە کەم بکاتەوە.

هەر لە سەرەتای قەیرانی سووریاوە، یەپەگە خۆی لە شەڕی دژی هێزەکانی ڕژێم بەدوورگرتووە و لەبری دروشمی "گۆڕینی ڕژێم" پشتگیریيان لە "گۆڕینی سیستەمی سیاسی و ئیداری بۆ نامەرکەزی" کردووە. ئەمەش لەلایەکەوە ڕێگەی بە ئەسەد داوە فۆکەس لەسەر گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکات و هێزە کوردییەکانیش بە داعشەوە خەریک بن. ستاین دەڵێت ئۆپەراسیۆنی ئدلیب ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەسەدە و یەپەگە چیدی ناتوانن یاری بەکات بکەن، "بەڵکو دواجار دەبێ ڕێککەوتنێک (لەگەڵ ڕژێمدا) بکەن".

> هەسەدە چیدی ناتوانێ یاری بە کات بکات و دەبێ لەگەڵ ئەسەد ڕێکبکەوێ

### مەرجە دژبەیەکەکانی کورد و حکومەتی سووریا

ئەوەی تاوەکو ئێستا دیارە، ئەوەیە کە هەردوو لایەنی کورد و دیمەشق بە زۆرترین مەرجەکانی خۆیانەوە دانوستاندن دەکەن، کورد نەک هەر داوای هەرێمی ئۆتۆنۆم بۆ خۆی دەکات، بەڵکو لەسەر ئاستی سەرتاسەریش داوای سووریایەکی نامەرکەزی دەکات کە تێیدا پەرە بە دەسەڵاتی حکومەتە ئۆتۆنۆمە خۆجێییەکان بدرێ، بەڵام کورد لە کۆمەڵێک ئیمتیازاتی ئێستای خۆیشی خۆش بووە، لەوانەش ڕێگە بە حکومەتی ناوەندی دەدات چاودێریی خاڵە سنوورییەکانی سووریا لەگەڵ تورکیا و عێراق بکات.

بەڵام پڕۆژەی ڕژێم بۆ داهاتووی سیاسی و ئیداریی سووریا ڕێک پێچەوانەی داواکەی لایەنی کوردییە. دیمەشق داوا دەکات ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکان بە تەواوەتی بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی و هێزە چەکدارەکانیشیان هەڵبوەشێنرێنەوە یان بخرێنە ژێر چەتری هێزە سەربازییەکانی حکومەتی سووریا. ئارۆن ستاین بەدووری نازانێ حکومەتی سووریا کۆمەڵێک مافی کولتووری، لەوانەش بەکارهێنانی زمانی کوردی، بە کورد بدات.

هەسەدە و یەپەگە تاوەکو ئێستاش بە نیگەرانییەوە لە سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا دەڕوانن، کە تاوەکو ئێستا بەڕوونی دیار نییە چی دەکەن. ئیدارەی واشنتن لەلایەکەوە مانەوەی هێزەکانی خۆیان بە تێکشکاندنی یەکجاریی داعش و ڕێگری لە فراوانخوازییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە گرێ دەدەن، لەلایەکی دیکەشەوە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، تاوناتاوێک باسی "کشانەوەی خێرا"ی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا دەکات. لێکۆڵەرەکەی ئەنجوومەنی ئەتلانتیک جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو نادڵنیاییەی لە سیاسەتی ئەمریکادا بەدی دەکرێ، دەستی کورد لە دانوستاندنەکانی لەگەڵ ڕژێم لاواز دەکات.

> ڕووسیا دەتوانێ گرێکوێرەی نێوان کورد و ئەسەد بکاتەوە

### ڕووسیا

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، ڕووسیا هێزی یەکەمی ناو شەڕی نێوخۆی سووریا بووە کە زۆربەی شەڕەکانی بۆ ڕژێم یەکلاکردووەتەوە، ڕێگەی لە دەستتێوەردانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و کەنداو لە شەڕەکە گرتووە و خۆی کردووە بە نێوبژیوانی سەرەکیی چارەسەری قەیرانی سووریا. لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە بەدووری نازانێ ئەمجارەش هەر ڕووسیا بتوانێ "گرێکوێرە"ی نێوان کورد و دیمەشق بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ڕووسیا (بە پێچەوانەی ئەمریکا) پەیوەندیی باشی لەگەڵ هەردوو لایەنی کێشەکەدا هەیە.

ئارۆن ستاین کە ساڵانێکە چاودێری دۆخی سووریا دەکات، پێیوایە بەرژەوەندییەکانی واشنتن و مۆسکۆ دەشێ لەبارەی چارەنووسی هەسەدە و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی یەک بگرنەوە. لەو سیناریۆیەدا ئەمریکا قایل دەبێ بەوەی هێزەکانی لە سووریا بکشێنێتەوە و لە بەرامبەردا "داوای گەرەنتیی ئەمنی بۆ کوردی سووریا بکات، ڕووسیاش دەتوانێ سووریای عەمیلی خۆی بەو داوایە ڕازی بکات".

## د. ڤادیم ماکارینکۆ، پرۆفیسۆر لە زانکۆی مۆسکۆ بۆ (ڕووداو):

# کورد دەبێ ڕێگەی شام بگرنەوەبەر و دانوستاندن لەگەڵ ئەسەد بکەن

**دلبخوین دارا**
**ڕووداو- هەولێر**

تەمەنی قەیرانی سووریا لە هەشت ساڵ نزیک دەبێتەوە، بەڵام هێشتا ئاسۆیەکی ڕوون بەدی ناکرێ بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە، د. ڤادیم ماکارینکۆ، پرۆفیسۆر لە زانکۆی مۆسکۆ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ڕێگەی هەرە باش و مەنتیقی بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا دەکات.

د. ڤادیم پێیوایە هۆکاری درێژەکێشانی قەیرانی سووریا ئەوەیە کە "وڵاتانی زلهێز بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، واتە لە ڕێگەی وەکیلەکانیان هاتوونەتە

> ئەمریکا دەیتوانی ڕێگە لە کەوتنی عەفرین بگرێ

نێو قەیرانەکە، بۆیە پەلەیان نییە لە چارەسەرکردنی".

لە شەڕی حەوت ساڵەی سووریادا نزیکەی 500 هەزار کەس بوونەتە قوربانی، بەڵام شەڕەکە هێشتا بەردەوامە، پێشبینی دەکرێ بەهۆی شەڕی ڕژێمی سووریا و ئۆپۆزیسیۆن لە ئیدلیبەوە کە مەزەندە دەکرێ 60 هەزار چەکداری ئۆپۆزیسیۆنی تێدابێ، ژمارەی قوربانیانی شەڕ زۆر بەرزتربێتەوە.

ڕژێمی سووریا لە لێواری مەرگدابوو، کاتێک لە 2015 ڕووسیا فریای کەوت، هەر بەهۆی هێرشی ئاسمانی فڕۆکەکانی ڕووسیا و هەروەها میلیشیاکانی سەر بە ئێرانەوە، توانی زۆربەی خاکەکەی لە گرووپە توندڕەوەکان، لەوانەش داعش، وەربگرێتەوە.

د. ڤادیم ماکارینکۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕووسیا دەیەوێت ئەو قەیرانەی ئێستا لە سووریا هەیە، کۆتایی پێ بهێنێ، لەمەشدا چەند ئامانجێکی هەیە، یەکەم: "بەلای ڕووسیاوە، سووریا بناغەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و نایەوێ ئەو بناغەیە تێکبچێ". ئامانجی دووەمی ڕووسیا وەک ڤادیم ئاماژەی بۆ دەکات



ئەوەیە کە "بە هەموو جیهان بڵێت وەکو پێشتر هێشتا وڵاتێکی زلهێزە، کە هیچ کەس ناتوانێت بەبێ ئەو کێشەکان چارەسەر بکات، بۆ هەموو جیهانیشی نیشاندا کە ئەو خاوەنی هەموو دەرفەتێکە بۆ ئەوەی بتوانێت قەیرانی سووریا چارەسەر بکات".

د. ڤادیم پێیوایە هەڵەی لایەنەکانی دیکە، لەوانەش ئەمریکا، ئەوە بوو کە دەیانویست ئەسەد لە کورسی دەسەڵات دووربخەنەوە، بەبڕوای ئەو، ئەگەر ئەمە ڕوویدابایە، ئێستا لە سووریا داعش دەسەڵاتدار دەبوو.

> ئەگەر ئەسەد ڕۆیشتبا ئێستا داعش دەسەڵاتدار بوو

سەبارەت بە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵات د. ڤادیم دەڵێت "ڕووسیا وای نابینێت کەوتنی بەشار ئەسەد هەنگاوێکی باش بێت بۆ سووریا. ڕووسیا لە دژی گۆڕینی ڕژێم نییە، ڕووسیا بە مافی خۆی دەزانێت چونکە یەکەم وڵات بوو کەوا بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن حکومەتی یاسایی سووریاوە میوانداری کرا".

لە قەیرانی سووریادا ڕووسیا لەگەڵ ئێران و تورکیایە، چونکە قەیرانی سووریا ڕووسیا و ئێران و تورکیای لە یەکدی نزیک کردەوە، هەندێک لە شرۆڤەکاران ئەم نزیکبوونەوەیە بە تەکتیک و هەندێکیشیان بە ستراتیژی دەزانن. بەڵام د. ڤادیم دەڵێت: "لێرەدا هەردوو بابەتەکە هەن، چونکە ڕووسیا نەیدەتوانی بچێتە نێو خاکی سووریاوە ئەگەر هێزەکانی ئێران و تورکیای لەبەرچاونەگرتایە، چونکە لایەنی جوگرافیاکەی وەهایە بۆ ئەوەی سەربازەکانمان بتوانن بچنە نێو خاکی سووریاوە، یان دەبوو لەڕێگەی خاکی ئێران و عێراق، یان لە ڕێگەی تورکیاوە خۆیان بگەیەننە سووریا".

قەیرانی سووریا لەنێو زلهێزاندا خەریکە لە بەرژەوەندیی ڕووسیا یەکلادەبێتەوە، هەرچەندە دۆناڵد ترەمپ چەند جارێک ڕایگەیاندووە کە هێزەکانیان لە سووریا دەکشێننەوە، بەڵام بەرپرسانی ئەمریکا دەڵێن تا میلیشیاکانی ئێران لە سووریا بمێننەوە، مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لە سووریا درێژە دەکێشێ.

لە ماوەی ڕابردوودا وەزیری دەرەوەی ڕووسیا گوتبووی پێویستە ئەمریکا لە سووریا بچێتە دەرەوە. ئەمریکاش دەڵێت تاوەکو ئێران و تیرۆر لە سووریا نەچنە دەرەوە ئێمەش لە سووریا ناچینە دەرەوە.

سەبارەت بە هەڵوێستی ڕووسیا لەبارەی مانەوەی هێزەکانی سەر بە ئێران، د. ڤادیم دەڵێت: "هۆی ئەوەی ئێران لە سووریایە پەیوەندی بە دۆخی حکومەتی بەشار ئەسەدەوە هەیە، ڕووسیا وای دەبینێت، هەرکات دۆخی سووریا ئاسایی بووەوە، با هێزەکانی ئێران لەنێو خاکی سووریا بچنە دەرەوە".

داواکاریی ڕووسیا بۆچوونە دەرەوەی هێزەکانی ئێران لە سووریا لە کاتێکدایە کە تورکیاش لە سووریا هێزی هەیە و تەنانەت ناوچەیەکی ستراتیژی

> ڕووسیا نەیدەتوانی ڕێگە لە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین بگرێ

وەکو عەفرینی داگیرکردووە، کوردیش ڕووسیا بەوە تۆمەتبار دەکات کە پشتی تێکرد و عەفرینی فرۆشت.

بەڵام د. ڤادیم ڕەتیدەکاتەوە کە ڕووسیا هۆکاری کەوتنی عەفرین بووبێ و دەڵێت: "لە عەفرین ڕووسیا پێشنیازی بۆ کورد کرد بەفەرمی بڵێن دەسەڵاتی بەشار ئەسەد قەبووڵ دەکەین. لەڕاستیدا بەشار ئەسەد هیچ هێزێکی نەبوو بچێت لە عەفرین بمێنێتەوە. لە وەها دۆخێکدا، ئەو دەڤەرە ئەگەر لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەشار ئەسەد بووایە، دەرفەتێک بۆ ڕووسیا دروست دەبوو بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیە بپارێزێت. دەیتوانی بە تورکیاش بڵێت ئێوە ناتوانن بێنە ئەو ناوچەیەوە".

ڤادیم پێیوایە ئەوە ئەمریکا بوو کە عەفرینی ڕادەست کرد نەک ڕووسیا "ئەمەریکا دەیتوانی لەوێ هەر کارێک بکات کە ڕێگری لە هێزەکانی تورکیا بکات بۆ ئەوەی نەچنە نێو عەفرینەوە، چونکە هاوپەیمانی ناتۆن، هێزی ئاسمانییان هەیە، هەموو دەرفەتێکیان هەبوو، بەڵام ڕووسیا نەیدەتوانی ئەمە بکات، ئەگەر ڕووسیا ڕێی لە تورکیا گرتبا پێویست بوو لەگەڵی بەشەڕبێ، لە کاتێکدا لەهەموو ڕوویەکەوە ڕووسیا پێویستی بە تورکیایە".

د. ڤادیم ئامۆژگاری کورد دەکات لە ڕژێمی بەشار ئەسەد نزیک ببنەوە و دەڵێت: "بە بڕوای من پارتەکەی ساڵح موسلیم دەبێت ئەو هێزە لەخۆیدا ببینێت کە خاڵی هاوبەشی پێکهاتن لەگەڵ حکومەتی بەشار ئەسەد بدۆزێتەوە. دەبێت ئەوان بەشێوەیەکی فەرمی دان بە دەسەڵاتی بەشار ئەسەددا بنێن کە لەنێو خاکی کوردستانی سووریادا بێت، بەڵام دەبێت داوای مافی ئۆتۆنۆمی بکەن و مافەکانیان بپارێزن و ڕووسیاش بە داواکارییەکی گەورەوە هاوکارییان بکات".

بە بڕوای د. ڤادیم ماکارینکۆ، هێشتا زۆر دەرفەت لەبەردەم کوردی سووریا هەن، بەڵام دەبێت کوردی سووریا لەوە تێبگەن کە ئەوە یارییەکی دوو لایەنە نییە. چونکە قەیرانی سووریا فرەلایەنە، ئەوانیش بەشێکی ئەو قەیرانەن، بۆیە پێیوایە باشترین چارەسەر ئەوەیە ڕێگەی شام بگرنە بەر و دانوستاندن لەگەڵ بەشار ئەسەد بکەن "ئەگەر یارییەکی زۆر ورد نەکەن ئەوا کورد ئەو یارییە دەدۆڕێنێ. لە دۆخێکی وەهادا نابێت داوای یان هەموو یان هیچ بکرێت".

## بێرت سیگەر، ڕاوێژکاری سیاسی لە کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی کاروباری بێسەروشوێنان بۆ (ڕووداو):

# 1000 کوردی ئێزدی بێسەروشوێنن



بێرت سیگەر، ڕاوێژکاری سیاسی لە کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی کاروباری بێسەروشوێنان، مانگی ڕابردوو لە کوردستان بوو بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی ئێزدیان کە لەلایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو ڕێکخرابوو. سیگەر لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی چۆنیەتی کارکردنی کۆمیسیۆنەکەیان دەکات بۆ بەدواداچوونی چارەنووسی ئەو کەسانەی لە شەڕی داعشدا بێسەروشوێن بوونە، بە تایبەتی ئێزدییەکان.

ڕووداو – هەولێر

> لەبەر میلیشیاکان ناتوانین گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شنگال هەڵبدەینەوە

**ڕووداو: چەند بەڵگەتان کۆکردووەتەوە لەسەر ونبووەکانی شەڕی داعش، بە تایبەتی کوردی ئێزدی؟**

**بێرت سیگەر:** زانیاری و بەڵگەی زۆر لەبەردەستن لەبارەی بێسەروشوێنان، بەڵام بێگومان زۆر گرنگە هەموو زانیاری و بەڵگەکان کۆبکرێنەوە. خەڵک پێویستە بزانن، لێکۆڵەرانیش پێویستە بزانن کێ ون بووە، چ زانیارییەک لەبارەی ئەو کەسانە لەبەردەستە. ئەوە شتێکی زۆر گرنگە و بەشێکە لە کاری کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی بێسەروشوێنان کە قسە لەگەڵ خێزانی بێسەروشوێنان بکات. لەهەمان کاتدا بۆ زامنکردنی مافەکانی کەسوکاری بێسەروشوێنان، دڵنیابوون لەوەی پرۆسەیەک هەیە بۆ لێپێچینەوە و دادگایی تاوانباران.

**ڕووداو: ئێوە چۆن بەڵگە کۆدەکەنەوە بۆ ئەوەی بزانن کێ ون بووە؟ چۆن ون بووە و کەی ون بووە؟**

**بێرت سیگەر:** ئێمە سیستمێکمان داناوە نەک تەنیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، بەڵکو بۆ پاراستن و هەڵگرتنیشی. بۆئەوەی بتوانین لە پرۆسەکەدا بەکاری بهێنین. داتابەیسێکمان هەیە کە بەباشی پارێزراوە، زانیارییەکەمان لەلایەن خەڵکەوە بۆ دابینکراوە.

**ڕووداو: زانیاریتان هەیە لەبارەی ژمارەی بێسەروشوێنان؟**

**بێرت سیگەر:** ژمارەکە نازانم گەیشتووەتە چەند، بەڵام ئەوەی من ئاگادارم سەتان ناون، بگرە بێسەروشوێنانی ئێزدی نزیکەی هەزار کەس دەبن.

**ڕووداو: ژمارەیەکی زۆر گۆڕی بە کۆمەڵ لە شنگال هەن، سەردانی ئەو گۆڕانەتان کردووە؟ ئەو گۆڕانە چەند کەسیان تێدایە؟ خەڵکی کوێن؟ هیچ ئاستەنگتان بۆ دروستبووە لە هەڵدانەوەی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە، بۆ ئەوەی دەستنیشانی بکەن ئەمانە کێن؟**

**بێرت سیگەر:** ئێمە بەپێی توانا بەدواداچوونمان کردووە، بەڵام پێویستمان بەوەیە لەگەڵ دەسەڵات کار بکەین، هەروەها لەگەڵ خێزانی ئەو کەسانە هەماهەنگی بکەین. باشترین شت کە کردوومانە پەرژینکردنی هەندێک لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئێزدییەکانە، ئەوە هەنگاوێکی گرنگە لە پرۆسەکەدا بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان پارێزراون. وەک دەزانرێت، سەقامگیری سیاسی زۆر باش نییە. بەهۆی داعش و بەردەوامیی شەڕی نێوخۆی سووریا، کە چەندین میلیشیا و هێزی جیاواز تێیدا بەشدارن. بۆیە ئاسان نییە بڕۆین و دەستبەکار بین. پێویستە قسە لەگەڵ هەموو ئەوانە بکەین کە دەخوازن بەدواداچوون بۆ پرسی بێسەروشوێنان بکرێت.

**پرسیار: ئەو میلیشیایانە کێن کە ڕێگەتان لێدەگرن بۆ ئەوەی ئیشوکاری خۆتان بکەن لە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان؟**

**بێرت سیگەر:** بۆ ئێمە سەختە ئاماژە بە ناوی هیچ لایەنێک بکەین، پێویستە بێلایەنی خۆمان بپارێزین. ئێمە تەنیا دەتوانین بڵێین ئەگەر بۆ نموونە لە شنگال ڕێگەمان پێنەدرێ کار بکەین، هەوڵ دەدەین قسە لەگەڵ ئەو لایەنانە بکەین کە لەوێ دەسەڵاتیان بەدەستە بۆ ئەوەی هەر چۆنێک بێت ئەو کارە بکەین، چونکە دواجار لەبەرژەوەندی خەڵکی ئێزدی و هەرێمی کوردستانە بە گشتی کە ئێمە کارەکەمان بکەین.

> جیاوازیمان لە نێوان دۆسیەی مەسیحی و ئێزدییەکان نەکردووە

**ڕووداو: وەڵامی ئەوان چی بووە کە داواتان کردووە یارمەتیتان بدەن بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان؟**

**بێرت سیگەر:** کێشەکە ئەوەیە کە سەختە ڕێگەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن، هەموو ئەو وەزارەتانەی پەیوەندیدارن، حکومەتە لۆکاڵی و هەرێمییەکان کە ستراتیژێک دابنێن هەموویان لەسەری هاوڕابن، بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی پرۆسەکە بەباشی بەڕێوە دەچێت. ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەین بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی هەمووان ڕازین بە ڕێگەیەک بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش بەدواداچوون بکەین و بەشێوەی کرداریش دەستبەکاربین.

**ڕووداو: زیاتر کام بنەماڵەی قوربانیانتان بینیوە؟ ئەوانەی لە کوردستانن یان لە دەرەوەی کوردستان، لەبەر ئەوەی ژمارەیەک لە کوردی ئێزدی کۆچیان کردووە بۆ وڵاتانی ئەوروپا؟**

**بێرت سیگەر:** پێموایە ئەوە پرسیارێکی نایابە. وەڵامەکە ئەوەیە بەڵێ ئێمە هەوڵ دەدەین پەیوەندی بکەین بەو ئێزدیانەوە کە لەدەرەوە دەژین و ئەو ڕووداوانە کاریگەرییان لەسەریان هەبووە. ئەو کارە تەنیا لە ڕێی هاوکارەکانمانەوە ناکەین کە لە ئەوروپان، بەڵکو لەسەر وێبسایتەکەمان بەشێکمان هەیە بەناوی ناوەندی بەدواداچوون، هەموو کەسێک دەتوانێت بیکات، لەسەر ئینتەرنێت دەتوانن زانیاری لەبارەی بێسەروشوێنەکان بنووسن. ئەگەر سەردانی وێبسایتەکەمان بکەن www.icmp.int لەوێ زانیاری هەیە لەسەر کەسانی بێسەروشوێن. ئەوە ئامرازێکی زۆر بەهێزە چونکە وەک باسمانکرد، دەمانەوێت دەستمان بگاتە هەموو ئێزدییەک کە قوربانی ڕووداوەکانە.

**ڕووداو: ئێوە داواتان لێکراوە هەندێک لە زانیارییەکانتان ببەخشن بۆ ئەوەی ئەو کەیسانە ببنە یارمەتیدەرێک بۆ ناساندنی تاوانەکان بە جینۆساید. ئایا داواتان لێکراوە یاخود ئێوە بۆخۆتان چوونەتە پێش بۆ ئەوەی ئەو کەیسانە بدەن بە کۆمیتەی بە جینۆسایدناساندن؟**

**بێرت سیگەر:** شێوازی کاری ئێمە هەمیشە پشت بە یاساکان دەبەستێت، واتە لەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتییەکان. ئەوەی دەیکەین خزمەت بە پرۆسەی بەجینۆسایدناسینی کەیسی ئێزدییان دەکات.

**ڕووداو: لەو خێزانانەی کە بینیوتن چ چیرۆکێک زۆر سەرنجڕاکێش بووە، یان کاریگەری لێکردووی لەبارەی ونبوونی کەسوکاریانەوە؟**

**بێرت سیگەر:** باوکی کەسێک کە هێشتا بێسەروشوێنە، کوڕەکەی زۆر ئازایانە لێرە لەبەردەم خەڵک قسەی کرد و باسی ئەوەی کرد کە هەندێ لە خزمەکانی کوژراون، هەندێکیان هێشتا بێسەروشوێنن، بە باوکیشییەوە. ئەو جۆرە چیرۆکانە وات لێدەکەن نەتوانیت شەو بنووی. شتێکی خەمناکە کە دوای چەند ساڵێک هێشتا خەڵک بێسەروشوێنن، نزیکەی هەزار کەس دەبن. ئەو چیرۆکانە کاریگەریی گەورەمان لەسەر دادەنێن.

> چیرۆکی ئێزدییەکان وات لێدەکەن نەتوانی بخەوی

**ڕووداو: جیا لە کوردی ئێزدی، لە دەشتی نەینەوا بە هەزاران کریستیانیش بە زۆر دەرکراون،ماڵەکاکانیان وێرانکراوە و کوژراون. ئایا لەسەر ئەمانە هیچ زانیارییەکت دەستکەوتووە؟**

**بێرت سیگەر:** ئێمە جیاوازی ناکەین لەنێوان پێکهاتەکاندا. بەلای ئێمەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە، هەموو کەسێک بەهای خۆی هەیە و بە هەمانشێوەش هەمان مافی هەیە. شێوازی کاری ئێمە و ئەو چارەسەرەی بۆ کێشەکە هەمانە ڕێگە دەدات هەموو کەس وەک یەک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ئەگەر کەسێک کریستیان بێت یان ئێزدی یان هەر ئاینێک بێت یان بێباوەڕ بێت، بێسەروشوێنبێت، ئەوە بەپێی شێوازی کاری ئێمە هیچ کات لەبەرچاوناگیرێت.

**ڕووداو: داعش دەڵێت ئێزدی کافرن، بەڵام کریستیان ئەهلی کتابن، بۆیە جیاوازیان لەنێوانیاندا کردووە بۆیە ئێستا لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان کاتێک کەیسی ئێزدییەکان باسدەکرێت لەگەڵ کریستیانەکان هەست دەکرێت جیاوازی دەکرێت لە بەرەوپێشچوونی کەیسەکانیان؟**

**بێرت سیگەر:** لە ماوەی کاری خۆماندا نەخێر، بەڵام بۆ نموونە ئێمە دەتوانین بە تایبەت نزیک بینەوە لەو پێکهاتانەی کە زیانیان پێگەیشتووە. بە هەمانشێوە لە ئێزدییەکان نزیکبووینەوە، بێگومان هاوکارەکانم لەگەڵ خێزانەکان دانیشتوون و باسی پرۆسەی کارکردنی ئێمەیان کردووە. کە چۆن ئێمە دەتوانین هاوکاری ئەوان و دەسەڵاتی ئێرە بکەین

## پاوڵ نۆمانکۆمار، پسپۆڕی مافەکانی مرۆڤ بۆ (ڕووداو):

# کێشەی ئێزدییەکان بەلای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لاوەکییە



پاوڵ نۆمانکۆمار، پسپۆڕی مافەکانی مرۆڤە، خەڵکی هیندوستانە و لە زۆربەی ئەو کۆنگرە و کۆنفرانسانەی لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە ڕێکدەخرێن، بەشدارە. نۆمانکۆمار لە دۆسیەی بەجینۆسایدناساندنی تاوانەکانی حکومەتی سریلانکا دژ بە تامیلەکان کاری کردووە. یەکێک بوو لە میوانەکانی کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی دۆسیەی ئێزدییەکان کە لەلایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو ڕێکخرابوو. لە پەراوێزی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکەدا ڕووداو ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.

هەڤپەیڤین: دڵدار هەرکی
ڕووداو – هەولێر

**ڕووداو: دۆسیەی بەجینۆساید ناسینی تاوانەکانی دژی تامیل لە سریلانکا بە کوێ گەیشتووە؟**

**نۆمانکۆمار:** کاتێک باسی جینۆساید دەکەین، گرنگترین بەشی پرسەکە ئەوەیە بزانین مەبەستی ئەنجامدەرەکە چی بووە. لە کەیسی جینۆسایدی ئێزدیاندا، مەبەستی داعش زۆر ڕوون بوو، ئەویش سڕینەوەی یەکجاریی ئێزدییەکانە وەک گروپێکی ئیتنیکی. لە سریلانکا، هەرچەند لەوێ بابەتەکە ئاین نەبوو، بەڵکو سڕینەوەی زمان بوو، چونکە زمانی تامیلی بە کۆنترین زمانی جیهان دادەنرێت کە تاوەکو ئێستا قسەی پێ دەکرێت لە دوورگەی سریلانکا. ئەوان کە ئێستا کەمینەن، تاوەکو 1833 زۆرینە بوون و لە بەشی ڕۆژهەڵات و باکوور قەوارەی خۆیان هەبوو. کاتێک بەریتانیا لە ساڵی 1948 لەوێ کشایەوە، وڵاتەکەیان ڕادەستی سینهالییەکان کرد کە زۆرینە بوون. کەمینەکانیش نەیانتوانی ببنەوە خاوەنی ئەو وڵاتەی کە لێیان سەندرا. لەوە بەدواوە کێشەکە سەریهەڵدا. کێشەکە بە جینۆسایدی تامیلەکان کۆتایی هات لە ساڵی 2009، بەڵام جینۆساید تاوەکو ئەمڕۆش هەر بەردەوامە. ئەگەر باسی ژمارەی قوربانییان بکەین، 146 هەزار تامیلی کوژراون.

> ئامانجی داعش سڕینەوەی یەکجارەکی ئێزدییەکان بوو

**ڕووداو: بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر جینۆسایدی ئێزدییەکان خەمساردە؟**

**پاوڵ نۆمانکۆمار:** کە باسی ئێزدییەکان دەکەین، ئەوان 74 جینۆسایدیان بەسەردا هاتووە. بەڵام هەمووان باسی دانپێدانان بەو جینۆسایدە دەکەن کە ساڵی 2014 ڕوویدا. سەلماندنی جینۆساید پرۆسەیەکی لەسەرخۆیە و کاتی زۆری دەوێت. پێویستیشمان بە پشتگیریی وڵاتانی ئەندامە لە نەتەوەیەکگرتووەکان. زۆر وڵات بە ئاشکرا باسی کوشتاری ئێزدییەکان و ڕوودانی جینۆساید دەکەن، بەڵام زۆر کەمن ئەو وڵاتانەی ئامادەن کەیسەکە لە ئەنجوومەنی ئاسایش بجوڵێنن بۆ ئەوەی ڕەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکرێ.

**ڕووداو: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێندەی باسی لە ناوبردنی داعش دەکات، هێندە باسی قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی دەستی داعش ناکات..**

**نۆمانکۆمار:** سەیرکە، هاوکاری تەنیا لەڕووی داراییەوە نییە. کە باسی قەرەبووکردنەوە دەکەین، پێویستە بە بەدیهێنانی دادپەروەری دەستپێبکات. کە پێیدەڵێین دادپەروەریی ڕاگوزەر، یەکەم قۆناغی دادپەروەریی ڕاگوزەر دادگاییە، پێویستە دادگایی چەکدارانی داعش دەستپێبکات. قۆناغی دووەم هەژمارکردنی هەموو ئەو زیانانەیە کە بەر خەڵک کەوتوون. قۆناغی سێیەمی دادپەروەریی ڕاگوزەر چاکسازیی دامەزراوەییە. چاکسازیی دامەزراوەیی واتای ئەوەیە هەرێمی کوردستان چەند چاکسازییەک بکات بۆ ئەوەی ئاسانکاری هەبێت بۆ دۆزینەوەی ئامراز و شێوازی هاوکاریکردنی ئێزدییەکان و هەموو ئەوانەی کە جینۆسایدکراون. دوا قۆناغی دادپەروەریی ڕاگوزەر بووژانەوەی ئابوورییە. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی زیاتر باسی بووژانەوەی ئابووری و پشتگیریکردنی ئێزدیەکانی نێو کامپەکان دەکات بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان.

> 146 هەزار تامیلی لە سریلانکا کوژراون

**ڕووداو: ئەوەندەی گوێت لە ئێزدییەکان بووە، ئەوان زۆرتر داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن یان سزادانی تاوانباران؟**

**نۆمانکۆمار:** پێموایە بەپێی کات کێشەی ئابوورییان چارەسەر دەبێت، بەڵام ئەوەی دواتر پێویستیانە پاکێجی بەدیهێنانی دادپەروەرییە. باسی دادپەروەری دەکەین، دادپەروەری بەدی نایەت تاوەکو دادگایی نەبێت. کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش ئەمە باش دەزانێت، بەڵام من وا هەست دەکەم کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەیەوێ کێشەی ئێزدییەکانیش وەک کێشەی سووریا یان ئەفریقا لێ بکات. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەست دەکات کێشەی ئێزدییەکان کێشەیەکی لاوەکییە و بەپێی کات چارەسەر دەبێت، بۆیە پێویستە جەخت بکرێتە سەر پرسە جیۆپۆلەتیکییەکانی دیکە.

**ڕووداو: پێتوایە نەتەوەیەکگرتووەکان بتوانێ دادگایەکی تایبەت بە تاوانەکانی داعش بکاتەوە؟**

**نۆمانکۆمار:** مەبەستی نەتەوەیەکگرتووەکان زۆر ڕوونە. دەیانەوێ لێپێچینەوە لە کەیسی ئێزدییەکان بکرێت. ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل و گشتگیریان ئامادە کردووە کە داوای سیستمێکی باشی دادگایی دەکات. من وا هەست دەکەم بابەتەکە تەنیا کاتە، بەریتانیاش بایەخ بە کەیسی ژنانی ڕفێنراوی ئێزدی دەدات. ئەوەش ڕەهەندێکی نوێی جینۆسایدە کە ئەو کارەساتانەی بەسەر ژنان و منداڵان هاتوون بکرێنە بەشێک لە کەیسی جینۆساید. تاوەکو ئێستا لە هیچ کەیسێکی جینۆسایددا ئەو کارە نەکراوە، چونکە ئەوە تەنیا بەسەر ئێزدییەکان نەهاتووە، زۆربەی ئەو گەلانەی جینۆسایدکراون، پشکی شێری ئازارەکە بەر ژنان و منداڵان کەوتووە. وا هەست دەکەم بەپێی کات، دوای دوو سێ ساڵی دیکە نەتەوەیەکگرتووەکان سیستمێک یان میکانیزمێک دادەنێت کە ئێزدییەکان قبوڵی بکەن. جا میکانیزمەکە نێودەوڵەتی بێت، یان میکانیزمێکی نێوخۆیی.

**ڕووداو: پێتباشە ئەو چەکدارە داعشانەی دەستگیرکراون، لە دادگا لۆکاڵییەکان یان نێودەوڵەتییەکان دادگایی بکرێن؟**

**نۆمانکۆمار:** لە عێراق میکانیزمی دەستووریی گونجاو نین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جینۆساید. جینۆساید پەیوەستە بە یاسا نێودەوڵەتییەکان. پێموانییە یاسا نێودەوڵەتییەکان لە یاساکانی عێراقدا ڕەنگیان دابێتەوە. بۆیە پرۆسەی دادگایی زۆر سەختە. کاتێک باسی دادگایی دادپەروەرانە دەکەین بۆ وەرگرتنی مافی قوربانیان، ئەو چەکدارانەی داعش کە دەستگیرکراون و لە زینداندان، پێویستە لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرێن.

> وا باشترە چەکدارانی داعش لە دادگایەکی نێودەوڵەتی دادگایی بکرێن

**ڕووداو: ئێزدییەکان گلەییان هەیە و دەڵێن هەنگاوی پێویست نەنراوە بۆ بەجینۆسایدناساندنی دۆسیەکەیان؟**

**نۆمانکۆمار:** مەبەستی ئەنجامدەرانی جینۆساید ڕوونە، کەیسەکە بە هێواشی بەرەو پێش دەچێت، ئەوە کێشەکەیە. هێشتا تەنیا چوار ساڵ تێپەڕیوە، کەیسی جینۆسایدی وا هەیە سەت ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە تاوەکو سەلمێنراوە، وەکو جینۆسایدی ئەرمەنەکان کە ساڵی 2014 وەک جینۆساید دانی پێدانرا. جینۆسایدی تامیلەکان ساڵی 2009 ڕوویداوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەسەلمێنراوە کە جینۆساید ڕوویداوە. لە کەیسی جینۆسایدی ئێزدیدا، لانیکەم چەند وڵاتێک وەک جینۆساید ناساندوویانە، ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش نەک تەنیا باسی جینۆساید دەکات، بەڵکو باسی تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگیش دەکات. کەواتە ئەم کەیسە پێشکەوتنی زۆری بەدەستهێناوە بە بەراورد لەگەڵ کەیسەکانی دیکەی جینۆساید، بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە ئێزدییەکانیش دەستبەکار بن، یاداشت و دۆکیۆمێنت هەن، بەڵام ئایا ئەو دۆکیۆمێنتانە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕازی دەکەن؟ ئایا ئەو دۆکیۆمێنتانە لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتییەکان دێنەوە کە پێوستن بۆ سەلماندنی جینۆساید؟

**ڕووداو: بەڵام ئەمە زۆر نییە کە ڕوویداوە، لە دونیای مۆدێرندا ڕوویداوە، چۆن دەبێت ژنان و کچان بە بەرچاوی جیهانەوە کڕین و فرۆشتنیان پێ بکرێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بێدەنگ بێ؟**

**پاوڵ نۆمانکۆمار:** هەموو بابەتەکە پەیوەندی بە پێویستیيە جیۆپۆلەتیکییەکانی وڵاتانەوە هەیە. ئەو وڵاتانەی باسی مافی مرۆڤ دەکەن گەورەترین پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤن. کاتێک جینۆسایدی لەمجۆرە ڕوودەدەن، سەرەتا فرمێسکی تیمساحی دەڕێژن، دوای ئەوە هەر لەبیری دەکەن. ڕەنگە ئەو وڵاتانە شت لەبیر بکەن، بەڵام ئێمە پێویستە بەردەوام بین لە گوشارکردن.

## لە دوو هەفتەی داهاتوودا پارەی گەنمی جووتیاران دابەشدەکرێ



**رووداو- هەولێر**

عەلی سندی، وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان بە وەکالەت رایگەیاند، چەکی شایستە داراییەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018 گەیشتە هەرێمی کوردستان. عەلی سندی، راشیگەیاند، چەکی پارەکە 154 ملیار و 130 ملیۆن دینارە و بڕیارە لە چەند رۆژی داهاتوودا بگاتە بانکەکانی هەرێمی کوردستان و بەسەر جوتیارانی هەرێمی کوردستاندا دابەش بکرێ. عەبدولڕەزاق عوسمان، بەڕێوەبەری گشتیی دیوان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێم بە (رووداو)ی گوت: "ئەم چەکە تەنیا بۆ وەرزی بە بازاڕکردنی گەنمی جوتیارانی هەرێمی کوردستانە بۆ ساڵی 2018، لە دوو هەفتەی داهاتووشدا پارەکە دابەشدەکرێ".

### سەرەتای ساڵی داهاتوو جێبەجێ دەکرێ

# ژاپۆنییەکان ئاوی ئاوەڕۆی هەولێر خاوێن دەکەنەوە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

ژاپۆنییەکان چیدی ناهێڵن ئاوی ئاوەڕۆکانی هەولێر بەفیڕۆ بڕژێتە خوارووی شار و لەوێ هاووڵاتیان سەوزەی لەبەر بچێنن، بەڵکو بەنیازن ئاوەکە پاک بکەنەوە و بۆ مەبەستی دیکە بەکاری بهێننەوە. بۆ ئەم پرۆژەیەش حکومەتی ژاپۆن 753 ملیۆن دۆلاری تەرخان کردووە.

شوێنپەنجەی ژاپۆنییەکان بە ژێرخانی کوردستانەوە دیارە، حکومەتی ژاپۆن 7 ملیار دۆلاری بە قەرزی درێژخایەن داوەتە عێراق، ئەویش بۆ ژێرخانی ئاو و کارەبا، 17%ی ئەو قەرزە بەر هەرێمی کوردستان کەوتووە.

ژاپۆنییەکان لە چوارچێوەی ئەو قەرزەدا چەندین پرۆژەیان لە کوردستان جێبەجێ کردووە، لەوانەش پرۆژەی پەرەپێدانی ئاوی ئیفرازی سێی هەولێر. پرۆژەی ئاوی خواردنەوە بۆ هەڵەبجە، دروستکردنی دوو کۆگای ئاو لە هەڵەبجە و سەیدسادق، راکێشانی تۆڕی ئاوی شارەکان کە تێچووی سەرجەمیان نزیکەی 500 ملیۆن دۆلار بووە.

ئێستا ژاپۆنییەکان سەرقاڵی پرۆژەی ریسایکلینی ئاوی ئاوەڕۆکانی هەولێرن کە دیزاینی قۆناغی یەکەمی تەواو بووە و بڕیارە لەسەرەتای ساڵی داهاتوو جێبەجێ بکرێت.

کاتسومی مۆریاسۆ، کونسوڵی گشتیی ژاپۆن لە هەرێمی کوردستان، بە (رووداو)ی گوت: "حکومەتی ژاپۆن وەک هاوبەشێکی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سێ بوار بەردەوام دەبێ، ئەوانیش دابینکردنی قەرزی درێژخایەنە بۆ پرۆژە ستراتیژییەکانی وەک ئاو و کارەبا. پێشکەشکردنی هاوکاریی هونەری لە راهێنانی کارمەندانی حکومەت، بە تایبەتی لە بواری تەکنەلۆژیادا. هەروەها هێنانی پسپۆڕ و شارەزایانی ژاپۆنی بۆ راهێنان و رێنوێنیکردنی کارمەندانی حکومەت".

کاتسومی مۆریاسۆ، سەبارەت بە پرۆژەی ریسایکلینی ئاوەڕۆی هەولێر، دەڵێت: "ئەوە یەکێک لە پرۆژە ستراتیژییەکانی حکومەتی ژاپۆنە لە بواری ئاوەڕۆ، رەزامەندی لەسەر دابینکردنی بودجەکەی دراوە، تاکە پرۆژەیە کە جێبەجێکردن و سەرپەرشتیکردنی لەلایەن ئەندازیارانی ژاپۆنی دەبێت".

بە گوتەی مۆریاسۆ، ئەو تەکنەلۆژیایەی لە پرۆژەکەدا بەکاردەهێنرێ، توانای پاڵاوتنی 105 هەزار مەتر سێجا ئاوی هەیە. پرۆژەکە 8 تاوەکو 9 ساڵ دەخایەنێ و بەدوو قۆناغ جێبەجێ دەکرێ. قۆناغی یەکەم کە بریتییە لە دیزاین و دانانی بەشێک لە ویستگەی ریسایکلین نزیکەی 300 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە، قۆناغی دووەمیش کە بریتییە لە فراوانکردنی وێستگەکانی پاڵاوتن و بەستنەوەی 32%ی ئاوی زێرابی گەڕەکەکانی شاری هەولێر بە وێستگەکانەوە، نزیکەی 453 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە.

کاتسومی مۆریاسۆ دەڵێت: "کۆی قەرزەکە 753 ملیۆن دۆلارە، قەرزەکەش بە سوودێکی زۆر کەم دراوە کە تەنیا 0.01% ـە. بەپێی گرێبەستەکەش دانەوەی قەرزەکە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراق، نەک هەرێمی کوردستان".

مۆریاسۆ باسی گرنگیی پرۆژەکە دەکات و دەڵێت: "یەکێکە لەو پرۆژە ستراتیژیانەی هەردوو حکومەتی هەرێم و ژاپۆن جەخت لە جێبەجێکردنی دەکەنەوە، چونکە لە بواری پاکڕاگرتنی ژینگە و ئاوی ژێر زەوی و دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوەکە بۆ کشتوکاڵ سوودی گەورەی بۆ شاری هەولێر دەبێت و دەبێتە رەخساندنی دەرفەتی کاریش بۆ خەڵکی ناوچەکە".

مەسعود محەممەد کارەش، بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دەڵێت: "لە قۆناغی یەکەمی پرۆژەکەدا ئاوەڕۆی تایبەت بۆ هەردوو گەڕەکی نەورۆز و نیشتمان دادەنرێت، ئاوی ئاوەڕۆی ئەو دوو گەڕەکە و هەندێک گەڕەک کە ئاوی ئاوەڕۆکانیان بەو دوو گەڕەکەدا تێدەپەڕێ، دەگاتە 100 هەزار مەتر سێجا لە رۆژێکدا".

بۆ میکانیزم و کاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەش، مەسعود کارەش گوتی: "دیزاینی پرۆژەکە تەواو بووە، ئێستا ئێمە لە قۆناغی لێکۆڵینەوە لە دیزاینەکە چەند کۆمپانیایەکمان هەڵبژاردووە، لەڕووی هونەرییەوە ئێمە پەسەندمان کردووە، لایەنی داراییش ژاپۆنییەکان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن، کام کۆمپانیا لە هەردوو لایەنی هونەری و دارایی زۆرترین خاڵ لەڕووی کواڵیتی و کەمیی نرخەوە بەدەست بهێنێ، ئەو دەمێنێتەوە، دواتر دەخرێتە تەندەر بۆ جێبەجێکردن، کە پێشبینی دەکەین جێبەجێکردنی قۆناغی یەکەم بکەوێتە سەرەتای ساڵی داهاتوو".

بەپێی ئەو دیزاینەی بۆ قۆناغی یەکەمی پرۆژەکە کراوە، لە هەردوو گەڕەکی نەورۆز و نیشتمان تۆڕێکی ئاوەڕۆ بەدرێژایی نزیکەی 41 کیلۆمەتر دروست دەکرێ، بۆ بەستنەوەشیان بەوێستگەکانەوە دوو ئاوەڕۆی تایبەت دروست دەکرێن، هەروەها چەندین وێستگەش بۆ پاڵنانی ئاوەکە دادەنرێت.

سروود عەبدولمەجید، بەڕێوەبەری ئاوەڕۆی هەولێر، دەڵێت: "زیاتر لە 1700 کیلۆمەتر ئاوەڕۆی لوولەیی و سندوقیمان لەنێو شاری هەولێردا هەیە، بەڵام ئاوەڕۆی ئاوی بارانن نەک ماڵان، بەهۆی نەبوونی ئاوەڕۆی ئاوی قورس ئێستا ئاوی چێشتخانە و حەمامەکان هەمووی لەڕێگەی ئەم ئاوەڕۆیانەوە دەڕوات، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆرجار لەکاتی باران تووشی گرفت ببین، بە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، ئەو ئاوەڕۆیانەی ئێستا هەن تەنیا تایبەت دەبن بە ئاوی باران، چونکە ئاوەڕۆی تایبەت بە ئاوی چێشتخانە و حەمام و ئاودەستەکان دروست دەکەین".

سروود ئاماژە بە سوودەکانی ریسایکلینی ئاوی ئاوەڕۆ دەدات و دەڵێت: "سوودەکەی هەمەلایەنە، لەڕووی ژینگە سوودی ئەوەیە چیدی ئاوی ئاودەستەکان ناچێتە ژێر زەوی و تێکەڵی ئاوی ژێر زەوی نابێت، چونکە سەرجەم بیری ئاودەستەکان دادەخرێن و ئاوەڕۆیان بۆ دروست دەکرێ، هاووڵاتیان لە کۆڵ خەرجیی دەردانی بیری تەوالێت دەبنەوە. ئاوی چێشتخانە و حەمامی ماڵان چیدی وەک رووبار ناڕوات تا بۆنی ناخۆش و مێش و مەگەز بڵاوبکەنەوە، جۆگەلە لە کۆڵانەکان نامێنن. دوای پاڵاوتنیش ئاوەکە دەتوانرێت بۆ مەبەستی کشتوکاڵ و ئاودانی پارک و باخچەکان بەکاربهێنین و پاشماوەکەشی وەک پەیین بۆ کشتوکاڵ بەکاربهێنرێ".



ژاپۆن 753 ملیۆن دۆلاری بۆ پرۆژەی ریسایکلینی ئاوی ئاوەڕۆی هەولێر دابین کردووە

**پارەی ئاوەڕۆ لە هاووڵاتیان وەردەگیرێ**

سروود عەبدولمەجید، بەڕێوەبەری ئاوەڕۆی هەولێر دەڵێ: "لە بەرامبەر بەستنەوەی پاشەڕۆی ئاوی ئاودەست و حەمام و چێشتخانە بە ئاوەڕۆی قورس، بیرۆکە و پلان هەیە لە داهاتوودا بۆ چاککردنەوەی ئاوەڕۆکان و کارپێکردنی وێستگەکان مانگانە بڕە پارەیەکی کەم لە هاووڵاتیان وەربگیرێت، بەڵام وەرگرتنی ئەو پارەیە رێنمایی و یاسای تایبەتی دەوێت، بۆیە تا ئێستا هیچ بڕیارێک لەسەر بڕی پارەکە نەدراوە".

### 30%ی بەفیڕۆ دەڕوات

# لە کوردستان رۆژانە دوو ملیۆن مەتر سێجا ئاو بەکاردەهێنرێ

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بۆ یەکەمجار لە کوردستان، پارەی کۆکردنەوەی ئاو دەدرێتە کۆمپانیایەک و پێوەری کرێی ئاویش لە یەکە/ رووبەرەوە دەگۆڕێت بۆ بڕی بەکارهێنان. حکومەتیش لەبری خەرجی، داهاتی لە دابەشکردنی ئاو دەستدەکەوێت، وا بڕیارە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمەوە بە سیستەمی تازە پارەی ئاو کۆبکرێتەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ، لە کوردستان 800 هەزار هاوبەشی ئاو هەن کە رۆژانە دوو ملیۆن مەتر سێجا ئاویان لەڕێگەی بیر و پرۆژەکانی ئاوەوە بۆ دابین دەکرێت. لەم ژمارەیەش تائێستا 550 هەزار هاوبەش پێوەری ئاویان بۆ بەستراوە.

مەسعود کارەش، بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بە (رووداو)ی گوت: "ئامانجمان لە دانانی پێوەر، کۆنترۆڵکردنی زیاد بەکارهێنانی ئاو و گەیشتنی ئاوی پێویستە بۆ هەموو ماڵ و هاوبەشێک، نەک زیادکردنی داهات، چونکە رۆژانە لەڕێگەی بیر و پرۆژەکانی ئاوەوە دوو ملیۆن مەتر سێجا ئاو دابین دەکەین کە نزیکەی 30%ی ئەو ئاوە بە رێگەی جۆراوجۆر بەفیڕۆ دەڕوات".

بەرهەمهێنان و دابەشکردنی هەر مەترێک سێجا ئاوی خواردنەوە، 400 دینار لەسەر حکومەت دەکەوێ کە خەرجیی رۆژانەی دابینکردنی ئاو دەگاتە 800 ملیۆن دینار. مەسعود کارەش دەڵێت: "ئەگەر لەڕێگەی دانانی پێوەر، بتوانین رێگە لە بەفیڕۆچوونی 30%ی ئاو بگرین، رۆژانە 240 ملیۆن دینارمان بۆ دەگەڕێتەوە و کێشەی بێئاویش چارەسەر دەکەین".

بەپێی ئەو رێنماییەی لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەرچووە، لەمەودوا وەرگرتنی کرێی ئاو بەو شێوەیە دەبێ: بۆ شوێنی نیشتەجێبوون، (0-5) مەتر سێجا، 50 دینار بۆ هەر مەترێک سێجا. (1-.5 15) مەتر سێجا 150 دینار. (1-.15 30) مەترسێجا، 400 دینار. (1-.30 60) مەتر سێجا، 600 دینار، ئەگەر سەرووی 60 مەترسێجا بەکاربهێنیت نرخی هەر یەک مەتر سێجا 2000 دینارە.

نرخی بەکارهێنانی مەترێک سێجا ئاو بۆ پەرستگە و فەرمانگەکانی حکومەت 500 دینارە، بۆ شوێنە نیمچە حکومییەکان 750 دینارە، بۆ شوێنە بازرگانی و گەشتیاری و پیشەسازییەکان و پرۆژەکانی وەبەرهێنانیش هەزار دینارە، هەروەها بۆ شووشتنگەکانی ئۆتۆمبێل 2000 دینارە.

مەسعود کارەش دەڵێت: "ئەگەر ماڵێک زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئاودا نەکات، رۆژانە بەتێکڕا لە زستان و هاویندا پێویستی بە مەترێک سێجا ئاو دەبێت و مانگانە 12 هەزار دیناری بۆ دێتەوە، بەڵام ئەگەر زیاتر لەو بڕە ئاو بەکاربهێنێ، باخچە ئاو بدات و بەر دەرگا و ئۆتۆمبێلەکەی بشوات، نرخی هەر مەترێک سێجا ئاو 600 دینار لەسەری دەکەوێ، ئەگەر مانگانە 60 مەتر سێجا ئاو بەکاربهێنێ، 36 هەزار دیناری بۆ دێتەوە".

بەپێی گریمانە، ئەگەر هاوبەشێک زێدەڕۆیی لەبەکارهێنانی ئاودا نەکرد و مانگانە تەنیا 30 مەتر سێجا ئاوی بەکارهێنا، ئەوا حکومەت مانگانە نزیکەی 9 ملیار و 600 ملیۆن دیناری دەستدەکەوێت، ئەمە بێ لە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی نرخی کرێی ئاو لە کەرتی بازرگانی و پیشەسازی و گەشتیاری کە نرخی کرێی ئاو بۆ ئەوان گرانترە.

بۆ کۆکردنەوەی کرێی ئاو، حکومەت لە هەر پارێزگایەک گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەک کردووە، کۆمپانیاکانیش هەریەک لەزۆنی خۆی لە مانگی تەمووزەوە دەستیان بە رووپێو کردووە. ئەو هاوبەشانەی پێوەریان بەستووە، خوێندنەوەی پێوەرەکە لە رۆژی رووماڵکردنەکە چەند بێت بارکۆدێکی لێدەدرێت و دەبێتە ژمارەیەکی بنچینە بۆ وەرگرتنی کرێی ئاو، بۆ هەر دوو مانگ جارێک پارەی ئاو کۆدەکرێتەوە.

مەسعود کارەش دەڵێت: "بەپێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ کۆمپانیاکان کراوە، کۆمپانیاکان بۆ هەر هاوبەشێک مانگانە 1600 دینار وەردەگرن". ئەو دەنگۆیانەشی رەتکردەوە کە باس لە لێخۆشبوونی قەرزی پێشووی ئاو دەکەن و دەڵێت "لێخۆشبوون لە پارەی ئاو نییە".

لە سەنتەری شاری سلێمانی 165 هەزار هاوبەش هەن کە نزیکەی 130 هەزار هاوبەشیان پێوەری ئاویان بۆ بەستراوە.

ئامانج جەلال، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی دەڵێت: "تیمەکانمان دەستیان بە رووماڵ و بارکۆد لێدانی پێوەرەکان کردووە، ئەو هاوبەشانەی پێوەریان نەبەستووە ئاگادار کراونەتەوە، لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەسیستەمی تازە تیمەکانمان پارەی ئاو کۆدەکەنەوە".

ئەو هاوبەشانەی پێوەریان نەبەستووە، مۆڵەتێکی دوو مانگییان دەدرێتێ، ئەگەر دوای مۆڵەتەکە پێوەرەکەیان نەبەست، بۆ هەر مانگێک 100 هەزار دیناریان لێوەردەگیرێ تاوەکو سێ مانگ. ئەگەر دوای ئەو سێ مانگە هەر پێوەریان نەبەست، بۆ هەر مانگێک 200 هەزار دیناریان لێوەردەگیرێ، ئەگەر پارەیان نەدا، شارەوانی ئاوەکەیان دەبڕێ.

ئامانج جەلال گوتی: "رۆژانە 220 تاوەکو 250 مەتر سێجا ئاو تەنیا بۆ سەنتەری سلێمانی دابین دەکرێت کە نزیکەی 25 تاوەکو 30%ی ئەو ئاوە بەفیڕۆ دەڕوات".

پارێزگای هەولێر نزیکەی 280 هەزار هاوبەشی ئاوی هەیە کە 212 هەزاریان پێوەری ئاویان بۆ بەستراوە، بەڵام تەنیا 165 هەزار هاوبەش لە بەڕێوەبەرایەتی ئاو تۆمارکراون و پێشتر پارەیان لێوەرگیراوە.

ئاری ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر دەڵێ: "پێشتر داهاتی مانگانەی ئاو لە سەنتەری هەولێر نزیکەی 750 تاوەکو 800 ملیۆن دینار بوو، بەڵام بەهۆی زیادبوونی ژمارەی هاوبەشەکانمان دوای بەستنی پێوەری ئاو، پێشبینی دەکەین داهاتی مانگانەمان بگاتە 2.5 تاوەکو 3 ملیار دینار".

کۆکردنەوەی پارەی ئاوی هەردوو شاری هەولێر و دهۆک دراوەتە کۆمپانیایەکی لوبنانی، پارێزگای سلێمانی دراوەتە کۆمپانیای گرین، هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیانیش دراوەتە کۆمپانیای ئۆرانۆس.

ئاری ئەحمەد دەڵێت: "بەپێی گرێبەستەکە کۆمپانیاکان بەرپرس دەبن لە کۆکردنەوەی پارەی ئاو، ساڵانە شەش جار پێوەرەکان دەخوێننەوە، واتە هەردوو مانگ جارێک پارەکە کۆدەکەنەوە، 20%ی پارەی کۆکراوەکەش بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو دەبێ و 80%یشی دەچێتە خەزێنەی حکومەت".

**خەرجیی رۆژانەی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە لە کوردستان 800 ملیۆن دینارە**



لە هەرێمی کوردستان 800 هەزار هاوبەشی ئاو هەیە

**داهاتی مانگانەمان لە 800 ملیۆن دینارەوە دەبێتە 3 ملیار دینار**
بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر:

# ئەمساڵ نرخی نەوت دەگاتە 100 دۆلار؟



محەممەد شێخ فاتح

وا دەردەکەوێت کە قسەکردن لەسەر نرخی نەوت تەنیا بابەتێک نەبێت پەیوەندیدار بێت بە شارەزایانی بـواری نەوتـەوە، لەگـەڵ ئـەو بەرزبوونەوەیەی لە نرخەکانـدا بەمدواییـە روویـداوە، نرخەکانی بەنزین و سـۆلار کاریگەریی زۆریان لەسـەر خەرجییەکانی رۆژانەمـان دەبێـت، هـاوکات پێشـبینییەکان بـۆ بەرزبوونەوەی نرخەکان بووە بە مژاری رۆژانە.

هەنـدێ بـە دووری دەزانـن کـە نرخـی نـەوت بەردەوام بێت لەبەرزبوونەوە، بە تایبەت پاش ئەوەی لە سـاڵی رابردووەوە بازێکی بـە رێژەی 30% داوە، هاوکات شـارەزایان رایان وایە سـەرباری ئەو رەوتە بەردەوامـەی لە بەکارهێنانی نەوتی جیهانیدا هەیە، بـەڵام لەبەرامبـەردا زیادبوونێکی ئەوتۆی ئاسـتی بەرهەمهێنان نابینین کە بتوانێت بارتەقای خواستی بازاڕ بێت لە داهاتوودا، ئەوەش هەڕەشـەیە لەسـەر نرخی نەوت لە ساڵانی داهاتوودا.

فۆکەسـەکە ئەوەیە کە پاشەکشـەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنـان و تەرخانکردنـی بودجـەی زیاتـر بۆ کێڵگـە نەوتییەکان بە ئامانجی زیادکردنی ئاسـتی بەرهەمهێنان و پێشخستنی کێڵگەکان، دەبنە هۆی ئەوەی کە خسـتنەڕووی نەوت کـەم بکات، ئەوەش بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی لێدەکەوێتەوە.

بێگومـان نـەوت کۆتایـی دێـت، کۆمپانیاکانی نەوتیش لە ژێـر گوشـارێکی زۆردان بەهـۆی ئەو دابەزینـە بەرچـاوەی لـە نرخـی نەوتدا لە سـاڵی 2014ەوە روویـداوە، هەر بۆیـە خەرجییەکانیان لە کردنـەوەی پرۆژەی نـوێ و گەڕان بـە دوای نەوتدا کەمکردووەتەوە. سەرباری ئەوەی لە ساڵی 2016ەوە بەرزبوونەوەیەکـی بەرچـاو لە نرخەکانـدا روویداوە کـە هۆکاری نیگەرانیـی چاودێران و شـرۆڤەکارانی بازاڕەکانی نەوت بووە و بە زیانی گەورەی راستەخۆی چالاکییە بازرگانییەکان و بەکاربەران دەشکێتەوە.

ئێستاش پیشەسازیی نەوت ساڵانە پێویستی بە 33 ملیار بەرمیل نەوتی زیاتر هەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو خواسـتەی کە لەسەر نەوت دروستدەبێت، ئەوە لـە کاتێکدایە کە وڵاتانـی وەک هیند و چین بڕێکی زیاتری نەوت بەکاردێنن، هەر بۆیە پێشبینی دەکرێت بەهـۆی ئەو وەبەرهێنانە نوێیانەی کە دەکرێن، بڕی 20 ملیار بەرمیل زیاتر بکەن.

بەپێی زانیارییەکانی کۆمپانیای ریستاد ئینێرژی، تێکرای دابەزینی پیشەسازیی نەوت کە دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان وەک چاکنەکردنەوەی پـڕۆژەکان و هەڵنەکۆڵینـی بیـری نوێ، لە سـاڵی 2016دا 6.3% بووە و لە سـاڵی 2017یشـدا 5.7% بووە، بە تێکڕاش لە چوار سـاڵی رابـردوودا 3.9% بووە.

شـرۆڤەکاران دەڵێـن هـەر کەمبوونەوەیەک لە خستنەڕووی نەوت، نرخـی نەوت بـەرز دەکاتەوە بەجۆرێـک کە نزیک ببێتەوە لـە 150 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێـک هاوشـێوەی ئـەوەی لە سـاڵی 2008دا روویدا.

ئەوەی پێشـبینی دەکرێت ئەوەیە ئەو سـاڵانەی کورتهێنـان لـە وەبەرهێنانەکانـی نەوتـدا هەبـوو، هۆکارە بۆ دروستبوونی قەیران، هەربۆیە کورتهێنان لـە بەرهەمهێنانـی نـەوت هێدی هێدی لـە کۆتایی سـاڵی داهاتـوودا دەردەکەوێـت، ئـەوەش هۆکاری بەرزکردنەوەی نرخی نەوت دەبێت بۆ سەرووی 100 دۆلار.

سـەرباری ئەوەی وەبەرهێنەرەکانی بازاڕی نەوت دڕدۆنگ و نیگەرانن لەو بڕە نەوتەی ئێستا خراوەتە روو، چونکە گەیشتووەتە لوتکەی خۆی، بەڵام باس لـەوەش دەکەن کە یەدەگێکی بێشـوماری نەوت لە ژێـر زەویدایـە، بۆ نموونە ئەو نەوتـەی لە کەنداوی مەکسـیک هەیە 4 ملیار بەرمیلی سەلمێنراوە، بەڵام پـڕۆژە نوێیـەکان پێویسـتیان بە ملیـاران دۆلار و چەندین ساڵ هەیە بۆ پەرەپێدانیان.

هەرچەندە لە سـاڵی 2016ەوە کۆمپانیای BP چرای سەوزی بۆ هەڵکراوە تا کاری تێدا بکات، بەڵام پێشـبینی ناکرێت بتوانێت ئـەو خەرجییە 9 ملیار دۆلارییـەی کە دەیکات لە کەنداوی مەکسـیکدا، تا سـاڵی 2021 تەواو ببێت.

**شارەزایەکی بواری نەوت**

> لە 2020دا نرخی بەرمیلێک نەوت دەگاتە 150 دۆلار

دەبـێ ئەوەشـمان لەبیـر نەچێت کـە تێچووی پیشەسـازیی نەوت بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە پرۆژەی نوێ و پشکنینەکانەوە هەیە، پەیوەندییەکی زۆری بـە گۆڕانکاریـە گەورەکانـەوە هەیە لە نرخی نەوتـدا. پـاش ئەو دارمانـەی کە لە نرخـی نەوتدا لـە 2014 روویـدا، کۆمپانیـاکان زۆر بـە وریاییەوە مامەڵە دەکـەن لەگەڵ ئەو خەرجیانەی کە دەیکەن لـە پرۆژەکاندا، هەرچەندە بەردەوام بەرهەمهێنان لە گەشەدایە.

بێـن فـارد بێـردن، بەڕێوەبـەری جێبەجێکاری کۆمپانیای شـێڵ باس لـەوە دەکات کە پێویسـتە زیاتر لەسەر رەوتی زیادکردنی وەبەرهێنان بڕۆین تا بتوانین بێخەم بین لەوەی کە دوورکەوتووینەتەوە لە قەیرانێکی راستەقینەی کەمیی خستنەڕووی نەوت.

بەپێی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە کۆنەکانی ڤەنزوێلا 700 هەزار کەمی کردووە، ئەنگۆلاش نزمترین ئاسـتی هەیە لە ماوەی 12 ساڵی رابردوودا، نەوتی مەکسیکیش دابەزیوە بۆ 300 هەزار بەرمیل.

بەپێـی داتاکانی ئاژانسـەکە، لە سـاڵانی 2015 و 2016دا وەبەرهێنـان لـە پیشەسـازیی نەوتدا بە رێـژەی 25% دابەزیـوە، هەرچەنـدە بەپێی داتاکان بەرزبوونەوەیەکـی هێـواش لـە سـاڵی 2018دا روودەدات، سـەرباری ئەوەی نرخی نەوت بە رێژەی 30% بەرزبووەتـەوە. هـەر بۆیە کاتێـک خەرجییە داراییەکان کەمدەکەن بۆ ئاستی نیوە، ئەوا بێگومان کاریگەریـی دەبێت لەسـەر بەرزکردنەوەی ئاسـتی بەرهەمهێنان. دامەزراوەی مۆرگان ستانلی پێشبینی دەکات کورتهێنان لە وەبەرهێنان لە پیشەسازییەکانی نەوتدا هـۆکار بێـت بۆ ئـەوەی نەوتـی برێنت لە سەرەتای 2020 بگاتە 90 دۆلار.

بـەڵام، پییـر ئێندوراند، گەورە شـارەزای بواری نەوت، پێشبینی دەکات لەمساڵدا نرخی یەک بەرمیل برێنـت بگاتـە 100 دۆلار و لە سـاڵی 2020یشـدا بەرزبێتەوە بۆ 150 دۆلار.

ئێسـتا بازاڕەکانی نەوت ناجێگیرن و تا ئاستێک هەڵبـەز و دابـەز لە نرخەکانـدا دەبینرێت، هاوکات ناڕوونیش هەیە لە ئایندەی ئەو کاڵا سـتراتیژییەدا، جگـە لە کەمبوونـەوەی وەبەرهێنانـەکان، چەندین هۆکاری دیکەش لە پشت ئەو وێنە ناڕوونەوەیە.

بڕیـار وایە لە نۆڤەمبەری داهاتووەوە سـزاکانی ئەمریکا سێکتەری نەوتیی ئێران بکاتە ئامانج، بۆیە هەر لە ئێسـتاوە هەنـاردەی نەوتی ئێران لە کورتی داوە و رۆژانـە 700 هـەزار بەرمیـل کەمی کردووە، پێشبینیش دەکرێت لە چارەکی چوارەمی ئەمساڵدا خستنەڕووی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بکات، هەروەهـا چاوەڕوانیـش دەکرێـت وزەی کۆگاکراوی وڵاتانیش کەم بکات.

ئەمانـە هـۆکاری ئـەوەن کە نرخی نـەوت بەرز ببێتـەوە، بـەڵام جەنگـی بازرگانیی نێـوان چین و ئەمریـکا کە لە مانگی ئەیلولـدا دەگاتە 100 ملیار دۆلار و گەشـەی ئابووریی جیهانی بە رێژەی 0.5% دادەبەزێنێ، هۆکاری دابەزینی خواستە لەسەر نەوت کە ئەویش بە رۆڵی خۆی کاردەکاتە سـەر دابەزینی نرخی نەوت. هەر بۆیە چاوەڕوان دەکرێت تا کۆتایی سـاڵی 2018 نرخـی نەوتی برێنت لـە 73 دۆلار و خـاوی تەکساسـیش لـە 67 دۆلاردا جێگیر ببێت، هەرچەنـدە ئەمە لـە بایەخی پێشـبینیەکەی پییر ئێندوراند کەم ناکاتەوە، چونکە زیاتر لە گۆشەیەکی دیکەوە تەماشای بازاڕەکانی نەوت دەکات.



پاشەکشەی وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوت، نرخی نەوت بەرزدەکاتەوە (فۆتۆ: AFP)

# رووسیا و پلانی زەبەلاحی کۆنترۆڵکردنی بازاڕی نەوت

شەهریار شێخلەر
ڕاوێژکاری ئابووریی وزە

ڕووسـیا یەکێـک لـە دەوڵەمەندتریـن وڵاتانـی جیهانـە لەڕووی یەدەگی نەوت و گازی سروشـتی و خەڵووز، پێگەیەکی بەرچاویشی لە بەرهەمهێنانی ئەو سـەرچاوانەی وزەدا هەیە و لەو بـوارەدا بە یەکێک لە گرینگترین وڵاتانی جیهان دەناسرێت. شەشەمین وڵاتـی خاوەن یەدەگی نـەوت و خاوەنی گەورەترین یەدەگـی گازی سروشـتی و دووەم گـەورە خاوەنی خەڵووزی جیهانە.

نـەوت و گاز، بێجگـە لـە ڕۆڵـی گرینگیـان لـە دابینکردنـی بودجـە و پێکهێنانـی بەرهەمـی ناپوختی ناوخۆی ڕووسـیا، یەکێکن لە ئامرازەکانی جێبەجێکردن و سەپاندنی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە جیهاندا، بۆیە گرینگیی تایبەتیان بۆ ڕووسیا هەیە و جیاواز لە وڵاتانی دیکە چاویان لێدەکرێت.

پێداویسـتیی وڵاتانـی ئەوروپـی لـە سـاڵانی حەفتاکانـدا بـە گازی سروشـتی وەک جێگرەوەی نەوتـی خـاوی هاوردەکـراو لـە وڵاتانـی عەرەبی و هەروەهـا زۆربوونی یەدەگی ئەو بەرهەمە لە یەکێتی سۆڤیەت، سەرەتای گەشەسەندنی ئەو پیشەسازیە بـوو لەو وڵاتـە. دانانی بناغەی گازپـرۆم لە 1989 و ڕێکخسـتنەوەی پیشەسـازی و هەناردەکردنـی گازی سروشـتیی یەکێتـی سـۆڤیەت درێـژەی بەو گەشەسـەندنە دا. هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و فرۆشتنی کۆمپانیا نەوتییەکان بە کەرتی تایبەت، هەروەها ڕەخسـانی هەلی هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕۆژئاوا، گەشەی کەرتی گازی ڕووسیای بـردە قۆناغێکی نوێ کە لەئەنجامـدا زۆر بەخێرایی قەبـارەی هەناردەکردنی گازی بـۆ وڵاتانی ئەوروپی بەرز کردەوە و هاوکارییەکی سـتراتیجیکی لەنێوان ڕووسـیا و وڵاتانی ئەوروپی ساز کرد تا جگە لەوەی ئابووریی ئەوروپای بە گازی ڕووسـییەوە پەیوەست کـرد، توانای ڕووسیاشـی لە کەیسـە دووقۆڵی یان فرەلایەنەکاندا لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی، بەرزکردەوە، بەجۆرێک تەنانەت ژێرپێخستنی بەردەوامی گرێبەستە نێودەوڵەتیەکان لەلایەن ڕووسیاوە نەیتوانی وڵاتانی ئەوروپـی لـە کڕینـی وزە و تەنانـەت پەرەپێدانی هاوکاری لەگەڵ ڕووسیا، پاشگەز بکاتەوە.

دەسـتکەوتە ئابووری و سیاسـییەکانی گەشەی کەرتـی گازی ڕووسـیا کـە ئـەو کەرتەی لـە هەر جۆرە سـزا و ئابڵۆقەیـەک لەلایەن وڵاتانی ئەوروپی پاراسـتووە، دەوڵەتی ڕووسـیای بۆ جێبەجێکردنی پلانێکـی هاوشـێوە بـۆ کەرتـی نەوتیـش هانداوە تاوەکوو بتوانێت ژێرخانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی دیپلۆماسیی وزەی خۆی پتەوتر بکات.

### گەشەی پیشەسازیی نەوتی ڕووسیا و چوونە ناو بازاڕەکانی جیهان:

ڕووسیا توانیویەتی بەگوێرەی پلانی گەشەپێدانی کەرتـی نەوتی خۆی، بەرهەمهێنانی نەوت لە ماوەی ساڵانی 1995 بۆ 2007 بەڕێژەی 76% بەرز بکاتەوە و لـە حـەوت مانگی سـەرەتای 2008 ئـەو ڕێژەیە بگەیەنێتە 80%.

بەپێچەوانـەی زۆربـەی وڵاتانـی گـەورەی بەرهەمهێنـەری نـەوت، فۆکۆسـی ڕووسـیا بـۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتـی خاو لە کاتێکدایە کـە یەدەگی نەوتی خاوی ڕووسـیا لەو ماوەیە دابەزیوە و توانای پاڵاوتنیشـی تەنیا بە ڕێژەی 8% بەرز کراوەتەوە، واتا سـەرجەم وەبەرهێنـان و پـارە خەرجکردنـەکان تەنیـا بـۆ گەشـەپێدانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی خاو تەرخان کراون کە ئاماژەیەکە بۆ پلانی ڕووسیا لەو بوارەدا.

ڕووسیا لە سـاڵانی ڕابردوودا بەکەڵکوەرگرتن لە توانای پەرەپێدراوی تەکنیکاڵ و ئابووریی کۆمپانیا زەبەلاحەکانـی خـۆی (وەکـوو ڕۆسـنێفت و لووک ئۆیڵ)، تەرخانکردنی سەدان ملیار دۆلار و ڕاکێشانی کۆمپانیاکانی ڕۆژئـاوا بۆ پرۆژەکانی بەرهەمهێنان و گواسـتنەوە و هەناردەکردنی نەوتی خاوی خۆی کە لە سەرتاسەری ئەو وڵاتەدا بڵاوەیان پێکراوە، توانای بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی بەڕێژەیەک بەرز کردووەتەوە کە وڵاتانی گەورە بەرهەمهێنەری نەوتی جیهانـی وەکوو سـعودیە و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریـکای بەجێهێشـت و بووەتـە گەورەتریـن بەرهەمهێنـەر و دووەم گەورە هەنـاردەکاری نەوتی جیهان.

هەناردەکردنی نەوتی ڕووسـیا لـە 1.880.000 بەرمیلـەوە لە ڕۆژێکدا لە سـاڵی 1995 بۆ زیاتر لە پێنـج ملیـۆن بەرمیل لـە سـاڵی 2017 و نزیکەی شـەش ملیۆن بەرمیـل لە مانگی تەمـووزی 2018 بەرزبووەتـەوە کە لە هـەر وڵاتێکی دیکە لە جیهان زیاتـرە و ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ پلانەکانی ڕووسـیا لەو بوارەدا.

کڕیارە سـەرەکییەکانی نەوتی ڕووسیا و پشکی ڕووسیا لە بازاڕەکاندا ئاماژەیەکی دیکەن بۆ قووڵایی ستراتیجیکی سیاسەتی نەوتیی ئەو وڵاتە. ڕووسیا کە پێشتر 35%ی گازی سروشـتی و 32%ی خەڵووزی ئەڵمانیای دابین دەکرد، بە بەرزکردنەوەی بەردەوامی پشـکی خـۆی لـە دابینکردنـی نەوتـی ئەڵمانیا و گەیاندنی بە 40% لە ساڵی 2016 بووەتە گەورەترین دابینکەری نەوت و وزەی ئەڵمانیا.

ڕووسـیا، هەروەهـا زیاتر لـە 21.5%ی نەوتی هۆڵەنـداش دابین دەکات و گەورەترین هەناردەکاری نەوتە بۆ ئەو وڵاتە. پەیوەستبوونی وڵاتانی ئەوروپا بـە نەوت و گازی ڕووسـیا توانـای چوونە پاڵ هەر بەرەیەکی دژ بە ڕووسـیای لێستاندوون، بۆیە پاش هێرشـی ڕووسـیا بۆ سـەر ئۆسیتیای باشـوور لە جۆرجیا، یان داگیرکردنی کریمیای ئۆکراین لە 2014، هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆیان لێ نەبینرا.

ڕووسیا پاش کۆنترۆڵکردنی بازاڕی گازی ئەوروپا و دڵنیابوون لە پشـک و قازانجـی خۆی لەو بازاڕە، بەپێی سـتراتیجی گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵات، بەردەوام هەناردەکردنـی نەوتی خۆی بـۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی وەکـوو چیـن، بـەرز کردووەتـەوە و توانیویەتی لە مانگی ئاداری 2016 ببێتە گەورەترین هەناردەکاری نـەوت بـۆ ئەو وڵاتە و جێگای سـعودیە لـە بازاڕی چین بگرێتەوە تا پاڵپشتییەکی بەهێز بۆ هاوکاریی سـتراتیجیی داهاتووی لەگەڵ چین مسۆگەر بکات.

پشکی ڕووسیا لە بازاڕی نەوتی چین لە ساڵی 2016 بە ڕێژەی 14.6% خەمڵێنراوە.

ڕووسـیا هەروەها بە دانانـی پرۆژەکانی نەوتی هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیاکانی ژاپۆن (وەکوو پرۆژەی ساخالین 2 و هێڵی گواستنەوەی نەوت)، بێجگە لە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی ژاپۆنی، پشکی خۆی لە بازاڕی نەوتـی ئەو وڵاتە بۆ زیاتر لە 9% بەرزکردووەتەوە و بەردەوامـە لە زیاترکردنی ئەو پشـکە، بابەتێک کە دەتوانێت لە کێشە سیاسی و سنوورییەکانی لەگەڵ ژاپۆن لە بەرژەوەندیی ڕووسیا بشکێتەوە.

هەڵبەتە بەپێی ڕێسـا بنەڕەتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسـیا، پەیوەنـدی و هاوکاریی دوو یان فرەلایـەن لەگەڵ وڵاتانـی هەنـاردەکاری نەوت یان کۆمپانیـا نەوتییـەکان ناتوانێت کاریگەری لەسـەر ڕکابەریـی ئـەو وڵاتە بۆ چوونە ناو بازاڕی فرۆشـی نـەوت دابنێت و ئـەو وڵاتە بەبێ گەڕانـەوە بۆ ئەو پەیوەندیانە، تەواوی هێزی سیاسی و ئابووریی خۆی بۆ داگیرکردنی بازاڕەکان بەکاردێنێ تاوەکوو ژێرخانی پێویسـت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی وزەی خۆی دابین بکات، هەروەک سـەرەڕای هەموو ڕێککەوتن و پەیوەندییەکی خۆی لەگەڵ سعودیە، پشکی خۆی لە سەرەکیترین بازاڕەکانی نەوتی ئەو وڵاتە زیاد کردووە (وەکوو چین کە باسمان کرد) و هەوڵ دەدات جێگای سعودیە بگرێتەوە.

### هەنگاوی نوێی پەرەپێدانی کەرتی نەوتی ڕووسیا و دەرچوون لە ڕێککەوتنەکان:

هاوکاریـی ڕووسـیا و سـعودیە لـە گەڕاندنەوەی هاوسـەنگی بـۆ بـازاڕی نـەوت بەپێـی ڕێککەوتنی نۆڤەمبـەری 2016 و هەروەهـا بەرزکردنـەوەی بەردەوامی توانای بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی ڕووسـیا، بووەتـە هۆی بووژانەوەی هێـزی ئەو وڵاتە لە بازاڕی جیهانیـی نەوتدا، بە جۆرێک کە ئەو وڵاتە پـاش ڕێککەوتنی نوێ لەگـەڵ وڵاتانی ناو ڕێکخراوی ئۆپێک لە مانگی تەمـووزی 2018 بۆ بەرزکردنەوەی ئاسـتی بەرهەمهێنانی نەوت بـۆ یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بە عەمەلی پشـکە دیاریکراوەکانی تێپەڕ کـردووە و بەرهەمهێنـان و هەناردەکردنی نەوتی بۆ بەرزترین ئاست لە مێژووی خۆیدا بەرز کردووەتەوە و بەتەمایە بە کەڵکوەرگرتن لەو هەلەی لە بازاڕی نەوتدا بۆی ڕەخساوە، ڕۆڵی ڕێبەری بازاڕ بگێڕێت و حوکمی بازاڕ بکات و پێ لە جێپێی سعودیە و ئۆپێک دابنێت.

ڕووسـیا بـە تەمایـە لـە داهاتوویەکـی نزیکدا و لەحاڵێکدا کە سـعودیە توانای تەکنیکاڵی پێویستی بۆ بەرزکردنەوەی ئاسـتی بەرهەمهێنانی خۆی نییە، هەروەها وڵاتانی ڤەنزوێلا، نایجریا و لیبیا کە سەرقاڵی کێشـەی ناوخۆیین و ئەگـەری کاریگـەری نەرێنیی ئابڵۆقەی ئەمریکا لەسەر هەناردەکردنی نەوتی ئێران هەیە، ئەو هەلە لە بەرژەوەندیی خۆی بقۆزێتەوە و بە بەرزترکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتـی خـۆی، پێگـەی خـۆی وەک گەورەتریـن بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا قایمتر بکات تا بەهۆی پێگەی بێ وێنەی خۆی لە بازاڕەکانی گازی سروشتی و خەڵـووزدا، خەونی مێژوویی خۆی بۆ گەیشـتن بە پێگـەی ڕێبەری بـازاڕی وزە وەدی بهێنێت. ئەوکات ڕووسـیا دەتوانێـت بە جێبەجێکردنی دیپلۆماسـیی وزەی خۆی، ڕۆڵێکی کاریگەرتر لە بازاڕەکانی ئەوروپا و خۆرهەڵاتی ئاسیادا ببینێ و هاوکێشەکانی داهاتووی بازاڕی نەوت بۆ بەرژەوەندیی خۆی بگۆڕێت.

ڕووسیا لە ساڵانی ڕابردوودا بێجگە لە پەرەپێدان بـە هەناردەکـردن و چوونە نـاو بازاڕەکانی جیهانی نەوتـەوە، هەوڵـی داوە هـاوکاری و وەبەرهێنانـی هاوبـەش لە بواری نەوت لەگـەڵ وڵاتانی ناو ئۆپێک (بەتایبـەت عێراق، قەتەر و سـعودیە) زیاتر بکات، پۆینتێک کە دەتوانێت لە کاتی پێویستدا ئەو توانایە بدات بە ڕووسیا کە لە بەرژەوەندیی خۆی کاریگەری لەسـەر ئاسـتی بەرهەمهێنان یـان هەناردەکردنی نەوتـی ئەو وڵاتانە دابنێت یان سنووردارایان بکات، بابەتێـک کە دەتوانێت هاوسـەنگیی بـازاڕی نەوت بگۆڕێـت و لەسـاڵانی داهاتـوودا قۆناغێکی نوێ لە ڕووبەڕووبوونـەوەی وڵاتانـی هەنـاردەکاری نـەوت پێکبهێنێت، وەک ئەوەی لە ساڵی 2014 ڕوویدا و لە زەرەری هەموویان شکایەوە.



ڕووسیا توانیویەتی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی لە ماوەی ساڵانی 1995 بۆ 2007 بەڕێژەی 76% بەرز بکاتەوە

> ڕووسیا توانای بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی بە ئاستێک بەرز کردووەتەوە بووەتە گەورەترین بەرهەمهێنەر و دووەم گەورە هەناردەکاری نەوتی جیهان

ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی رووسیا (ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا)



## تەرمی ئافرەتێک لە ئاوی پردێدا دەدۆزرێتەوە

**رووداو- هەولێر**

رۆژی 2018/8/30 ئافرەتێکی تەمەن 39 ساڵان دانیشتووی ناحیەی پردێ، دوای دوو کاژێر دیارنەمانی، تەرمەکەی لە ئاوی پردێ دۆزرایەوە. عەقید عەبدی نەجمەدین، بەڕێوبەری پولیسی پردێ بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای ئەوەی لەلایەن هاوڵاتییەکەوە ئاگادارکراینەوە لە تەرمی ئافرەتێک لەنێو ئاوی پردێ، هێزەکانی پۆلیس تەرمەکەیان دەرهێنا و رەوانەی پزیشکی دادوەری کەرکوکیان کرد". پۆلیس دەڵێت هێشتا هۆکاری رووداوەکە دیارنییە و چاوەڕێی راپۆرتی پزیشکی دەکەن. بەگوتەی کەسوکارەکەی، ئەو ئافرەتە ماوەی 22 ساڵە نەخۆشیی دەروونی هەیە، نازانن کە خنکاوە یان خۆی خنکاندووە.



رووداو
ژنان
ژمارە (519) - دووشەممە 2018/9/3

### لەسەرەمەرگدا سکاڵای لەسەر کوڕەکە تۆمار کرد

# ئەو کوڕەی هەڕەشەی لە "کچەکەی قەڵادزێ" کردبوو دەستگیرکرا



(پ) لە ترسی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا

**عومەر چاوشین**
**رووداو – قەڵادزێ**

جەژنی قوربانی ئەمساڵ، جەژنی شین و لەخۆدان بوو بۆ کەسوکاری چەند ئافرەتێک لە دەڤەری پشدەر و بتوێن کە بە هۆکار و ئامرازی جیاواز خۆیان لەناوبرد، بەڵام هیچیان هێندەی رووداوی خۆسووتاندنی (پ) دەنگدانەوەی نەبوو، چونکە ئەو ئامادە نەبوو لە ژێر گوشاردا تەسلیم ببێ.

رۆژی 2018/8/23 لە سێیەم رۆژی جەژنی قورباندا لە شارۆچکەی قەڵادزێ کچێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی (پ.ح.ئە) ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و رۆژی دواتر لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی گیانی دەرچوو.

خۆسووتاندنی ئەو کچە دەنگدانەوەی زۆری بەدواداهات، دوای ئەوەی دەرکەوت کوڕێک هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی لێکردووە، ئەگەر داواکارییەکانی جێبەجێ نەکات، بەڵام کچەکە لە جیاتی تەسلیمبوون، مەرگی هەڵبژارد.

محەممەد، مامی (پ)، باسی هۆکاری خۆسووتاندنی برازاکەی دەکات و دەڵێت: "برازاکەم لەبەر هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی خۆی سووتاند، ترسی هەبووە ئابڕووی ببەن، بۆیە خۆی سووتاند".

محەممەد نازانێ برازاکەی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کوڕەدا هەبووە یان نا کە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی لێکردووە. محەممەد گوتی "ئێمە نە ئەو کوڕە و نە خێزانەکەشی نازانین کێن. بۆمان روون نەبووەتەوە، پەیوەندی سۆزداری لە نێوانیاندا هەبووە یان ئەو کوڕە بە پیلان وێنەکانی (پ)ی دەستکەوتووە. ئێمە سکاڵامان لەسەر تۆمار کردووە و چاوەڕێی ئیجرائاتی قانوونین بەرامبەری".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە رووداوەکە دەڵێت: "گومان دەکرێ ئەو کچ و کوڕە پەیوەندی خۆشەویستییان هەبووبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کچەکە تازە پێدەگەیشت، کوڕەکە دەرفەتی هێنابێ و کچەکەی خستبێتە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی سێکسی لەگەڵ بکات، کاتێک کچەکە تەسلیمی نەبووە، هەڕەشەی لێکردووە کە بە فۆتۆشۆپ دەستکاری وێنەکانی دەکات و بڵاوی دەکاتەوە. ئەو کچەش تەمەنێکی کەمی هەبووە، ترساوە پەنا بۆ کەسێک بەرێت کێشەکەی بۆ چارەسەر بکات، بۆ ئەوەی ئابڕووی نەچێ،

> دەستمان بەسەر زۆر شتدا گرتووە لە مۆبایل و نامەکانی نێوانیان
>
> پۆلیس

پێیوابووە خۆلەناوبردن تاکە چارەسەرە، بۆیە پەنای بۆ خۆسووتاندن بردووە".

هەر دوای رووداوەکە (پ) گەیەنرایە نەخۆشخانە. عوسمان محەممەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی قەڵادزێ، ئەنجامی پشکنینەکەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی: "ئەو کچە نەوتی بەخۆیدا کردبوو، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابوو، رێژەی سووتانەکەشی 70% بوو، بۆیە بەڕێمان کرد بۆ سلێمانی، بەڵام تەنیا یەک رۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە و مرد".

(پ) ئەو رۆژەی لە نەخۆشخانە لە ژێر چاودێریی پزیشکدا بووە، هەموو شتێکی بۆ پۆلیس باس کردووە و سکاڵای لەسەر ئەو کوڕە تۆمار کردووە کە هۆکاری خۆسووتاندنەکەی بووە.

رائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی راپەڕین بە (رووداو)ی گوت: "رۆژی 2018/8/23 هێزەکانی پۆلیس لە خۆسووتاندنی کچێکی تەمەن 17 ساڵی ئاگادارکرانەوە، دوای بەدواداچوونی پۆلیس دەرکەوت ئەو کچە کێشەی لەگەڵ کوڕێکدا هەبووە کە گومان دەکرێ هاوڕێی بووە، ئەو کوڕە داوای تایبەتی لە کچەکە هەبووە، بەڵام ئەو رەتیکردووەتەوە، کوڕەکە گوشاری زانیاری بۆ کچەکە هێناوە و ئەویش خۆی سووتاندووە".

رائید شۆڕش هەروەها گوتی: "کچەکە لەسەرەمەرگدا هەموو شتێکی ئاشکرا کرد، بۆیە پۆلیس بە بڕیاری دادوەر کوڕەکەی دەستگیر کرد، هەرچەندە کوڕەکە نکۆڵی لەوە دەکات کە پەیوەندی بە خۆسووتاندنی کچەکەوە هەبێ، بەڵام کچەکە پەنجەی تۆمەتی بۆ راکێشاوە و دەستیش بەسەر زۆر شتدا گیراوە لە مۆبایل و نامەکانی نێوانیان".

# لە تەمەنی 72 ساڵیدا خۆی دەسووتێنێ

**عومەر چاوشین**
**رووداو – رانیە**

ئەو شەوە تا درەنگ لەگەڵ خوشکەکەی دانیشتن و زۆربەی باس و خواسەکەیان لەبارەی ژیانی رابردوویان بوو. دوای ماڵئاوایی خوشکەکەی، (ع) ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی ماوەیەکی کەم لە نەخۆشخانە مایەوە و مرد.

رۆژی 2018/8/24 ئافرەتێکی تەمەن 72 ساڵ بەناوی (ع.ن.ر) و دانیشتووی رانیە لە نێو ماڵەکەیدا نەوتی بەخۆیدا کرد و خۆی سووتاند، پۆلیس دەڵێت هۆکاری رووداوەکە روون نییە، کەسوکارەکەشی دەڵێن "نەخۆشیی دەروونی هەبوو".

لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەمیشە پیاو سەردار و سالاری ماڵ بووە، بەڵام کوڕێکی (ع) دەڵێت لە ماڵی ئەواندا دایک سەردار بووە. خالید گوتی: "دایکم ئافرەتێکی لێهاتووبوو، ئەو ماڵی بەڕێوەدەبرد، هەموومان پرس و رامان پێدەکرد، تەنانەت خزمەکانیشمان ئەگەر کێشەیەکیان هەبووایە روویان لە دایکم دەکرد".

خالید پێیوایە هۆکاری خۆسووتاندنی دایکی، نەخۆشی بووە و دەڵێت "سێ ساڵ بوو بەردەوام دەیگوت شوێنێکم ئازاری هەیە کە دەمانبردە لای پزیشک، دەیانگوت هیچ کێشەی نییە، تەنیا قەلەقە، تەمەنەکەی وای لێکردبوو تووشی دڵەڕاوکێ ببێت، بەڵام هەرگیز بەبیری هیچ کەسدا نەدەهات خۆی بسووتێنێ".

وەک خالید باسی کرد، شەوی رووداوەکە پووریان میوانیان بووە، تاوەکو درەنگ لەگەڵ دایکی بە یەکەوە دانیشتوون و باسی سەردەمی زوویان کردووە. بەیانی هەڵساوەتەوە و نوێژی بەیانی کردووە، دواتر نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە خۆی بەرداوە.

(ع) بە پەلە گەیەنرایە نەخۆشخانەی رانیە، پاشان بەڕێکرا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام تەنیا یەک سەعات لە نەخۆشخانە مایەوە و بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی، مرد.

خالید دەڵێت: "دایکم لە نەخۆشخانە تەنیا داوای ئاوی کرد، لێمانپرسی بۆچی خۆت سووتاند، بەڵام لەبەر سەختیی برینەکەی نەیتوانی قسە بکات و گیانی سپارد".

خزمێکی (ع) قسەکانی خالید پشتڕاست دەکاتەوە کە دایکی تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، ئەو خزمەیان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت: "من خۆم چەند جارێک لەگەڵیان چووم بۆ لای پزیشک، پزیشکەکان داوایان لە منداڵەکانی دەکرد کە ئەو ئافرەتە بەتەمەندا چووە و پێویستی بە چاودێرییە".

گوتیشی: "نەماندەزانی نەخۆشییەکەی بەو رادەیە کە خۆی بسووتێنێ".

رائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی راپەڕین دەڵێت "ئەو ژنە رێژەی سووتانەکەی زۆر بوو، بۆیە نەمانتوانی ئیفادەی لێوەربگرین، بەڵام پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ کردووەتەوە".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی رانیەش لەبارەی خۆسووتاندنی ئەو بەساڵاچووە بە (رووداو)ی گوت: "پێش کاژێر حەوتی بەیانی ژنێکی سووتاویان هێنایە بەشی فریاکەوتنی خێرا. پشکنینی سەرەتاییمان بۆ کرد و دەرکەوت 90%ی جەستەی سووتاوە، بۆیە بەڕێمانکرد بۆ سلێمانی، بەڵام لەبەر زۆریی رێژەی سووتانەکەی، لە نەخۆشخانە مرد".

# کچێکی 21 ساڵان خۆی دەخنکێنێ



ژیڤان شەوی پێش رووداوەکە لەگەڵ دایک و برایەکی دەمەقاڵێی کردبوو

**رووداو- حاجیاوا**

دایکی ژیڤان، هاواری بۆ دراوسێکانی برد فریای کچەکەی بکەون، بەڵام تاوەکو دراوسێکان گەیشتن کار لەکار ترازابوو، رووح لە جەستەی ژیڤاندا نەمابوو.

بەرەبەیانی رۆژی 2018/8/25 کچێکی تەمەن 21 ساڵ بەناوی ژیڤان خدر حەمەد، دانیشتووی گەڕەکی شیشاری ناحیەی حاجیاوای سەر بە قەزای راپەڕین، لە نێو ماڵەکەیدا بە لەچک خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. بەگوێرەی زانیارییەکان ژیڤان پێش ئەوەی خۆی بخنکێنێ لەگەڵ دایکی و برایەکیدا دەمەقاڵەی بووە.

ئەیاس ئەنوەر، کە زاوای ئەو ماڵەیە، تاکە کەس بوو بتوانێ قسە لەسەر ئەو رووداوە بکات، ئەیاس گوتی: "ئێمە رۆژێک پێش رووداوەکە لەوێ بووین، هیچ کێشەیەکیان نەبوو، بەڵام ژیڤان خۆی کێشەی گۆشەگیریی هەبوو، نزیکەی دوو ساڵ بوو زۆر بە کەمی قسەی دەکرد و تێکەڵی خەڵک دەبوو".

بە گوتەی ئەیاس، ژیڤان هیچ کێشەیەکی لەگەڵ خێزانەکەیدا نەبووە. ئەیاس گوتی: "شەوی پێش رووداوەکە لەگەڵ دایک و برایەکی لە خۆی بچووکتری لە ماڵەوە بووە، نانی ئێوارەیان خواردووە، تا درەنگ دانیشتوون، بەیانی کە لە خەو هەڵساوە، یەکسەر چووەتە چێشتخانە و لەوێ دوو لەچکی لە یەکدی گرێداون و خۆی پێ خنکاندووە، دایکی کە بە رووداوەکەی زانیبوو هانای بۆ دراوسێکان بردبوو، بەڵام تا ئەوان گەیشتبوون، ژیڤان گیانی دەرچووبوو".

شایەتحاڵێک کە بەسەر رووداوەکەدا چووە، گوتی: "ئێمە بە هاواری دایکی بەسەر رووداوەکەدا چووین، بینیمان کچەکە بە لەچک لە چێشتخانەی ماڵەکەیان خۆی هەڵواسیبوو".

ئەو شایەتحاڵە لەو باوەڕەدایە ژیڤان کێشەیەکی گەورەی هەبووە بۆیە پەنای بۆ خۆخنکاندن بردووە و گوتی: "نەمزانیوە لە ماڵەوە کێشەیان هەبووبێ، بەڵام پێدەچێ لە دەرەوە کێشەی هەبووبێ، یان نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بۆیە خۆی خنکاندووە".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی رانیە دەڵێت: "تەرمی ئەو کچە بەرەبەیانی رۆژی 2018/8/25 گەیەنرایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەمان، دوای پشکنین و توێکاری بۆ تەرمەکە، دەرکەوت کەمتر لە کاژێرێک بەر لەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە، مردووە، رووداوەکەش خۆخنکاندن بووە و دەستی کەسی تێدا نەبووە".

پۆلیس پێیوایە هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو کچە خێزانەکەیەتی، هەرچەندە هیچ سکاڵایەک نییە، بەڵام دۆسیەیان بۆ کردووەتەوە.

رائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی راپەڕین بە (رووداو)ی گوت: "هەرچەندە کەس دەستی لە رووداوەکەدا نییە، بەڵام پێدەچێ خێزانەکەی هۆکاری خۆخنکاندنی کچەکە بن، چونکە پێش رووداوەکە دەمەقاڵە لە نێوان کچەکە و دایکی و برایەکیدا بووە، پێدەچێ هەر لەبەر ئەوەش خۆی خنکاندبێ".

گوتیشی: "کچەکە هیچ بەڵگەیەکی لەدوای خۆی جێنەهێشتووە کەسی پێ تۆمەتبار بکرێ، بەڵام پۆلیس گرنگی بە رووداوەکە دەدات و دۆسیەی بۆ کردووەتەوە".

# دایکی دوو منداڵ خۆی سووتاند

**عومەر چاوشین**
**رووداو- قەڵادزێ**

خێزان و کەسوکاری بەهار جەژنیان لە بەردەم نەخۆشخانە بەڕێکرد، چاوەڕێ بوون پزیشکەکان هەواڵێکی خۆشیان بدەنێ لەبارەی کچەکەیانەوە، بەڵام پزیشکەکان هەواڵی مەرگیان پێدان.

رۆژی 2018/8/18 ئافرەتێکی تەمەن 28 ساڵ بەناوی بەهار عەبدوڵڵا حوسێن، دایکی دوو منداڵ و دانیشتووی ناحیەی هەڵشۆی سەر بە قەزای پشدەر، سووتا و دوای هەفتەیەک لە نەخۆشخانە مرد. پۆلیس و نەخۆشخانە و کەسوکاری دەڵێن خۆی سووتاندووە، بەڵام کەسوکاری هاوژینەکەی دەڵێن رووداوەکە قەزاوقەدەر بووە.

هادی عەبدوڵڵا کە برای بەهارە، دەڵێت هەڵسوکەوتی زاواکەیان لەگەڵ خوشکەکەی خراپ بووە، هەر ئەوەش ناچاری کردووە خۆی بسووتێنێ. هادی گوتی: "خوشکەکەم پێشتر لە مێردەکەی تووڕە بوو، هاتەوە لای ئێمە، بەڵام هەر خۆی گەڕایەوە لای و گوتی دەرفەتێکی دیکەی دەدەمێ، بەڵکو چاک ببێ".

هادی باسی رۆژی رووداوەکە دەکات و دەڵێت: "بەهار ئێوارە خۆی سووتاندبوو، رۆژی دواتر تەلەفۆنەکەیان دابووە دەستی بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ ئێمە بکات. ئەو گوتی لە کاتی ئامادەکردنی خواردندا سووتاوە، برینەکەشی سووکە، بەڵام کە چووینە نەخۆشخانە دەرکەوت خۆی سووتاندووە و یەکسەر سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمار کرد".

هادی دەڵێت ئەو رۆژەی کە خوشکەکەی، خۆی سووتاندووە، لەلایەن مێردەکەیەوە لێیدراوە.

ئومێد-یش کە خزمێکی نزیکی بەهارە، هاوژینی بەهار بە هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو ژنە دەزانێ و دەڵێت: "ئەو پیاوە پێشتریش ژنی هەبووە و لەگەڵی باش نەبووە و تەڵاقی داوە. لەگەڵ بەهاریش خراپ بوو، بەهار زۆر ئامۆژگاری دەکرد، بەڵام بە قسەی نەدەکرد".

کەسوکاری بەهار رێگەیان نەدا هەندێک لە خزمەکانی زاواکەیان بەشداری لە پرسەکەیدا بکەن، چونکە پێیانوابوو ئەوان هاندەر بوون بۆ ئەوەی بەهار خۆی بسووتێنێ.

عەبدوڵڵا ئەحمەد کە برای هاوژینی بەهارە رەتیکردەوە کە ئەو ژنە خۆی سووتاندبێ و گوتی: "بەهار سەرەتا لە نەخۆشخانە گوتبووی رووداوەکە قەزاوقەدەر بووە و سووتاوە، بەڵام پێموایە لەژێر گوشاری کەسوکارەکەیدا گوتەکانی گۆڕی و سکاڵای لەسەر هاوژینەکەی تۆمار کرد".

عەبدوڵڵا باسی کاتی رووداوەکەی کرد و گوتی: "ئەوکاتەی رووداوەکە روویدا منداڵەکەی هات و گوتی مامە وەرە دایکم بە غاز سووتاوە، تا گەشتمە ئەوێ دایکم و خوشکم و براکانم کوژاندبوویانەوە".

عوسمان محەممەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ لەبارەی ئەو رووداوە گوتی: "ئەو ژنە هێنرایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەمان، نزیکەی 60%ی جەستەی سووتابوو، رووداوەکەش قەزاو قەدەر نەبووە، ژنەکە خۆی سووتاندبوو".

هەر لەوبارەوە رائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی راپەڕین بە (رووداو)ی گوت: "ئەو ژنە سەرەتا لە نەخۆشخانەی قەڵادزێ گوتی رووداوەکە قەزاوقەدەر بووە، بەڵام لە نەخۆشخانەی سلێمانی ئیفادەکەی گۆڕی و سکاڵای لەسەر هاوژینەکەی تۆمار کرد، بۆیە پۆلیس هاوژینەکەی دەستگیر کرد".



کەسوکاری بەهار جەژنیان لەبەردەم نەخۆشخانە کرد

ژنان
ڕووداو
ژمارە (519) - دووشەممە 2018/9/3



## تەرمی ئافرەتێک لە ئاوی پردێدا دەدۆزرێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2018/8/30 ئافرەتێکی تەمەن 39 ساڵان دانیشتووی ناحیەی پردێ، دوای دوو کاژێر دیارنەمانی، تەرمەکەی لە ئاوی پردێ دۆزرایەوە. عەقید عەبدی نەجمەدین، بەڕێوبەری پولیسی پردێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی لەلایەن هاوڵاتییەکەوە ئاگادارکراینەوە لە تەرمی ئافرەتێک لەنێو ئاوی پردێ، هێزەکانی پۆلیس تەرمەکەیان دەرهێنا و ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کەرکوکیان کرد". پۆلیس دەڵێت هێشتا هۆکاری ڕووداوەکە دیارنییە و چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکی دەکەن. بەگوتەی کەسوکارەکەی، ئەو ئافرەتە ماوەی 22 ساڵە نەخۆشیی دەروونی هەیە، نازانن کە خنکاوە یان خۆی خنکاندووە.

### لەسەرەمەرگدا سکاڵای لەسەر کوڕەکە تۆمار کرد

# ئەو کوڕەی هەڕەشەی لە "کچەکەی قەڵادزێ" کردبوو دەستگیرکرا

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو — قەڵادزێ**



(پ) لە ترسی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا

جەژنی قوربانی ئەمساڵ، جەژنی شین و لەخۆدان بوو بۆ کەسوکاری چەند ئافرەتێک لە دەڤەری پشدەر و بتوێن کە بە هۆکار و ئامرازی جیاواز خۆیان لەناوبرد، بەڵام هیچیان هێندەی ڕووداوی خۆسووتاندنی (پ) دەنگدانەوەی نەبوو، چونکە ئەو ئامادە نەبوو لە ژێر گوشاردا تەسلیم ببێ.

ڕۆژی 2018/8/23 لە سێیەم ڕۆژی جەژنی قورباندا لە شارۆچکەی قەڵادزێ کچێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی (پ.ح.ئە) ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و ڕۆژی دواتر لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی گیانی دەرچوو.

خۆسووتاندنی ئەو کچە دەنگدانەوەی زۆری بەدواداهات، دوای ئەوەی دەرکەوت کوڕێک هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی لێکردووە، ئەگەر داواکارییەکانی جێبەجێ نەکات، بەڵام کچەکە لە جیاتی تەسلیمبوون، مەرگی هەڵبژارد.

محەممەد، مامی (پ)، باسی هۆکاری خۆسووتاندنی برازاکەی دەکات و دەڵێت: "برازاکەم لەبەر هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی خۆی سووتاند، ترسی هەبووە ئابڕووی ببەن، بۆیە خۆی سووتاند".

محەممەد نازانێ برازاکەی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کوڕەدا هەبووە یان نا کە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی لێکردووە. محەممەد گوتی "ئێمە نە ئەو کوڕە و نە خێزانەکەشی نازانین کێن. بۆمان ڕوون نەبووەتەوە، پەیوەندی سۆزداری لە نێوانیاندا هەبووە یان ئەو کوڕە بە پیلان وێنەکانی (پ)ی دەستکەوتووە. ئێمە سکاڵامان لەسەر تۆمار کردووە و چاوەڕێی ئیجرائاتی قانوونین بەرامبەری".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ڕووداوەکە دەڵێت: "گومان دەکرێ ئەو کچ و کوڕە پەیوەندی خۆشەویستییان هەبووبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کچەکە تازە پێدەگەیشت، کوڕەکە دەرفەتی هێنابێ و کچەکەی خستبێتە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی سێکسی لەگەڵ بکات، کاتێک کچەکە تەسلیمی نەبووە، هەڕەشەی لێکردووە کە بە فۆتۆشۆپ دەستکاری وێنەکانی دەکات و بڵاوی دەکاتەوە. ئەو کچەش تەمەنێکی کەمی هەبووە، ترساوە پەنا بۆ کەسێک بەرێت کێشەکەی بۆ چارەسەر بکات، بۆ ئەوەی ئابڕووی نەچێ، پێیوابووە خۆلەناوبردن تاکە چارەسەرە، بۆیە پەنای بۆ خۆسووتاندن بردووە".

هەر دوای ڕووداوەکە (پ) گەیەنرایە نەخۆشخانە. عوسمان محەممەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی قەڵادزێ، ئەنجامی پشکنینەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی: "ئەو کچە نەوتی بەخۆیدا کردبوو، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابوو، ڕێژەی سووتانەکەشی 70% بوو، بۆیە بەڕێمان کرد بۆ سلێمانی، بەڵام تەنیا یەک ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە و مرد".

> دەستمان بەسەر زۆر شتدا گرتووە لە مۆبایل و نامەکانی نێوانیان
>
> پۆلیس

(پ) ئەو ڕۆژەی لە نەخۆشخانە لە ژێر چاودێریی پزیشکدا بووە، هەموو شتێکی بۆ پۆلیس باس کردووە و سکاڵای لەسەر ئەو کوڕە تۆمار کردووە کە هۆکاری خۆسووتاندنەکەی بووە.

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕۆژی 2018/8/23 هێزەکانی پۆلیس لە خۆسووتاندنی کچێکی تەمەن 17 ساڵی ئاگادارکرانەوە، دوای بەدواداچوونی پۆلیس دەرکەوت ئەو کچە کێشەی لەگەڵ کوڕێکدا هەبووە کە گومان دەکرێ هاوڕێی بووە، ئەو کوڕە داوای تایبەتی لە کچەکە هەبووە، بەڵام ئەو ڕەتیکردووەتەوە، کوڕەکە گوشاری زانیاری بۆ کچەکە هێناوە و ئەویش خۆی سووتاندووە".

ڕائید شۆڕش هەروەها گوتی: "کچەکە لەسەرەمەرگدا هەموو شتێکی ئاشکرا کرد، بۆیە پۆلیس بە بڕیاری دادوەر کوڕەکەی دەستگیر کرد، هەرچەندە کوڕەکە نکۆڵی لەوە دەکات کە پەیوەندی بە خۆسووتاندنی کچەکەوە هەبێ، بەڵام کچەکە پەنجەی تۆمەتی بۆ ڕاکێشاوە و دەستیش بەسەر زۆر شتدا گیراوە لە مۆبایل و نامەکانی نێوانیان".

# لە تەمەنی 72 ساڵیدا خۆی دەسووتێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو — ڕانیە**

ئەو شەوە تا درەنگ لەگەڵ خوشکەکەی دانیشتن و زۆربەی باس و خواسەکەیان لەبارەی ژیانی ڕابردوویان بوو. دوای ماڵئاوایی خوشکەکەی، (ع) ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی ماوەیەکی کەم لە نەخۆشخانە مایەوە و مرد.

ڕۆژی 2018/8/24 ئافرەتێکی تەمەن 72 ساڵ بەناوی (ع.ن.ر) و دانیشتووی ڕانیە لە نێو ماڵەکەیدا نەوتی بەخۆیدا کرد و خۆی سووتاند، پۆلیس دەڵێت هۆکاری ڕووداوەکە ڕوون نییە، کەسوکارەکەشی دەڵێن "نەخۆشیی دەروونی هەبوو".

لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەمیشە پیاو سەردار و سالاری ماڵ بووە، بەڵام کوڕێکی (ع) دەڵێت لە ماڵی ئەواندا دایک سەردار بووە. خالید گوتی: "دایکم ئافرەتێکی لێهاتووبوو، ئەو ماڵی بەڕێوەدەبرد، هەموومان پرس و ڕامان پێدەکرد، تەنانەت خزمەکانیشمان ئەگەر کێشەیەکیان هەبوایە ڕوویان لە دایکم دەکرد".

خالید پێیوایە هۆکاری خۆسووتاندنی دایکی، نەخۆشی بووە و دەڵێت "سێ ساڵ بوو بەردەوام دەیگوت شوێنێکم ئازاری هەیە کە دەمانبردە لای پزیشک، دەیانگوت هیچ کێشەی نییە، تەنیا قەلەقە، تەمەنەکەی وای لێکردبوو تووشی دڵەڕاوکێ ببێت، بەڵام هەرگیز بەبیری هیچ کەسدا نەدەهات خۆی بسووتێنێ".

وەک خالید باسی کرد، شەوی ڕووداوەکە پووریان میوانیان بووە، تاوەکو درەنگ لەگەڵ دایکی بە یەکەوە دانیشتوون و باسی سەردەمی زوویان کردووە. بەیانی هەڵساوەتەوە و نوێژی بەیانی کردووە، دواتر نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە خۆی بەرداوە.

(ع) بە پەلە گەیەنرایە نەخۆشخانەی ڕانیە، پاشان بەڕێکرا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام تەنیا یەک سەعات لە نەخۆشخانە مایەوە و بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی، مرد.

خالید دەڵێت: "دایکم لە نەخۆشخانە تەنیا داوای ئاوی کرد، لێمانپرسی بۆچی خۆت سووتاند، بەڵام لەبەر سەختیی برینەکەی نەیتوانی قسە بکات و گیانی سپارد".

خزمێکی (ع) قسەکانی خالید پشتڕاست دەکاتەوە کە دایکی تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، ئەو خزمەیان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "من خۆم چەند جارێک لەگەڵیان چووم بۆ لای پزیشک، پزیشکەکان داوایان لە منداڵەکانی دەکرد کە ئەو ئافرەتە بەتەمەندا چووە و پێویستی بە چاودێرییە".

گوتیشی: "نەماندەزانی نەخۆشییەکەی بەو ڕاددەیە کە خۆی بسووتێنێ".

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین دەڵێت "ئەو ژنە ڕێژەی سووتانەکەی زۆر بوو، بۆیە نەمانتوانی ئیفادەی لێوەربگرین، بەڵام پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ کردووەتەوە".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیەش لەبارەی خۆسووتاندنی ئەو بەساڵاچووە بە (ڕووداو)ی گوت: "پێش کاژێر حەوتی بەیانی ژنێکی سووتاویان هێنایە بەشی فریاکەوتنی خێرا. پشکنینی سەرەتاییمان بۆ کرد و دەرکەوت 90%ی جەستەی سووتاوە، بۆیە بەڕێمانکرد بۆ سلێمانی، بەڵام لەبەر زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی، لە نەخۆشخانە مرد".

# کچێکی 21 ساڵان خۆی دەخنکێنێ



ژیڤان شەوی پێش ڕووداوەکە لەگەڵ دایک و برایەکی دەمەقاڵەی کردبوو

**ڕووداو- حاجیاوا**

دایکی ژیڤان، هاواری بۆ دراوسێکانی برد فریای کچەکەی بکەون، بەڵام تاوەکو دراوسێکان گەیشتن کار لەکار ترازابوو، ڕووح لە جەستەی ژیڤاندا نەمابوو.

بەرەبەیانی ڕۆژی 2018/8/25 کچێکی تەمەن 21 ساڵ بەناوی ژیڤان خدر حەمەد، دانیشتووی گەڕەکی شیشاری ناحیەی حاجیاوای سەر بە قەزای ڕاپەڕین، لە نێو ماڵەکەیدا بە لەچک خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. بەگوێرەی زانیارییەکان ژیڤان پێش ئەوەی خۆی بخنکێنێ لەگەڵ دایکی و برایەکیدا دەمەقاڵەی بووە.

ئەیاس ئەنوەر، کە زاوای ئەو ماڵەیە، تاکە کەس بوو بتوانێ قسە لەسەر ئەو ڕووداوە بکات، ئەیاس گوتی: "ئێمە ڕۆژێک پێش ڕووداوەکە لەوێ بووین، هیچ کێشەیەکیان نەبوو، بەڵام ژیڤان خۆی کێشەی گۆشەگیریی هەبوو، نزیکەی دوو ساڵ بوو زۆر بە کەمی قسەی دەکرد و تێکەڵی خەڵک دەبوو".

بە گوتەی ئەیاس، ژیڤان هیچ کێشەیەکی لەگەڵ خێزانەکەیدا نەبووە. ئەیاس گوتی: "شەوی پێش ڕووداوەکە لەگەڵ دایک و برایەکی لە خۆی بچووکتری لە ماڵەوە بووە، نانی ئێوارەیان خواردووە، تا درەنگ دانیشتوون، بەیانی کە لە خەو هەڵساوە، یەکسەر چووەتە چێشتخانە و لەوێ دوو لەچکی لە یەکدی گرێداون و خۆی پێ خنکاندووە، دایکی کە بە ڕووداوەکەی زانیبوو هانای بۆ دراوسێکان بردبوو، بەڵام تا ئەوان گەیشتبوون، ژیڤان گیانی دەرچووبوو".

شایەتحاڵێک کە بەسەر ڕووداوەکەدا چووە، گوتی: "ئێمە بە هاواری دایکی بەسەر ڕووداوەکەدا چووین، بینیمان کچەکە بە لەچک لە چێشتخانەی ماڵەکەیان خۆی هەڵواسیبوو".

ئەو شایەتحاڵە لەو باوەڕەدایە ژیڤان کێشەیەکی گەورەی هەبووە بۆیە پەنای بۆ خۆخنکاندن بردووە و گوتی: "نەمزانیوە لە ماڵەوە کێشەیان هەبووبێ، بەڵام پێدەچێ لە دەرەوە کێشەی هەبووبێ، یان نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بۆیە خۆی خنکاندووە".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە دەڵێت: "تەرمی ئەو کچە بەرەبەیانی ڕۆژی 2018/8/25 گەیەنرایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەمان، دوای پشکنین و توێکاری بۆ تەرمەکە، دەرکەوت کەمتر لە کاژێرێک بەر لەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە، مردووە، ڕووداوەکەش خۆخنکاندن بووە و دەستی کەسی تێدا نەبووە".

پۆلیس پێیوایە هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو کچە خێزانەکەیەتی، هەرچەندە هیچ سکاڵایەک نییە، بەڵام دۆسیەیان بۆ کردووەتەوە.

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت: "هەرچەندە کەس دەستی لە ڕووداوەکەدا نییە، بەڵام پێدەچێ خێزانەکەی هۆکاری خۆخنکاندنی کچەکە بن، چونکە پێش ڕووداوەکە دەمەقاڵە لە نێوان کچەکە و دایکی و برایەکیدا بووە، پێدەچێ هەر لەبەر ئەوەش خۆی خنکاندبێ".

گوتیشی: "کچەکە هیچ بەڵگەیەکی لەدوای خۆی جێنەهێشتووە کەسی پێ تۆمەتبار بکرێ، بەڵام پۆلیس گرنگی بە ڕووداوەکە دەدات و دۆسیەی بۆ کردووەتەوە".

# دایکی دوو منداڵ خۆی سووتاند

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- قەڵادزێ**

خێزان و کەسوکاری بەهار جەژنیان لە بەردەم نەخۆشخانە بەڕێکرد، چاوەڕێ بوون پزیشکەکان هەواڵێکی خۆشیان بدەنێ لەبارەی کچەکەیانەوە، بەڵام پزیشکەکان هەواڵی مەرگیان پێدان.

ڕۆژی 2018/8/18 ئافرەتێکی تەمەن 28 ساڵ بەناوی بەهار عەبدوڵڵا حوسێن، دایکی دوو منداڵ و دانیشتووی ناحیەی هەڵشۆی سەر بە قەزای پشدەر، سووتا و دوای هەفتەیەک لە نەخۆشخانە مرد. پۆلیس و نەخۆشخانە و کەسوکاری دەڵێن خۆی سووتاندووە، بەڵام کەسوکاری هاوژینەکەی دەڵێن ڕووداوەکە قەزاوقەدەر بووە.

هادی عەبدوڵڵا کە برای بەهارە، دەڵێت هەڵسوکەوتی زاواکەیان لەگەڵ خوشکەکەی خراپ بووە، هەر ئەوەش ناچاری کردووە خۆی بسووتێنێ. هادی گوتی: "خوشکەکەم پێشتر لە مێردەکەی تووڕە بوو، هاتەوە لای ئێمە، بەڵام هەر خۆی گەڕایەوە لای و گوتی دەرفەتێکی دیکەی دەدەمێ، بەڵکو چاک ببێ".

هادی باسی ڕۆژی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "بەهار ئێوارە خۆی سووتاندبوو، ڕۆژی دواتر تەلەفۆنەکەیان دابووە دەستی بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ ئێمە بکات. ئەو گوتی لە کاتی ئامادەکردنی خواردندا سووتاوە، برینەکەشی سووکە، بەڵام کە چووینە نەخۆشخانە دەرکەوت خۆی سووتاندووە و یەکسەر سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمار کرد".

هادی دەڵێت ئەو ڕۆژەی کە خوشکەکەی، خۆی سووتاندووە، لەلایەن مێردەکەیەوە لێیدراوە.

ئومێد-یش کە خزمێکی نزیکی بەهارە، هاوژینی بەهار بە هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو ژنە دەزانێ و دەڵێت: "ئەو پیاوە پێشتریش ژنی هەبووە و لەگەڵی باش نەبووە و تەڵاقی داوە. لەگەڵ بەهاریش خراپ بوو، بەهار زۆر ئامۆژگاری دەکرد، بەڵام بە قسەی نەدەکرد".

کەسوکاری بەهار ڕێگەیان نەدا هەندێک لە خزمەکانی زاواکەیان بەشداری لە پرسەکەیدا بکەن، چونکە پێیانوابوو ئەوان هاندەر بوون بۆ ئەوەی بەهار خۆی بسووتێنێ.

عەبدوڵڵا ئەحمەد کە برای هاوژینی بەهارە ڕەتیکردەوە کە ئەو ژنە خۆی سووتاندبێ و گوتی: "بەهار سەرەتا لە نەخۆشخانە گوتبووی ڕووداوەکە قەزاوقەدەر بووە و سووتاوە، بەڵام پێموایە لەژێر گوشاری کەسوکارەکەیدا گوتەکانی گۆڕی و سکاڵای لەسەر هاوژینەکەی تۆمار کرد".

عەبدوڵڵا باسی کاتی ڕووداوەکەی کرد و گوتی: "ئەوکاتەی ڕووداوەکە ڕوویدا منداڵەکەی هات و گوتی مامە وەرە دایکم بە غاز سووتاوە، تا گەشتمە ئەوێ دایکم و خوشکم و براکانم کوژاندبوویانەوە".

عوسمان محەممەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ لەبارەی ئەو ڕووداوە گوتی: "ئەو ژنە هێنرایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەمان، نزیکەی 60%ی جەستەی سووتابوو، ڕووداوەکەش قەزاو قەدەر نەبووە، ژنەکە خۆی سووتاندبوو".

هەر لەوبارەوە ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ژنە سەرەتا لە نەخۆشخانەی قەڵادزێ گوتی ڕووداوەکە قەزاوقەدەر بووە، بەڵام لە نەخۆشخانەی سلێمانی ئیفادەکەی گۆڕی و سکاڵای لەسەر هاوژینەکەی تۆمار کرد، بۆیە پۆلیس هاوژینەکەی دەستگیر کرد".



کەسوکاری بەهار جەژنیان لەبەردەم نەخۆشخانە کرد

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (519) - دووشەممە 2018/9/3



## لە کۆیە گەنجێک خۆی کوشت

**ڕووداو- هەولێر**

شەوی 2018/9/2 گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ لە چیای هەیبەتسوڵتان لە قەزای کۆیە خۆی کوشت. عەمید شۆڕش کاکە، بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە بە (ڕووداو)ی گوت: "کاژێر 3ـی بەرەبەیانی 2018/9/2 هێزەکانمان ئاگادارکرانەوە لەدۆزینەوەی تەرمێک. بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەرکەوت گەنجێکە و خۆی کوشتووە. ئاسەواری فیشەکێک بە لای ڕاستی سەرییەوە هەبوو، هەروەها دەمانچەیەکیش لە شوێنی ڕووداوەکە بووە". عەمید شۆڕش کاکە گوتیشی "گەنجەکە ناوی (ە.ع.ت)ـە و لەدایکبووی ساڵی 1997، تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادی هەولێر کراوە و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەستی پێکردووە، بەڵام هێشتا بەهۆی پرسەکەی، وتەی کەسوکارەکەی گەنجەکەمان وەرنەگرتووە". گەنجەکە پێش خۆکوشتنی لە فەیسبووک نووسیویەتی "سبەینێ پرسەیە".

# گەنجێک دایکی خۆی لەسەر گومانێک دەکوژێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

کاتێک (ئە) باوکی بە کزۆڵی بەسەر ئەو قورئانەوە دەبینێ کە هەموو بەیانییەک چەند ئایەتێکی لێدەخوێنێتەوە، گلەییەکانی باوکی دێنەوە خەیاڵ کە لە دایکی هەیە، بۆیە هەر بەو بەیانییە هەموو ئەندامانی ماڵەوە دەنێرێتە ماڵی خوشکەکەی و پاشان دایکی خۆی دەکوژێ.

فرمێسک کەلەپچەکانی دەستی (ئە.م) تەڕ دەکەن کاتێک بەدەم گریانەوە باسی تاوانەکەی دەکات و دەڵێت: "نازانم چۆن کوشتم". ئەو گەنجە بەیانیی ڕۆژی 2018/8/29 لە نێو ماڵی خۆیاندا لە یەکێک لە گەڕەکەکانی هەولێر تەقەی لە دایکی کرد و کوشتی. دوای ڕووداوەکەش خۆی و باوکی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران.

کاتێک خاوەن مارکێتێکی نزیکی ماڵیان بە (م.ە)ی مێردی ژنە کوژراوەکە دەڵێت: "ژنێک هەندێک شتی لە مارکێتەکەم بردووە و پارەی نەداوە". ئەو یەکسەر خەیاڵی بۆ لای ژنەکەی خۆی دەچێ. دواتر ئەوە بۆ کوڕەکەی باس دەکات و ئەویش زۆر پێی تووڕە دەبێ.

(ئە،م) تەمەنی 22 ساڵە و خێزاندارە و منداڵێکی هەیە. پاسەوانی کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتە. دوای دەستگیرکردنی لەلایەن پۆلیسەوە، قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "دوو ڕۆژ پێش ڕووداوەکە دوکاندارێک بە باوکمی گوتبوو، ژنێک شتی لێرە بردووە و پارەی نەداوە، باوکم بەم قسەیە ڕووخا، هەرچەند گوتم بابە خۆ ناوی دایکمی نەهێناوە، بەڵام باوکم گوتی دیارە مەبەستی دایکتە، ئەمە تەواو بێتاقەتی کردم".



باوکی (ئە) تۆمەتبارە بەوەی هانی کوڕەکەی داوە بۆ ئەو تاوانە



(ئە.م)

قسەی دوکاندارەکە بەردەوام لە مێشکی (ئە)دا دێت و دەچێ، بۆیە بەیانییەک، جگە لە دایکی، داوا لە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی دەکات بچنە ماڵی خوشکەکەی. (ئە) گوتی: "بەهەموانم گوت ماڵی خوشکەکەم داوەتی کردووین بۆ نانی بەیانی بچنە ئەوێ، هەموویانم نارد بۆ ماڵی خوشکەکەم".

(ئە) دەچێتە ئەو کۆمپانیایەی کە پاسەوانیەتی، چەکەکەی دەهێنێتەوە و پاشان تەلەفۆن بۆ (م)ی برای دەکات کە ئەویش پاسەوانی کۆمپانیایەکی دیکەیە. (ئە) دەڵێت: "کە گەیشتمەوە ماڵەوە، دایکم تازە لە خەو هەڵسابوو، لە ژووری میوان لەسەر قەنەفە دانیشتبوو، بە گریانەوە پێمگوت دایکە بۆ وات کردووە، بۆچی شتت هەڵگرتووە و پارەت نەداوە؟ تاکەی لەگەڵ باوکم ڕێکناکەوی و هەموو کات کێشەتان هەیە؟ بەڵام دایکم نکۆڵی کرد، منیش بەرچاوم تاریک بوو، ڕووی تفەنگەکەم تێکرد ویستم بیترسێنم، خۆشم نازانم چۆن میلی چەکەکەم هێنایەوە و تەقەم لێکرد. شۆک بووم و دایکم نەبینی چی لێهات. لەو کاتەدا برا گەورەکەم هاتە ژوورەوە و من هەڵاتم".

دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە، (س)ی دایکی (ئە) دەمرێ، پۆلیس پەیوەندی بە (ئە)وە دەکەن و دەڵێن دایکت بریندارە و وەرە بۆ بنکەی پۆلیس با کێشەکە گەورەتر نەبێ، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێ.

(ئە) دەڵێت ئەو پێشتریش چەندین هەڵەی لە دایکی بینیوە، بەڵام قەت دڵی نەهاتووە لە ڕووی بداتەوە، جگە لەوەی بەردەوام کێشەی لەگەڵ باوکی هەبووە و داوای زێڕ و پارەی کردووە لە باوکی، ئەویش خانەنشین بووە و نەیدەتوانی هەموو داواکانی جێبەجێ بکات. (ئە) گوتی: "ئێمە هەژار نەبووین، خاوەنی خانوو و ئۆتۆمبێلی خۆمان بووین، هەموومان هاوکاریمان دەکرد، بەڵام ئەو بەردەوام کێشەی دەنایەوە، باوکم چەندینجار ئاگاداری کردەوە، بەڵام بێسوود بوو".

بەبڕوای پۆلیس ئەو گەنجە پلانی بۆ کوشتنی دایکی داناوە و تاوانەکەی بەهۆی هەڵچوونێکی لەناکاو نەبووە، چونکە ڕۆژی ڕووداوەکە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی ناردووەتە ماڵی خوشکەکەی، دواتر بە چەکەوە گەڕاوەتەوە ماڵەوە.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "بەرەبەیانی ڕۆژی 2018/8/29 گەنجێک بەناوی (ئە،م) تەقە لە دایکی دەکات و دوو گوللەی لێدەدات. ڕووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە و باوکیشی گەنجەکەش بە تۆمەتی هاندانی کوڕەکەی بۆ کوشتنی دایکی دەستگیرکراوە".

## کارەبای بەردەوامی دابین کردووە

# نابینایەک گوندەکەی دەکاتە نموونەیی



مەلا عومەر بەهۆی تەقینەوەی مینێک کوێر بووە

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕوودلو- پێنجوێن**

لە گوندی ئارووزەری سەر بە قەزای پێنجوێن، خەڵکی ئاواییەکە بە تەواوی حەوانەتەوە. ژیان لەو گوندە جیاوازیی زۆری هەیە لە گوندەکانی دەوروبەری، بەبێ ئەوەی هیچ بەرپرسێکی حیزبی و حکومی خەڵکی ئەوێ بێت.

تیمەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی راکێشانی ڕێگایەکی قیرتاون لە ناحیەی ناڵپارێزەوە بۆ گوندەکە. خزمەتگوزارییەکانی گوندەکە هەمووی بەهۆی پیاوێکەوەیە کە ناتوانێ بەرپێی خۆی ببینێ و کەسانی دیکە بۆ ڕۆیشتن دەستی دەگرن.

مەلا عومەر ئارووزەری، پیاوێکی قسەخۆش و باڵا مامناوەندی لەسەرخۆیە. ماڵەکەی بەردەوام شوێنی کۆبوونەوەی میوان و باسوخواسی لایەنە باش و خراپەکانی ئاواییەکەیە. لەکاتی کێشە و گرفت لەگەڵ گوندەکانی دراوسێشیان، ئەو دەبێتە دەمڕاستی خەڵکەکە و کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکات.

بەهۆی ئەوەی ساڵانێک لەنێو ڕێکخراوی یەکێتیی نابینایانی کوردستان چالاک و هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی ئەو ڕێکخراوە بووە، بووەتە ئەو مەلا عومەرە پڕکار و جموجوڵەی ئێستا. مەلا عومەر دەڵێ: "لە یەکێتیی نابینایان ئەزموونێکی زۆرم وەرگرت لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکان و بەرپرسە ئیداری و حیزبییەکان، دەزانم چۆن داوای شتێک دەکەیت کە خزمەت بە خاک و خەڵک بکەی".

گوندی ئارووزەر سەر بە ناحیەی ناڵپارێزی قەزای پێنجوێنە، زیاتر لە 30 ماڵی تێدا نیشتەجێن. ساڵی 1992 مەلا عومەر یەکێک بوو لەوانەی گەڕایەوە بۆ ئاواییەکەی تاوەکو ئاوەدانی بکەنەوە، بەڵام مین پێیدا تەقییەوە و چاوەکانی لەدەستدان. لەوکاتەوە ژیان لای ئەو پیاوە بەتەواوی تاریک بووە، بەڵام ئەوە ڕێگای لێناگرێت و دوای ئەوەی نەخۆشخانە جێدەهێڵێت، ڕوودەکاتەوە ئاواییە وێرانکراوەکەی "کاتێک دەستمان کرد بە ئاوەدانکردنەوەی ئارووزەر، چوومە لای مام جەلال و زۆر باسی گوندەکەی خۆمانم بۆ کرد، مام جەلالیش 10 هەزار دیناری سویسری داینێ بۆ دروستکردنی مزگەوتی گوندەکە".

ئەوکاتەی (ڕووداو) لە ماڵی مەلا عومەر سەرقاڵی ئامادەکردنی فیچەرێک بوو، ئەو ماوەیەکی کەم بوو لە ئەنجوومەنی وەزیران گەڕابووەوە. بێگومان بەدەستی خاڵی نەگەڕابووەوە، چونکە تیمەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە سەرقاڵبوون ڕێگای ئاواییەکەی ئەو بکەنە قیر و ئەوەش بەرهەمی دواهەوڵی ئەو بوو بۆ ئارووزەر "دەمەوێت ئارووزەر بکەمە گوندێکی نموونەیی". هەر بەڕاستی ئەو دەیەوێ وا بکات. خەڵکی گوندەکەش دەڵێن ئەوان ئێستا بوونەتە خاوەنی زۆر پڕۆژەی خزمەتگوزاری کە ئاواییەکانی دیکە نیانە.

ئەو پیاوە دەڵێ کارمەندی هێڵی گەرمی تەلەفۆنی فریاکەوتن و بەدەمەوەچوونە. بەردەوام مۆبایلەکەی یان زەنگ لێدەدات یان زەنگی بۆ دێت. زۆربەی ئەو تەلەفۆنانەشی لای ئەوەوە دەچن، داواکارین. ئێستا لە ئارووزەر، قوتابخانە و مزگەوت و بنکەی تەندروستی و ڕێگاوبان بەهەوڵی ئەو دروستکراون، تەنانەت کارەبای 24 کاژێریشی دابین کردووە کە لە پێنجوێنەوە رایکێشاوە.

گوندەکەی مەلا عومەر، ئەنجوومەنێکی 15 کەسی هەیە، بۆ ئەوەی کاروبارەکانی ڕۆژانەی ئاواییەکە بەڕێوە ببەن و مەلا عومەر سەرۆکایەتییان دەکات. ڕەعنا محەممەد کە دانیشتووی گوندەکەیە، دەڵێ: "ئێمە بۆیە ئەومان خۆشدەوێ، چونکە ئەوەی دەیکات بۆ خۆی و یەک کەس و یەک ماڵ نییە، بۆ سەرجەم ئاواییەکەیە و بەردەوام خەم دەخوات".

مەلا عومەر پێیوایە دروستکردنی گوندێکی نموونەیی تەنیا بە قوتابخانە و نەخۆشخانە و ڕێگاوبان و کارەبا کۆتایی نایەت "دەبێ خەڵک فێربن پاک و خاوێنی رابگرن و پێویستییەکانی شار لە گوندیشدا هەبن و گەنجەکانیش یاریگایان هەبێت یاری تێدا بکەن"، ڕستەیەکیش بە بەردەوامی دەڵێتەوە: "من حکومەتی خۆم خۆشدەوێ".

ئەحمەد، یەکێکە لە دانیشتووانی ئەو گوندە و ئاوا باسی ئەو پیاوە نابینایە دەکات: "ئەگەر پیاڵە چایەک لە بەردەمی دابنێی چایەکە تەواو ناکات و جێی دەهێڵێ، چونکە زۆربەی کات بە تەلەفۆنەکەیەوە سەرقاڵە، بابەتەکە هەر کاروباری ئاواییەکە نییە، بەڵکو زۆر خەمی کەمئەندامان و نابینایانیش دەخوات و بەردەوام لە تەندروستی و ژیانی خەڵکیش دەپرسێ".

# باوکی خۆیان دەکوژن و تەرمەکەی دەشارنەوە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

ئیحسان بورهان، 51 ساڵ، بەیانی زوو لەگەڵ دوو کوڕەکەی دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی پێداویستی بۆ حانووتەکەی بکڕێ کە لە نێو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک بوو، بێ ئاگا لەوەی دوو کوڕەکەی پیلانی کوشتنیان داناوە. یەکێک لە کوڕەکانی بە دەمانچەیەک تەقەی لێدەکات و دەیکوژێ، دواتر تەرمەکەی لە دەرەوەی شار دەشارنەوە.

ڕۆژی 2018/8/26 پیاوێکی تەمەن 51 ساڵ بەناوی ئیحسان بورهان، دانیشتووی شاری کەرکووک، لەلایەن دوو لە کوڕەکانی بەناوی (م) تەمەن 22 ساڵ و (ع) تەمەن 14 ساڵ بە دەمانچە دەکوژرێ، بەڵام هێشتا خوێنی باوکیان وشک نەبووبووەوە کە ئاشکرا بوون و لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران.

بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی کەرکووک، ئەو بەیانییە دوو کوڕەکە لەگەڵ باوکیان هاتوونەتە دەرەوە بۆ ئەوەی هەندێک پێداویستی بۆ دووکانەکەی باوکیان بکڕن، بەڵام دوای ئەوەی 150 مەتر لە ماڵەوە دوورکەوتوونەتەوە، (م) کە لە تەنیشت باوکی دانیشووە، بە دەمانچە گوللەیەکی لەسەری داوە و کوشتوویەتی، دواتر بۆ شاردنەوەی تەرمەکە و پەردەپۆشکردنی تاوانەکە، خۆی ئۆتۆمبێلەکە لێدەخوڕێت و لەگەڵ براکەی دەچنە سەر ڕێگای چیمەن، لەوێ لە چۆڵەوانییەک تەرمەکە دادەنێن، پاشان جلەکانی لەبەردەکەنەوە و هەندێک خۆڵی بەسەردا دەکەن، پاشان شوێنەکە جێدێڵن و دەچنە ناوچەی کۆڕنیش کە ئاوی خاسەی لێیە، لەوێ دەیانەوێت دەستە خوێناوییەکانیان و ئۆتۆمبێلەکە پاک بکەنەوە، ئەوان بە شڵەژاوییەوە خەریکی پاککردنەوەی خۆیان دەبن، لەو کاتەدا کەسێک دەیانبینێ و گومانیان لێدەکات، بۆیە دەستبەجێ پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام تا پۆلیس دەگاتە ئەوێ، ئەوان دەڕۆن.

دوو براکە دەیانەوێت سیناریۆیەک دروست بکەن، دەچنە بنکەی پۆلیس و هەواڵی دیارنەمانی باوکیان دەدەن، لەو کاتەدا ئەو مەفرەزەیەی لەسەر قسەی هەواڵدەرەکە چووبوونە ناوچەی کۆڕنیش، بۆ وەرگرتنی زانیاری لەگەڵ هەواڵدەرەکە دەگەڕێنەوە بنکە، لەگەڵ گەیشتنیان هەواڵدەرەکە دوو براکە لەهەمان بنکە دەبینێت و دەیانناسێتەوە و بە پۆلیس دەڵێ کە ئەوانە هەمان دوو کەسەکەن، ئینجا پۆلیس دەستگیریان دەکەن و دوای لێکۆڵینەوە ئیعتراف لەسەر کوشتنی باوکیان دەکەن.

لەبارەی هۆکاری کوشتنی باوکیان، (م) و (ع) بە پۆلیسیان گوتووە "باوکمان توندوتیژ بوو لەگەڵمان، بەردەوام کاری پێدەکردین و هیچ پارەشی نەدەداینێ، نەیدەهێشت لەگەڵ هاوڕێکانمان کات بەسەر ببەین، بەردەوام کاری پێدەکردین، تەنانەت نەیهێشت لە خوێندنیش بەردەوام بین، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لێیدەداین، ئێمەش لەو ژیانە بێزار بووین و کوشتمان".

بەڵام (ئا) کە برا گەورەیانە، قسەی براکانی ڕەتکردنەوە و بە (ڕووداو)ی گوت: "باوکم بەو جۆرە نەبوو کە ئەوان باسی دەکەن، براکانم خۆیان سەرەڕۆ بوون، ویستوویانە دوای کوشتنی باوکم پارەکانی ببەن". (ئا) دەڵێت دوای ئەو ڕووداوە خێزانەکەیان حاشایان لەو دوو کوڕە کردووە و دەڵێت: "حاشا ئەو دوو کەسە برای من نین".

لەبارەی ئەو ڕووداوە سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی ئازادی لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 2018/8/26 بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان دوو کوڕ و باوکێک، یەکێک لە کوڕەکان بە دەمانچە هێرشی کردووەتە سەر باوکی و کوشتوویەتی، تەرمی باوکەکە ڕەوانەی دادپزیشکی کرا و هەردوو تۆمەتباریش دەستبەسەر کراون و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

سەبارەت بە چۆنیەتی ئاشکرابوونی تاوانەکە، سەرچاوەکەی بنکەی پۆلیسی ئازادی گوتی "کاتێک ئەو هەواڵدەرە پەیوەندی کرد، پۆلیس گەیشتنە ئەو جێگەیە کە پێی دەڵێن ئاوی خاسە، لەوێ مۆبایلێکیان دۆزییەوە کە لێیان کەوتبوو، مۆبایلی کوژراوەکە بوو، دوای ئەوەی زانیاریمان لەسەر خاوەنی مۆبایلەکە وەرگرت، دەستبەجێ دوو کوڕەکەی کە لەگەڵیدا بوون لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران، دوای لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەگەڵیان، ئیعترافیان لەسەر کوشتنی باوکیان کرد".





برا گەورەی (م) و (ع) دەڵێت براکانی لەپێناوی پارە باوکیان کوشتووە

ڕووداو تاراوگە
ژمارە (519) - دووشەممە 2018/9/3

## کەنەدا هەوڵی نزیککردنەوەی کۆچبەران و کەنەدییەکان دەدات




**ڕووداو- هەولێر**

گرووپی دەستپێشخەری بۆ کوردان لە کەنەدا کەمپێکی هاوینە دەکاتەوە بۆ ئەوەی منداڵ و گەنجە پەنابەرەکان لەگەڵ هاوتەمەنە کەنەدییەکانی دیکەی خۆیاندا ئاشنا بن. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی (CBC) ئەوە سێیەم ساڵە ئەو کەمپە هاوینەیە ڕێکدەخرێ. لەو کەمپەدا پیشانگای نیگار و کاری دەستی بۆ منداڵان و لاوان دەکرێتەوە، ئەمەش وەکو ڕێگەیەک بۆ ئەوەی ئەو پەنابەرە نوێیانە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی کۆمەڵگای کەنەدیدا دروست بکەن. کەمپەکە لە کەنیسەیەکی شاری وینیپێگ لە باشووری کەنەدا سازکراوە و ئەمساڵ 350 منداڵ و گەنج تێیدا بەشدارن.

# دوو کورد لە ئەڵمانیا هەوڵی گۆڕینی یاسای کۆچبەری دەدەن

**ڕووداو- هەولێر**

دوزیـن تەکاڵ و خێزانە ئێزدییەکەی جوانترین جلەکانی خۆیـان بـۆ مەراسـیمی وەرگرتنی ڕەگەزنامـەی ئەڵمانـی لەبەرکردبـوو. باوکی دڵخـۆش بوو بەوەی دواجـار خۆی و خێزانەکەی دەبـن بە "ئەڵمانی"، بـەڵام وەک ڕۆژنامەی (وۆڵ سـتریت جورناڵ)ی ئەمریکی بڵاوی کردووەتەوە، بەڕێوەبـەری فەرمانگەکـە ئاوێکـی سـاردی بە گوڕوتینـی باوکی دوزیندا کرد، کاتێک گوتی "تۆ نەبووی بە ئەڵمانی، تەنیا ڕەگەزنامەی ئەڵمانیت وەرگرتووە".

ئێسـتا زیاتر لە 30 سـاڵ بەسـەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێ، بەڵام پرسی ناسنامەی نەتەوەیی چەند ملیۆن خێزانی کۆچبەر هـەر بەو گەرموگوڕییەی جـاران مـاوە. دوزین ئافرەتێکی کـوردی ئێزدیی خەڵکی باکووری کوردسـتانە، لە کاتی وەرگرتنی ڕەگەزنامەدا تەمەنی تەنیا هەشت ساڵ بوو. بەڵام ئێسـتا کە گـەورە بووە، نووسـەرە و سـەرۆکی گرووپێکی خێرخـوازی و ئەندامی بزووتنەوەیەکی میدیاییـە بەنـاوی (Metwo#) کـە کار بـۆ هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی لەبارەی هەڵاواردنی ئەتنیکی دەکات.

هەوڵەکانـی ئافرەتە کوردەکـە و بزووتنەوەی (Metwo#) لـە کاتێکدایە کە دیبەیتێکی گەورە لەبارەی یاسـای نوێی کۆچبـەری لە ئەڵمانیا لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا سەریهەڵداوە. یاسای نوێـی کۆچبـەری کـە دەبێ ئەمسـاڵ پەسـەند بکرێ، لەژێر گوشـاری پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانیـادا خرایـە بەرنامـەی کاری حکومەت و پەرلەمانی ئەڵمانیا. ئەو پاکێجە یاسـاییە یەکێک لە مەرجە سـەرەکییەکانی پارتە چەپەکە بوو بۆ ئـەوەی لەگەڵ پارتەکەی ئانگێلا مێرکڵ بێنە ناو هاوپەیمانییەوە.



بزووتنەوەی میدیایی (Metwo#) کار بۆ هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتیی ئەڵمانیا لەبارەی هەڵاواردنی ئەتنیکی دەکات (فۆتۆ: ڕووداو)

سێباسـتیەن هارتمـەن، ئەنـدام پەرلەمانـی سۆسیالدیموکرات و نووسەری ڕەشنووسی یاساکە، بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی گوت کە کاتێکی زۆری ویسـت هەتا کۆنزەرڤاتیڤـەکان (واتە پارتەکەی مێرکڵ) قەبووڵی بکەن.

ئەڵمانیـا وڵاتـی کۆچبەرانـە. بـە گوێـرەی داتاکانی 2017، چارەکێکی دانیشتووانی ئەڵمانیا لـەو خەڵکانـە پێکدێن کە بە لانیکـەم دایک یان باوکی خێزانەکـە لەدایکبووی ئەڵمانیا نییە، بەو پێیە 20 ملیۆن کەس لە ئەڵمانیا لەو جۆرەن.

ئابووریـی ئەڵمانیـا لەسـەر بەرهەمهێنانـە، ئەمەش پێویسـتی بـە دانیشـتوو و هێزی کاری گەنج و میانسـاڵە. شارەزایانی ئابووری پێیانوایە ئەگەر کەرتی بەرهەمهێنانی ئەڵمانیا بەو خێراییەی ئێستای گەشە بکات و تێکڕای تەمەنی دانیشتووانی ئـەو وڵاتەش بەو خێراییەی ئێسـتا بەرز بێتەوە، ئەوە ئەڵمانیا پێویسـتی بەوە دەبێ ساڵانە 400 هەزار کەسی بیانی لە وڵاتەکەیدا وەربگرێ.

یەکێک لەو پاڵنەرە سەرەکییانەی وای کردووە داوای یاسـایەکی نوێی کۆچبـەری بکرێ، ئەوەیە کە یاسـاکەی ئێسـتا زۆر لەوە ئاڵۆزترە خەڵکی ئاسـایی یان خـاوەن کۆمپانیا بچووکـەکان لێی تێبگـەن. بورخـارد لیشـاکا، گوتەبێـژی پارتی سۆسـیالدیموکرات لەمبارەیـەوە بـە ئاژانسـی (دویچەڤێللـە)ی ڕاگەیاند: "ئامانجی ئێمە ئەوەیە یاسایەکی ئاسان و ڕوون دەربکەین کە بزنسکارە بچووک و مامناوەندەکانی ئەڵمانیاش لێی تێبگەن".

بـەڵام عەلی جان، هاووڵاتیی کورد لە ئەڵمانیا و یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەکە، پێیوایە کێشـەی ئەڵمانیـا و کۆچبەران قووڵتـرە لەوەی بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە داڕشـتنەوەی یاسـای کۆچبەران چارەسـەر بکرێ. جـان لەوبارەیەوە دەڵێ: "ناسـنامەی ئەڵمانیبوون بەسـتراوەتەوە بـە قەومییەتی کەسـەکانەوە، ئەمە ئەو شـتەیە کـە دەبـێ دەمودەسـت گۆڕانکاری تێـدا بکرێ، چونکە هـەر ئەمەیە ڕێگە نادات خەڵکانی سـەر بـە قەومییەتەکانـی دیکە لە ئەڵمانیا شـوێنیان ببێتەوە".

کۆنزەرڤاتیڤەکانـی ئەڵمانیـا لـە ڕاپۆرتـی سیاسـەتی خۆیـان بۆ سـاڵی 2001 ئامـاژە بۆ ئـەوە دەکەن کە "بەمانا باوەکەی، ئەڵمانیا وڵاتی کۆچبـەران نییە و بەهـۆی هەلومەرجە مێژوویی، کۆمەڵایەتـی و جوگرافییەکانـی ناتوانـێ ببێ بە وڵاتێکی لەو جۆرە". ئەڵمانیا یەکێکە لەو وڵاتانەی بـە پێچەوانـەی فەرەنسـا و ئەمریکا، ناسـنامە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی لەسەر بنەمای زمان و قەومیەتی ڕەسەنی ئەڵمانی پێناسەکراوە، نەک ئامانج و ڕوئیایەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی.

ڕەخنەگرانی ئەم سیاسەتەی پارتەکەی مێرکڵ پێیانوایە لـەو گوتارە سیاسـییەدا واقیعی نوێی کۆمەڵگای ئەڵمانی لەبەرچاو نەگیراوە کە بەهۆی بەرزبوونـەوەی تەمەنی دانیشـتووانی پێویسـتی بەهێزی کاری بیانی هەیە.

لە پاکێجەکەی پارتی سۆسـیالدیموکراتدا داوا دەکـرێ مۆڵـەتی کارکردن بـەو کۆچبەرانە بدرێ کـە ئەڵمانـی دەزانن و دەسـتی کاریـان هەیە، بەڵام کەیسـی پەنابەرێتییەکەیان ڕەتکراوەتەوە. بەگوێـرەی ئامارە فەرمییـەکان 200 هـەزار کۆچبەری لەو جۆرە لە ئەڵمانیا هەن.

حکومەتی ئەڵمانیا لە بەرنامەیدابوو لە مانگی ئابـدا تاوتوێی ئەو پاکێجە بکات و لە مانگەکانی پاییـزی ئەمسـاڵدا ڕەوانـەی پەرلەمانـی بکات. ئانگێلا مێرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، جەختی لەوە کردووەتەوە کە دەیەوێ یاسا نوێیەکە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێ.

پڕۆژە یاسـای نوێـی کۆچبەران لـە ئەڵمانیا مەترسـی گەورەشـی بۆ سـەر باڵانسی سیاسی نێـوان لایەنـە چـەپ و ڕاست و میانڕەوەکان دروسـتکردووە. پارتی ئەڵتەرناتیڤی ئەڵمانیا (AFD) کە پارتێکی ڕاسـتڕەوی دژی کۆچبەرانە، قەیرانـی کۆچبـەر و پەنابەرانی لە سـێ سـاڵی ڕابردوودا قۆسـتەوە و لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ئەڵمانیا لە 2017 زیاتر لە 12.5%ی دەنگەکانی برد.

تـەکاڵ، کە خۆی ئەندامی پارتەکەی مێرکڵە، پێیوایە بەشـێک لە بەرپرسیارێتییەکە دەکەوێتە ئەسـتۆی کۆچبـەران خۆیـان، بـۆ ئـەوەی لە کۆمەڵگای ئەڵمانیدا شوێنیان ببێتەوە. چالاکڤانە کوردەکـە ئەمـە بـە "نیشـتمانپەروەرییەکی دەسـتووریی تەندروسـت" ناودەبات کە لەسـەر بنەمای ناسیۆنالیستی دانەمەزراوە، بەڵکو پشت بـە کۆمەڵێک بەهـای وەکو ئازادیـی ڕادەربڕین، دیموکراسی و سێکولاریزم دەبەستێ.

## هەفتەی داهاتوو هەڵبژاردنە

# کورد لە سوێد بەسەر پارتە ڕاست و چەپەکاندا دابەش دەبن

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو 2018/9/9 لە سوێد، لە یەک کاتدا سێ هەڵبژاردن بەڕێوەدەچن، پەرلەمان، کۆمۆنەکان و ئەنجوومەنی هەرێم (پارێزگا)، لە نێو بەربژێرانی هەر سێ هەڵبژاردنەکەدا 28 کورد هەن کە چاویان لە 90 هەزار دەنگدەرە کوردەکەی سـوێدە، بەڵام سیاسەتڤانێکی کورد پێشبینی کەمبوونەوەی نوێنەرانی کورد دەکات بە تایبەتی لە پەرلەمان.

لەگەڵ زۆربوونی بەربژێرانی کورد بۆ ئەنجوومەنی کۆمـۆن و هەرێمەکان، بەڵام کەمبوونەوەی کورد لە پەرلەمان یەک لە پێشـبینییەکانە. کوردۆ باکسـی نووسەر و سیاسەتڤانی ناسراو بە (ڕووداو)ی گوت: "پێشتر لە چوار پارتی جیاجیا چانس بۆ دەرچوونی کورد هەبوو، کە 6 کورد گەیشتنە پەرلەمان، بەڵام لـەم هەڵبژاردنـەدا کێبڕکێی کورد بۆ گەیشتن بە پەرلەمان لە دوو پارت تێپەڕ ناکات و شانسـەکەش زیاتر لای سۆسیالدیموکراتە".

باکسـی هـۆکاری کەمبوونـەوەی ژمـارەی پەرلەمانتارانـی کورد بـۆ ئـەوە دەگەڕێنێتەوە کە بەربژێرەکان پشت بە دەنگدەری کورد دەبەسـتن: "بەڵام ئەوان کارا نین و گوێ بە هەڵبژاردن نادەن".

سەرکان کۆسە کە ئێستا پارلەمانتارە و دووبارە بەربژێـری سۆسـیالدیموکراتە، دەڵێـت: "ژمـارەی ئـەو کوردانە زۆرە کـە دەنگ نـادەن، تێڕوانینیان بۆ سیاسـەت لاوازە، ئەمە کاریگەری نەک لەسـەر کەمبوونـەوەی ژمـارەی کورد لـە پەرلەمان هەیە، بەڵکـوو کاریگـەری لەسـەر پرسـی کوردیش لە سیاسەتی سوێدیدا هەیە".

گوتەیەکـی باو هەیە، کوردی سـوێد یان ناچنە سـەر سـندووقەکانی دەنگدان، یان ئەگەر بشـچن تەنیـا دەنگ بـۆ پەرلەمان دەدەن، لـە کاتێکدا بە ڕای چالاکڤانانی سیاسـی، کۆمۆن و هەرێمەکان لە پەرلەمان گرنگترن.

ڕاژان ئیبراهیم، تەمـەن 24 سـاڵ کـە لەگەڵ لیبراڵەکان کار دەکات، دەڵێت: "سیاسـەتی ناوخۆ و سۆسـیاڵ و بودجـە و قوتابخانـەکان و دەیـان خزمەتگوزاریی دیکە، پەیوەندییان بە شـارەوانی و هەرێمەکانەوە هەیە، زۆر گرنگە کورد لەوێ هەبێت، کەچی بەداخەوە کورد هەیە هەر نازانێ هەڵبژاردنی وا هەیە و زۆر کەم بەشداری دەکەن".

گوتیشی: "کارەساتە سەرۆکی لیستی گەورەترین پارت لە شارێکی وەک ستۆکهۆڵم کورد بێت، کەچی زۆرینەی کوردی ئەو شارە هەر ئاگایان لێی نییە".

بەپێـی زانیاریی ڕاژان، نزیکەی 150 هەزار کورد لە سـوێد نیشـتەجێن، نزیکەی 90 هەزاریان مافی دەنگدانیان هەیە.

> **هاوسۆزیی کورد بۆ سۆشیالدیموکرات ماڵوێرانییە**
> سیاسەتڤانێکی کورد

سـەلام قـادرزادە، بەربژێـری کۆمۆنـی شـاری ئۆپسالا، لەسەر لیستی پارتی چەپ دەڵێت: "لەگەڵ ئـەوەی کورد لە زۆر نەتەوەی دیکە باشـترە، بەڵام بەداخـەوە هەیە 12 سـاڵە لەم وڵاتـە دەژی و دوو خولی هەڵبژاردنی بەڕێکردووە و هەر نەیزانیوە بۆی هەیە دەنگ بدات".

### کوردی ئۆپسالا ڕوو لە پارتە ڕاستەکانن

ئۆپسالا شاری ئەکادیمیستان و شاری زانکۆکانە، سـێیەم گەورە شـاری سـوێدە. لەم چەند ساڵەی دواییدا ژمارەی کورد لەو شـارە زۆر زیادی کردووە. بەڵام زیاتر ڕوویان لە پارتە ڕاسـتەکان کردووە. لە کاتێکدا کـورد و بیانییەکانی ئەو وڵاتە، هەمیشـە پارتە چەپ و سۆسیالیستەکانیان بە دۆستی خۆیان زانیوە.

ئیسماعیل کامیل، بەربژێری پارتی گەلی لیبراڵ بۆ پەرلەمان لە شـاری ئۆپسـالا، دەڵێت: "ئەوەی پارتە ڕاستەکان و بۆ نموونە پارتی گەلی لیبراڵ بۆ کوردیان کردووە، هیچ پارتێکی چەپ نەیکردووە".

کامیـل پێشـتر پارلەمانتـار بوو، بـەڵام خولی ڕابـردوو نەیتوانـی دەنگی پێویسـت بهێنێ و وەک یەدەگ مایەوە.

بەڵام سـەلام قـادرزادە بەربژێـری پارتی چەپ لەو شـارە، هەموو ئەمانە ڕەتدەکاتـەوە و دەڵێت: "پەیوەندییەکی مێژوویی ئایدیۆلۆژی لە نێوان کورد و پارتە چەپەکان هەیە، هەر ئەوەشـە وایکردووە پارتەکانـی ئێمە و چەپەکان دۆسـتی نزیکی کورد بن".



کاندیدێکی کورد لە سوێد بەرنامەی هەڵبژاردنی بۆ هاووڵاتیان ڕووندەکاتەوە (فۆتۆ: ڕووداو)

کێشەی دابەشـبوونی کورد بەسەر پارتە ڕاست و چەپەکان و پەرتبوونی دەنگەکانیان بووەتە جێی مشـتومڕ. سیامەند کە کادری یەکێتی نیشتمانییە، دەڵێـت: "زۆر گرنگـە کوردی ئەم وڵاتە بەشـداری بکەیـن و دەنگ بـە پارتە چەپەکان بدەین، چونکە ئەوان دۆسـتی ڕاستەقینەی ئێمەن". بەڵام پرشنگ توانا کە کادری پارتییە، دەڵێت: "گرنگ بەشدارییە. کێشە نییە دەنگ بە کام پارت بدرێ".

بەڵام سـەلام کوردە کە دانیشـتوویەکی دێرینی ئەو وڵاتەیە، هاوسـۆزیی کوردی سوێد لەگەڵ پارتە چەپەکان بە کارەسات و ماڵوێرانی ناودەبات.

ئـەو کە بـازرگان و سیاسـەتڤانێکی کوردە لەو وڵاتە، دەڵێت: "پارتە چەپەکان خاوەن سیاسەتێکی شکسـتخواردووی ئابوورین، هەمیشە خەڵک بەرەو تەمەڵی دەبەن. ماڵوێرانییە کورد دوایانبکەوێ".

ئەو کە پشـتگیری لە پارتی مۆدێـرات دەکات، گوتی: "داواکارم کوردی ئەم وڵاتە دەنگ بەو پارتانە بدەن کە هانیان دەدەن کار بکەن و زەمینەی ژیانێکی باشی ئابوورییان بۆ دەڕەخسێنن کە ئەوەش مۆدیرات و پارتەکانی ڕاسـتە، نەک سۆسیالدیموکراتەکان".

لاوێن ڕێدار، کە ئەندامی پەرلەمانە و دووبارە لەسەر لیستی سۆسیالدیموکراتەکان خۆی کاندید کردووە، ئەم هەڵبژاردنە بە بەراورد بەوانەی پێشوو بە جیاواز دەبینێت و پێیوایە بلۆک و دەنگی جیاواز دروسـت بووە. ڕێدار دەڵێت: "سیاسەتی سوێد لە دوو بلۆکی دەرچووە و ئێستا سێ بلۆکە و جگە لە بلۆکی ڕاست و چەپ، سوێدیە دیموکراتەکان هەن کە دژ بە بیانی و پارتێکی نەژادپەرستن".

زۆربوونی دەنگی پارتی (سوێدیە دیموکراتەکان) کە پێشتر لە هەڵبژاردنی 2014 بوونە پارتی سێیەم، شـۆکی سیاسـیی سـەدە بوو. ئەگەرچـی بەپێی ڕاپرسـییەکان هـەر بە پارتی سـێیەم دەمێنێتەوە کە لای خەڵکانی وەک لاوێن ئەمە کارەساتە، بەڵام بەشـێوەیەکی بەرچـاو دەنگیان زیادی کـردووە و سۆزی بەشێک لە تاراوگەنشینانی بۆ چووە.

ئەو پارتە دژە بیانییە، چاوی لە دەنگی بیانییەکانە و بەردەوام نامە دەنێرن دەنگیان پێبدەن، کوردێکی ئەو وڵاتە گوتی تا ئێستا هەشت نامەیان بۆ ناردووە، لە کاتێکدا پێشـتر تەنیا پۆستیان بۆ سوێدییەکان دەنارد و دەیانگوت سـوێد تەنیا هی سوێدییەکانە، بیانییەکان میوانن.

سـەرۆکی پارتـی سـوێدییە دیموکراتـەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕادیۆی سـوێد گوتی :"ئەو بیانیانەی دەبنە سوێدی، دەبێت بە تەواوی مانا ببنە سـوێدی و هەڵگری کولتووری سوێدیی ڕاستەقینە بن". واتە نەرمییەکی بەرامبەر بیانییەکان نیشان دا، بەڵام نازانرێت ئەم گۆڕانکارییە لە سیاسەتی ئەواندا، تاکتیکە بۆ زیادبوونی دەنگ، یان تەسـلیمبوونە بە واقیعـی نوێی وڵاتەکە کە بیانییەکان بەشـێکن لەو واقیعە.

ئانا سـۆفیا لـە کەمپەینی هەڵبژاردنـی پارتی سـوێدییە دیموکراتییەکاندایە دەڵێـت: "پارتەکەی ئێمـە دژایەتـی بیانـی نەکـردووە، دژایەتـی ئـەو کولتوورەی کـردووە کە نەخـوازراوە و دژە مرۆییە و خەڵکانێک هێناویانەتە سوێد و دەیانەوێت برەوی پێبدەن".

ماوەیەکـە لـە نێـو تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، بانگەشـەی کوردی سـوێد بـۆ ئەو پارتـە بووەتە مۆدێـل. سـالار ئالانی بە ئاشکرا لە فەیسـبووک بانگەشـە بـۆ ئـەو پارتـە دەکات. لە پۆسـتێکدا نووسـیویەتی: "ئەگەر دەتەوێ هەموو سوێد نەبێتە تێنستا و ڕێنکەبی، ستۆکهۆڵم نەبێتە کابول، ئەوە دەنگ بە سوێدیە دیموکراتەکان بدە".

تێنسـتا و ڕێنکەبـی دوو گەڕەکـی باکـووری سـتۆکهۆڵمن کـە بوونەتـە شـوێنی گردبوونەوەی بیانییەکانی نیشتەجێی سوید و هەمیشە سەرچاوەی کێشە و نائارامین.

## لە دوو ساڵی رابردوودا 15 تووشبوو لە هەولێر مردوون

# تووشبووانی تالاسیمیا خوێنی فلتەرکراویان دەستناکەوێ

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

تووشبووانی تالاسیمیا لە هەرێمی کوردستان بە دەست کەمیی دەرمان و خراپیی کواڵیتی ئەو کەمە دەرمانەوە دەناڵێنن کە وەریدەگرن، ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی مردن لەنێو تووشبووواندا.

سروە عەلی، بەرپرسی راگەیاندنی کۆمەڵەی تالاسیمیای هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "بارودۆخی نەخۆشانی تالاسیمیا لەوپەڕی خراپیدایە، ئێستا حەبی EXJ و دەرزیی Desferal کە بۆ کەمکردنەوەی رێژەی ئاسن لە خوێندا بەکاردێت نییە، لەکاتێکدا پێویستە نەخۆشانی تالاسیمیا بە بەردەوامی وەریبگرن".

بە گوتەی ئەو، ئەو کەمە دەرمانەشی ئێستا دەدرێتە تووشبووانی تالاسیمیا، کواڵیتی زۆر نزمە و لەبری چارەسەر کێشەی تەندروستیی دیکەیان بۆ دروستدەکات، سروە عەلی دەڵێت: "پێشتر حکومەتی عێراق دەرمانە سویسرییەکەی دەنارد زۆر باش بوو، بەڵام ئێستا بە بڕێکی زۆر کەم دەرمان دێت، حکومەتی خۆشمان، هەندێک دەرمانی هیندی و ئێرانی بە نرخێکی هەرزان کڕیوە کە کواڵیتییان زۆر خراپە، لەبری چاکبوون، کێشەی تەندروستیی دیکە دروست دەکەن".

سوڵتان باجەلان، تەمەن 24 ساڵ، تووشبوویەکی تالاسیمیایە، بەهۆی بەکارهێنانی دەرمانەکەوە شەکرەی بەرز بووەتەوە "نزیکەی ساڵێکە حەبێکمان دەدەنێ کە کواڵیتی زۆر نزم و خراپە، من خواردم راستەخۆ شەکرەم گەیشتە 500، تەنانەت ئامێرەکەش نەیدەخوێندەوە، هەر خوا نەیکوشتم، بۆیە چیتر متمانەمان بە دەرمانەکە نەماوە و بەکاریناهێنین".

تووشبووانی تالاسیمیا دەبێت هەفتانە پێنج رۆژ و هەر رۆژێکیش پێنج دەرزی دیسپراڵ بەکاربێنن، بۆ ئەوەی رێژەی ئاسن لە خوێنیاندا زیاد نەکات، بەڵام هەندێک لە تووشبووان دەڵێن دەرزییەکەیان دەست ناکەوێ، بەو هۆیەوە رێژەی ئاسان لە خوێنیاندا زیاد بووە، ئەمەش بووەتە هۆی تووشبوونیان بە نەخۆشیی غودە.

بارزان ئەحمەد کە خێزاندارە و سێ منداڵی هەیە، دەڵێت: "ئێمە لە نزیک کەڵەک نیشتەجێین، کە دەرمان دێت ئاگادار ناکرێینەوە، بۆیە تاوەکو دەگەینە نەخۆشخانە دەرمانەکە نامێنێت، توانای کڕینیشمان نییە، ئێمە سێ براین تالاسیمیامان هەیە، زیاتر لە 7 مانگە دەرمانم وەرنەگرتوو، ئاسن لە جەستەماندا زۆر بووە".

کۆمەڵێک مەرج بۆ پێدانی دەرمان بە نەخۆشانی تالاسیمیا دانراون کە بەگوتەی سروە عەلی ئامانج لە دانانی مەرجەکان ئەوەیە دەرمانەکەیان نەدەنێ "ئەو مەرجانە زۆر قورسن، لەوانە ئەو کەسەی دەرزی وەردەگرێت دەبێت رێژەی ئاسنی لەسەرووی 4000 بێت و ئەو ئامێرەی هەبێت کە دەرزی پێ لێدەدرێت. ئامێری زۆربەی نەخۆشەکانیش کارناکەن و ئامێری تازەشمان نادەنێ، ئەو مەرجانەش بۆ ئەوەیە دەرمانمان نەدەنێ".

دەشڵێت: "90%ی نەخۆشەکانمان پێویستیان بە دەرمان هەیە، بۆیە دەبێت ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی تەندروستی زۆر بەجدی بێنە سەرخەت تاوەکو کارەساتەکە لەوە گەورەتر نەبێت".

> دەرمانەکەی حکومەت گرفتی تەندروستیمان بۆ دروست دەکات


ژمارەی تووشبووانی تالاسیمیا لە کوردستان گەیشتووەتە 3002 تووشبوو (فۆتۆ: رووداو)

### خوێنی بێ فلتەریان دەدرێتێ

زیاتر لە دوو مانگە نەخۆشانی تالاسیمیا رووبەڕووی کێشەیەکی دیکە بوونەتەوە، ئەویش مەیینی ئەو خوێنەیە کە وەریدەگرن، سروە عەلی دەڵێت: "لە دوو رۆژ پێش جەژنی رەمەزانەوە ئەو کێشەیەشمان تووشبووە، خوێنەکە لە بانکی خوێنەوە دێت، کیسەکان زۆربەیان بێ فلتەرن و لەکاتی وەرگرتنی خوێنەکە کڵۆت دەبێت و دەمەیێ".

گوتیشی: "نەخۆشانی تالاسیمیا خۆیان بەرگرییان کەمە، لەکاتی وەرگرتنی خوێنەکە تووشی لەرزوتا، حەساسیەت و پشتئێشە دەبن، پزیشکەکانیش ئەوە دەزانن و دەڵێن ئەگەر حاڵەتێکی وا دروستبوو، پێویستە خوێنەکە رابگیرێت و وەرینەگرێت، ئێستا وای لێهاتووە ئەگەر نەخۆشێک خوێنەکەی بەتەواوی وەربگرێت و نەمەیێ پیرۆزبایی لێدەکەین!".

سوڵتان باجەلان کە تووشبوویەکی تالاسیمیایە، دەڵێت: "سادەترین شت فلتەر و ئامێری وەرگرتنە ئەویش نەماوە. خۆم ئامێرەکەم بە 75 هەزار دینار کڕی، بەشی 3 جار خوێن وەرگرتنی کرد، ئامێرەکە لە نەخۆشخانە هەیە، بەڵام کواڵیتییەکەی خراپە و بەسەرچووە، هەندێک نەخۆش بەناچاری بەکاریدێنن".

غاندی سابیریش کێشەی لەگەڵ خوێنەکە هەیە و دەڵێت: "لە ماوەی دوو مانگدا 8 جار چووم بۆ وەرگرتنی خوێن، تەنیا دوو جار خوێنم وەرگرتووە و شەش جارەکەی دیکە خوێنەکە مەیی و فرێمدا، لە کاتی مەیینەکەش قاچێکم ئەستوور دەبوو، نەمدەتوانی بڕۆم".

### تووشی لەرز و ئازاری پشت دەبن

دکتۆر حەمید عەبدولغەفوور، بەڕێوەبەری سەنتەری تالاسیمیای هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "دەرمانەکانی EXJ و Desferal نرخیان زۆرە، حکومەت و خێرخوازانیش توانای کڕینیان نییە، کارتۆنێک حەبی EXJ کە 100 پارچە حەبی تێدایە بە نزیکەی 20 هەزار دۆلارە. کە دابەشی دەکەین بە سەعاتێک تەواو دەبێت و تەنیا چەند نەخۆشێک وەریدەگرن".

گوتیشی: "بڕیارە دوای جەژن بەغدا بڕێک دەرمانمان بۆ بنێرێت".

لەبارەی ئەو دەرمانەی ئێستا بە نەخۆشانی تالاسیمیا دەدرێت، دکتۆر حەمید گوتی: "حکومەتی هەرێم لەتوانایدا نییە دەرمانە سویسرییەکە بکڕێت، بۆیە دەرمانی ئێرانی و هیندی دەکڕێت کە کواڵیتییەکەی نزمە و باش نییە، پێشنیاز دەکەم ئەگەر حکومەت دەرمانە سویسریەکەشی پێ ناکڕدرێت، باشترە دەرمانی تورکی یان رۆمانی بکڕێت".

### کێشەی نەبوونی فلتەر

سەبارەت بە کێشەی فلتەری خوێنیش، بەڕێوەبەری سەنتەری تالاسیمیا دەڵێت: "وەزارەتی تەندروستی 500 فلتەری کڕیوە کە بایی 10 ملیۆن دینارە، بەڵام ئەو کەسەی فلتەرەکەی لێکڕدراوە هەموو رۆژێک دێت و داوای پارەکە دەکات و وەزارەت پارەی نییە بیداتەوە، بۆیە ئەویش متمانەی نەماوە و رەنگە جارێکی دیکە نەمانداتێ".

سەبارەت بەو مەرجانەش کە دانراون بۆ پێدانی دەرمان، دکتۆر حەمید دەڵێت: "بڕێکی کەم دەرمانمان بۆ دێت، نەخۆشەکان مافی یەکتری دەخۆن، نەخۆش هەیە حەب وەردەگرێت، بەڵام کە دەرزی دێت، دەڵێت حەبەکەم پێناکەوێت و دەرزیم بدەنێ، نرخی دەرزییەک 80 دۆلارە، نەخۆشەکە رۆژانە پێنج دەرزی لێدەدرێت و بەشی مانگێکی پێدەدەین، ئەگەر نەخۆشەکە 100 دەرزی وەربگرێت دەکاتە 8 بۆ 10 هەزار دۆلار و رەنگە لە بازاڕ بیفرۆشێتەوە".

### کێشەکە چارەسەر دەکەین

د.خاڵس قادر، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی تەندروستی ئاماژە بە گرفتی دەرمانی تووشبووانی تالاسیمیا دەدات و دەڵێت: "ئەو دەرمانانە لە بەغداوە بە گرێبەست بۆ هەموو پارێزگاکانی عێراق دەکڕدرێت، کواڵیتی دەرمانەکەش باشە و کێشەی نییە، بەڵام ماوەی دوو ساڵە جارجار کێشەی درەنگ ناردنی دەرمان روودەدات و تووشی گرفت بووین، بەڵام بۆ ئێستا ئاگادارین بەغدا گرێبەستەکەی تەواو کردووە و لەچاوەڕوانی دابەشکردنیدان، نەمانهێشتووە کەمیی دەرمان ببێتە مەترسی بۆ سەر ژیانی نەخۆشەکان".

سەبارەت بە نەبوونی فلتەری کیسی خوێنیش، د. خاڵس گوتی: "ئەویشمان کڕیوە، دڵنیایی دەدەینە نەخۆشانی تالاسیمیا کە لەماوەیەکی نزیکدا کێشەکانیان چارەسەر دەکرێن".

بەپێی ئاماری سەنتەری تالاسیمیای هەولێر، لە ساڵی 2017 دا تەنیا لە هەولێر و دەوروبەری 827 نەخۆشی تالاسیمیا تۆمارکراون، هەروەها لە سلێمانی 1200 تووشبوو هەن و لە دهۆکیش 975 کەسن. هەر بەپێی ئاماری سەنتەرەکە، لە دوو ساڵی رابردوودا 15 کەس لە تووشبووانی تالاسیمیا مردوون.

# بۆچی بێ ئەوەی دووگیان بیت شیر لە مەمکت دێت؟

**رووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی**

شیرهاتن لە مەمک بەشێوەیەکی ئاسایی پاش منداڵبوون روودەدات، هەندێکجار لە ماوەی دووگیانیش روودەدات. بەڵام هەندێکجار نەک هەر خانمان بەدەر لە دووگیانی و منداڵبوون، بەڵکو پیاوانیش تێبینی دەکەن شیر یان دەردراوی سپیی وەکوو شیر لە مەمکیان دێ.

### هۆکارەکانی چین؟

دروستبوونی شیر لە مەمکدا لەکاتی دووگیانی و شیردانی سروشتی بەهۆی هۆرمۆنی (پرۆلاکتین) روودەدات، بۆیە بەرزبوونەوەی ئەم هۆرمۆنە بە هەر هۆیەک بێت دەبێتە هۆی دروستبوونی دەردراوی سپیی هاوشێوەی شیر لە هەر کەسێک و هەر رەگەزێکدا. ئەم هۆرمۆنە و چەندینی دیکە لەلایەن (ژێرمێشکەڕژێن) دەردەدرێن کە لە بنەوەی مێشکدا هەڵکەوتووە.

نەخۆشکەوتنی ئەم رژێنە، جا بە دروستبوونی گرێ یان نەخۆشیی دیکە، دەبێتە هۆی زۆربوونی هۆرمۆنی هاندەری دروستبوونی شیر (پرۆلاکتین).

**بەڵام بەدەر لەمە، هەندێک هۆی دیکەش هەن کە هانی دەرچوونی شیر لە مەمکەوە دەدەن لەکاتی نائاساییدا، وەکوو:**

1. زۆر وورووژاندنی مەمک و گۆی مەمک.
2. دەرمان، وەکوو دەرمانی نەخۆشییە دەروونییەکان و بەشێک لە دەرمانەکانی دابەزێنەری گوشاری خوێن.
3. ناچالاکیی رژێنی دەرەقی.
4. نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلە.
5. هەندێک دەرمانی رێگری لە منداڵبوون.
6. کەمیی هۆرمۆنی نێرینە لە پیاواندا.

هەندێک خانمیش هەن کە لە منداڵی شیرەخۆرەی کەسانی دیکەش نزیک بن، مەمکیان شیر دروست دەکات، بەڵام ئەمە حاڵەتێکی دەگمەنە.

لە هەندێک کەسی دیکەشدا کەسەکە هیچ نەخۆشییەکی نییە، تەنیا مەمکی زیاد لە پێویست هەستیارە بۆ هۆرمۆنی پرۆلاکتین و لە ئاستی ئاساییشدا ئەو هۆرمۆنە شیریان پێ دەردەدات.

### نیشانەکان

**نیشانەکان بەپێی حاڵەت و هۆکارەکان جیاوازن، وەکوو:**

1. شیرهاتنی ناوبەناو یان بەردەوام لە گۆی یەکێک لە مەمکەکان یان هەردووکیان
2. دەڵاندنی شیر لە مەمک، لەخۆوە یان بە ورووژاندنی مەمک و گۆی مەمک.
3. تێکچوونی سووڕی مانگانە.
4. سەرئێشە و گرفتی بینایی

لە پیاواندا دەشێ هاوکات لەگەڵ شیرلێهاتنی مەمک، ئەم نیشانانە هەبن:

1. گەورەبوونی مەمک یان گۆی مەمک
2. هەستیاربوونی مەمک
3. گرفت لە رەپبوونی چووک
4. کەمبوونەوەی ئارەزووی سێکسکردن

### دەستنیشانکردنی هۆکارەکان

سەرەتا لە رێگەی پرسیارکردن و پشکنینی جەستە بە دەست، پزیشک هەندێک سەرەداوی دەستدەکەوێ، پاشان بڕیاری پشکنینی تاقیگەیی و وێنەیی دەدات کە رەنگە یەک یان زیاتر لەمانە بگرێتەوە.

1. پشکنینی دووگیانی
2. پشکنینی خوێن بۆ زانینی ئاستی هۆرمۆنی شیر (پرۆلاکتین) یان رژێنی دەرەقی یان هەردووکیان.
3. پشکنینی دەردراوی مەمک لە تاقیگەدا.
4. سکانی موگناتیسی (ئێم ئاڕ ئای)ی مێشک، بۆ ئەوەی بزانرێ گۆڕانکاری هەیە لە ژێرمێشکەڕژێن
5. سۆنار یان وێنەی تیشکیی مەمک.

### چارەسەر

چارەسەرەکە بەپێی هۆکارەکە دەبێت، هەندێکیان هیچ چارەسەرێکی تایبەتیان ناوێت. هەندێکجار تەنیا پێویست بە گۆڕینی شێوازی ژیان دەکات، وەکوو کەمکردنەوەی هۆکارەکانی وروژانی مەمک و نەپۆشینی جلی تەسک و دانانی پادی تایبەت بە هەڵمژینی شیر لەنێو ستیان.

هەندێکجار بۆ لەبنهێنانی هۆکاری دروستبوونی شیرەکە، چارەسەری کەسەکە دەکرێ، لە رێگای یەکێک یان زیاتر لەمانە:

1. گۆڕینی دەرمانێک کە هۆکاری دروستبوونی حاڵەتەکەیە.
2. چارەسەرکردنی گرفت لە غودەی دەرەقی، ئەگەر گرفتێک هەبوو.
3. لابردنی گرێ لە ژێرمێشکەڕژێن لەڕێگای نەشتەرگەری.
4. پێدانی هۆرمۆنی نێرینە.
5. دەرمانی وشککردنی شیر.





# بیبەری رەش خۆشحاڵت دەکات

**رووداو- DPA**

سوودی بیبەری رەش تەنیا تام و بۆنە تایبەتەکەی نییە کە دەیداتە خۆراک، بەڵکو لیستێکی درێژ سوودی تەندروستیشی هەیە هەر لە باشکردنی هەرسەوە تاوەکوو رێکخستنی کێش و باشکردنی میزاج.

مارگرێت مۆرلۆ، پسپۆڕ لە زانستی خۆراکناسی لە ئەڵمانیا، دەڵێ لە بیبەری رەشدا ماددەیەک هەیە بەناوی (پیپەرین Piperine) کە سەرچاوەی تامە تایبەتەکەیەتی. ماددەی پیپەرین پرۆسەی هەرس رێکدەخات، هانی دەردانی ئەنزیمەکانی هەرس دەدات و وا دەکات خۆراک ئاسانتر هەرس ببێ لە کۆئەندامی هەرسدا.

هەر ئەو ماددەیە پرۆسەی زیندەپاڵ لە جەستەدا تاودەدات، لەمپەر دەخاتە بەردەم کۆبوونەوەی چەورییە خانەکان لە بەشە جیاوازەکانی جەستەدا، زیاتر هانی دەرپەڕاندنی گەرمۆکە دەدات لە خۆراکە دەستکەوتووەکانەوە کە وادەکات چەورییەکان بگۆڕدرێن بۆ وزە.

مۆرلۆ دەڵێ بیبەری راش هانی دەردانی هۆرمۆنی (ئیندۆرفین) دەدات کە هەستی خۆشحاڵی دروست دەکات.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# نە ئەمریکا و نە ئێران، بەرژەوەندیی کوردستان

بەهۆی ئەوەی کە ئەمریکا رۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە رووخانی سەدامدا، مانەوەشی بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە عێراق، تا ئەندازەیەکی زۆر ئامادەیی لەسەر ئاراستەکردنی رووداوەکانی عێراق و هەروەها کاریگەری لەسەر بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی هەیە. ئێرانیش لەبەر زۆر هۆکار لە ئەمریکا زیاتر ئامادەیی و کاریگەری هەیە، کەواتە بوونی ناکۆکی و ململانێ لە نێوان ئەو دوو وڵاتە، راستەوخۆ لەسەر هێزە سیاسییەکانی عێراق رەنگ دەداتەوە.

لەدوای کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران، ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوانیان پێی نایە قۆناغێکی ئاڵۆزەوە. چاوەڕوانکراو بوو عێراق ببێتە شوێنی یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان. وادەی هەڵبژاردنی عێراق هۆکار بوو بۆ ئەوەی بەزوویی عێراق ببێتە ئەو مەیدانە، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش بەو جۆرەی کە هیچ هێزێک نەتوانێ کورسیی زۆر بباتەوە، زیاتر هەردوولای پەلکێش کرد، ئێستا هەریەکەیان دەیەوێ حکومەت لە سێبەری ئەودا دروست بکرێت.

بەتایبەتی لە دۆخێکی وەک ئێستادا کە ئەمریکا زنجیرەیەک سزای بەسەر ئێراندا سەپاندووە و دەیەوێ کاریگەریی ئەو سزایانە چۆک بە ئێران دابدات، عێراقیش بەحوکمی جوگرافیا و بەهۆی ئەو هەژموون و باڵادەستییەی ئێران بەسەرییەوە، بایەخێکی گرنگی دەبێت بەلای ئەمریکاوە. چونکە ئەگەر ئەمریکا بتوانێ هەژموونی ئێران لەسەر بڕیاری عێراق لابەرێت، ئەوە دەتوانێ گەمارۆکانی لەسەر ئێران توندتر و کاریگەرتر بکات، خۆ ئەگەر ئێران بتوانێ رۆڵی ئەمریکا لەسەر عێراق لاواز بکات، ئەوە عێراق دەبێتە دەروازەیەکی گرنگ و بازاڕێکی کراوە بۆ ناکاریگەرکردنی گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەری.

هەرچەندە چاوەڕوان ناکرێت هیچ حکومەتێک لە عێراق بتوانێ بەو ئەندازەیە بەهێز بێت کە ئەمریکا و ئێران دەیخوازن، بەڵام بۆ هەلومەرجێکی وەک ئێستا و بەتایبەتیش بۆ دوای مانگی یانزە کە بڕیارە قۆناغێکی تری گەمارۆی ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەستپێبکات و کەرتی نەوت بکاتە ئامانج، حکومەتی عێراق رۆڵی زۆری دەبێت لەو قۆناغەدا. بۆیە هەرلایەکیان مەبەستێتی حکومەتی چوار ساڵی داهاتوو لەژێر هەژموونی ئەودا بێت.

لەبەر ئەو ئامانجە، هەردوولایان قورسایی زۆریان خستووەتە سەر هێزە براوەکانی هەڵبژاردن، تا بە ئاراستەی خزمەتکردن بە بەرژەوەندی و ستراتیجی ئەوان بڕیار بدەن. بەهۆی وابەستەییان و ئەو گوشارانەی لەسەریانە، ئێستا تا ئەندازەیەک بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی عێراق یەکلابوونەتەوە بەسەر بەرەی ئێران و ئەمریکادا، بەڵام هێشتا هیچکام لەو دوو بەرەیە هێزی ئەوەی نییە لەڕووی دەستووری و یاساییەوە کە متمانە وەرگرێت و رابسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت. بەهۆی ئەمەشەوە گوشاری ئەمریکا و ئێران لەسەر ئەو کوتلە و هێزە سیاسییانە زیاتر بووە کە هێشتا بۆ هیچیان خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە.

کورد سەرباری ئەوەی لەناو ماڵی خۆی پارچەپارچە و لێکترازاوە، بەڵام بۆ بەغدا و بڕیاردان لەسەر ئەوەی دەکەونە کام بەرەی ململانێوە لە عێراق، هێشتا خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە. لەبەر ئەوەی دابەشبوونەکە لە بەغدا بەجۆرێکە کە زەحمەتە بەبێ دەنگی پەرلەمانتارە کوردەکان هیچ لایەکیان بتوانن کوتلەی زۆرینە پێکبهێنن. ئەمەش لەلایەک پێگەی کوردی لە عێراق بەهێز کردووە و رۆڵی یەکلاکەرەوەی پێبەخشیوە لە گۆڕینی هاوکێشەکان، لەلایەکی تریشەوە خستوویەتییە ژێر گوشاری ئەمریکا و ئێرانەوە. هەرلایە و دەیەوێ بۆ بەرەکەی خۆی کورد پەلکێش بکات.

لێرەدا گرنگە کورد زۆر بە هەستیارییەوە لەو پێگەیەی خۆی بڕوانێت، یەکەم شت دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرێت ئەو سەنگەی بۆی دروستبووە کاتییە و پەیوەندی بەو دابەشبوونەی ماڵی شیعی و ململانێ و ناکۆکیی نێوان ئەمریکا و ئێرانەوە هەیە. دەشێ لەپڕ هاوکێشەکان بەجۆرێکی تر بگۆڕێن و کورد ئەو شانسەی ئێستای نەمێنێ. بۆیە دەبێ ئەم دۆخە کاتییە و ئەو رۆڵەی بۆی رەخساوە لە یەکلاکردنەوەی کێشەیەکی ئاڵۆز، وەک دەرفەتێک ببینێت بۆ سەندنەوەی بەشێک لە مافە زەوتکراوەکانی. دووەم پێویستە بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بکات نە ئەمریکا و نە ئێران وەک دوژمن لێی نەڕوانن، ئەمەش کاتێک دەکرێت کە هەردوولایان دڵنیابن لەوەی کورد بەدوای بەرژەوەندیی خۆیەوەیە نەک کارتی دەستی ئەم و ئەو.

ئێستا هەندێک لە هێزە عێراقییەکان بە ئاشکرا شەڕ بۆ بەرژەوەندیی ئێران و ئەمریکا دەکەن، بۆ کورد ئەمە مەترسیدارە کە بکەوێتە ناو هاوکێشەیەکەوە شەڕی بەرژەوەندیی یەک لەو وڵاتانە بکات، چونکە بە بوونە تەرەفی کورد لەو هاوکێشەیە و بەهەر لایەکیاندا کەوت، بەرەکەی تر دەدۆڕێت، جا دۆڕاو هەر کامیان بوو، ئاسان دەتوانن تۆڵە لە کوردستان بکەنەوە. رەنگە ئێستا پرسیارێک لای خوێنەر دروست بێت، ئەی کورد چی بکات کە دواجار مەحکوم بێت بەوەی بەشداری لە حکومەتی عێراقدا بکات و بچێتە هەر بەرەیەکیشەوە بکەوێتە بەر غەزەبی بەرەکەی دیکە؟

ئەمە پرسیارێکی لۆژیکییە، وەڵامەکەی بە سیاسەتی دروست دەدرێتەوە. کورد ئەگەر بتوانێ خۆی لەو دابەشکارییە بپارێزێت و درز نەکەوێتە نێوانیەوە، بەرەیەک بەلای ئێراندا بڕوات و بەرەیەک دوای ئەمریکا بکەوێت، دەتوانێ بە راگەیاندنێکی ئاشکرای خواستەکانی کورد و تەرحکردنی بۆ هەردوولای ناکۆک لە بەغدا، بەوەی ئەمە کێشەکانی کوردن لە عێراق و ئەمەش رێگەچارەکانی. کام لەو دوو بەرەیە ئامادەی چارەسەرکردن یان قبوڵکردنی بەشی زۆری داخوازییەکانی هەبوو، دەبێ کورد لەگەڵ ئەو بەرەیە بڕوات و شانسی براوە بداتە ئەو لایەنە. بەوەش هیچکام لە ئەمریکا و ئێران مافی رەخنە و گللەییان لە کورد نامێنێ و ساکارترین وەڵامی کورد بۆیان ئەوەیە کە دۆستەکانی تۆ هیچم بۆ نەکات، بۆ لەگەڵی بم.

ئەم شێوازە لە مامەڵەکردن، جیاوازە لەو تەرحانەی کە دەکرێن بەوەی کورد بێلایەن بێت و چاوەڕێ بکات تا کێشەکە لە بەغدا یەکلا دەبێتەوە و براوە هەر لایەک بوو بچێت مامەڵە لەگەڵ ئەو بکات. لە رکابەرییەکی توند و ئاڵۆزی وەک ئێستادا ئەگەر هەرلایەک بەبێ کورد توانی یارییەکە بباتەوە، دوای ئەوە چ پێویستی بە سازشکردنە بۆ لایەنە کوردییەکان؟ کەواتا پێویستە کورد لە دابەشبوون بەسەر ململانێ و بەرژەوەندیی ئەمریکا و ئێراندا بێلایەن بێ، بەڵام بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی پێویستە تەرەفێکی گرنگی هاوکێشەکان بێت.

کورد دەتوانێ لەنێوان بەرە جیاوازەکاندا خۆی بپارێزێت و وێنایەکی جیاوازتر بۆخۆی دروستبکات، وەک چۆن دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و لە هاتنە سەر حوکمی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ خۆجیاکردنەوە لەو دابەشکارییەی جیهان بەسەر هەردوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، ئێرانییەکان دروشمێکیان بەرز کردەوە (لا شرقیە، لا غربیە، جمهوریە اسلامیە). پێشتریش لەناو کورددا و دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە 1976 ، بزووتنەوەی سۆسیالیست بۆ خۆجیاکردنەوە لەو دوو ئاراستەیەی پێشووتری بزووتنەوەی کوردایەتی، لە دەشتی هەولێر دروشمێکیان هەبوو دەیانگوت (نە جەلۆمە نە مەلۆمە، سۆسیالیستی سەربەخۆمە). ئێستاش پێویستە کورد بە دەنگێکی دلێرانەوە بڵێت (نە ئەمریکا و نە ئێران، بەرژەوەندیی کوردستان).



زریان رۆژهەڵاتی
ziryan.rojhelati@rudaw.net

# هەڵبژاردن بکرێ یان نەکرێ؟

ژماردنی پێچەوانە بۆ رۆژی بانگەشەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دەستیپێکردووە، بەڵام باسەکانی تایبەت بە دواخستنی هەڵبژاردن نەبڕاونەتەوە! بێشک، حیزبەکان پێیانباشە وەختێک بچنە هەڵبژاردن کە داشیان سوار بێت، بەڵام ئەم بابەتە چەندە پەیوەندی بە دۆخێکی رۆژانەیی ئەحزابەوە هەبێت، ئەوەندەش پەیوەندی بە کۆی سیستەمی سیاسییەوە هەیە کە لە بەینی دیموکراسی و دەسەڵاتگەراییدا ئەمبەروئەوبەر دەکات.

هەرێمی کوردستان لە قۆناغی رووخانی یەکێتی سۆڤیەت و سەرکەوتنی پێوەرەکانی خۆرئاوادا لەدایکبوو.ئەو وەختە "شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی"ش هێشتا بەردەوام بوو. بۆیە لەدوای رزگاربوونێکی سنووردار لە دەستی بەعس، کورد یەکسەر بیریان لە هەڵبژاردن کردەوە. بەڵام زۆری نەخایاند کە هەڵبژاردن و دامەزراوە دیموکراتییەکان بێکاریگەر کران و شەڕی ناوخۆش مۆری پەکخستنی لێدان! لەدوای ئەوەشەوە تا ئێستا، هەرێمی کوردستان لە بازنەی دیموکراسی و دەسەڵاتگەراییدا دەسووڕێتەوە!

## دابڕانی هەڵبژاردن لە کوردستان

لەدوای هەڵبژاردنەکەی ساڵی 1992، دابڕانێکی هەڵبژاردن لە کوردستان روویدا کە تا ساڵی 2005ی کێشا و بەوەش دیموکراسی، شوێنی خۆی بە دەسەڵاتگەراییەکی دوو جەمسەرە دا کە تێیدا دوو حیزب دوو ناوچەی هەرێمی کوردستانیان ئیدارە دەکرد. لە ساڵی 2015یشدا دابڕان و داخستنێک لە کاری پەرلەمان دروستبوو کە دەشێ بە قۆناغی دووەمی گەڕانەوەیەکی سنووردار بۆ دەسەڵاتگەرایی ناوزەد بکرێت و ئەویش تا ساڵی 2018ی خایاند. ئێستاش ئەگەری دابڕانێکی دیکە لەڕێی تەوافوق بۆ دواخستنی هەڵبژاردن لەئارادایە و هۆکاری سەرەکی ئەمەش یەک شتە: نائامادەیی ئەحزاب بۆ هەڵبژاردن!

پرسیار ئەوەیە، بۆچی هەرێمی کوردستان کە لەدایکبوونێکی دیموکراتییانەی هەبووە، لە بازنەی دیموکراسی و دەسەڵاتگەراییدا دەخولێتەوە؟ بێشک، دەستنیشانکردنی پارتی و یەکێتی وەک تاقە هۆکاری ئەو دۆخە بازنەییەی هەرێمی کوردستان، روونکردنەوەیەکی تەواو نابێت و بەرچاوڕوونییەک بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی کێشەکە نادات بەدەستەوە.

لە هەردوو دابڕانە هەڵبژاردنییەکەی پێشوودا دوو جەنگ هۆکاری گرنگ بوون بۆ تەعتیلکردنی دیموکراسی: شەڕی ناوخۆ و شەڕی داعش. بەڵام لە دابڕانی یەکەمدا، زیاتر دەوری وڵاتانی دەرەوە بۆ رێگرتن لە گەشەکردنی دیموکراسی لە کوردستان لەپێش بوو. دەوڵەتانی ناوچەکە دژی هەڵبژاردن بوون و ئەوەشیان بە یەکەم هەنگاوی دامەزراندنی کیانێکی مەشرووعی کوردی هەژمار دەکرد. بۆیە تەنها چەند مانگ دوای هەڵبژاردنەکەی 1992، تورکیا و ئێران و سووریا لە ئەنکەرە کۆبوونەوە تا تەگبیری خۆیان بکەن. سەیرنییە کە 25 ساڵ دوای ئەو بەروارەش، لەدوای گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان لە 2017، جارێکی تر دەوڵەتانی ناوچەکە دەستیانکرد بە یەکدا، هەتا دژی هەرێمی کوردستان تەگبیری خۆیان بکەن! چونکە، رەوایی هەڵبژاردن و رای خەڵک لە سیاسەت و پەیوەندیی نێودەوڵەتاندا بابەتێکی پڕبایەخ و پڕکاریگەرە کە بۆ هەمیشە حاشای لێناکرێت.

ئێستاشی لەگەڵدا بێت، پاساوی کێشەیەکی موڵکداری بۆ دەرکەوتنی شەڕی براکوژی، بێمانایە و دوورنییە ئەو رووداوانە دنەدانێکی دەرەکی تێدابووبێت! جگە لەوە، لەماوەی دەیەی نەوەدەکاندا، پاساوەکانیان هەرچییەک بێت، ئێران و تورکیا نزیکەی 12 ئۆپەراسیۆنی گەورەی سەربازی و هەواڵگرییان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە کە نەک هەڵبژاردن، بەڵکوو فرسەتی ئارامی بە کۆمەڵگای کوردستان نەدا!

دۆخی خراپی ئابووریی عێراق و خەزێنەی بەتاڵی دوای جەنگ و گەمارۆکان وایانکردبوو کە ئابووریی کوردستان وابەستەی یارمەتیی دەرەکی و پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بەخۆراک بێت. گەلێک لێکۆڵینەوەش هەن کە سەلماندوویانە، دیموکراسی لە وڵاتە هەژارەکاندا، کەمتر سەقامگیرە و لەوانەیە زۆر بڕ نەکات. هەڵبەت هۆکارەکانی ئەو دۆخە تەنها ئابووری یان دەرەکی نەبوون و کولتووری دەسەڵاتگەرایی و باڵادەستیی چەک، شوێنێکی زۆری بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن نەهێشتبووەوە. لە ساڵی 2015یشدا جەنگی داعش، قەیرانی دارایی و دەسەڵاتگەرایی لە ریزی گرنگترین هۆکارەکانی بێکاریگەربوونی پەرلەمان بوون.

دیوی دووەمی دراوەکەش ئەوەیە کە دۆخی هەڵبژاردن و دیموکراسی لە کوردستان بەراورد بە ناوچەی ئۆتۆنۆم یان فیدراڵییە گرنگەکانی کیشوەری ئاسیا کە 17 دانەن، باشترە. ناوچەکانی تبت، سین کیانگ، مەغۆلستانی ناوەوە، کوانگشی، نینگشیا، ماکاو و هونگ کۆنگ لە چین زیاتر هاوشێوەی پارێزگایەک ئیدارە دەکرێن و دۆخەکەیان لە هەرێمی کوردستان ناچێت. جگە لەوان، ناوچەکانی تاتارستان، داغستان، یاقووتستان، چیچانستان لە رووسیا و وەزیرستان و بەلووچستان لە پاکستان و پەشتوونستان لە ئەفغانستانیش بەوجۆرەن و لە هەندێکیشیاندا هێشتا نەک هەڵبژاردن، بەڵکوو مۆدێلی ئیدارەکردنی خێڵەکی و گواستنەوەی دەسەڵات لە باوکەوە بۆ کوڕ باوە. تایوان لە چین و فەلەستین لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە دۆخێکی نیمچە سەربەخۆیان هەیە، هاوشێوەییەکی زیاتریان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە. لەنێو ئەو سیانەشدا، هەرێمی کوردستان لەدوای تایوان، دۆخێکی گونجاوتری بۆ گەشەکردنی دیموکراسی هەیە. لیستەکانی هەڵبژاردن لە 7 لیستی 1992وەوە بۆ 31 لیست لە دوایین هەڵبژاردندا زیادی کردووە و گۆڕانکاری لە دەنگ و کورسی لایەنە دەسەڵاتدارەکان روویانداوە و ئۆپۆزیسیۆن چانسێکی بۆ بەشداربوون لە دەسەڵات پەیداکردووە و ئەمانەش بۆ دیموکراسییەکی مینیمالیستی گرنگن.

ساموێل هانتینگتۆن لە "شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا" باسی دەستەیەک لە وڵاتان دەکات کە هەندێکجار دیموکراتین و هەندێکجاریش بۆ دەسەڵاتگەرایی دەگەڕێنەوە. ئەمەش بە نموونەی بازنەیی ناودەبات. رەنگە ئەمە دەلاقەیەکی باش بێت تا لەوێوە بازنەی دیموکراسی و دەسەڵاتگەرایی هەرێمی کوردستان بدۆزینەوە.

## دواخستنەوەی هەڵبژاردن: دابڕانی سێیەم

ماوەیەکە باسی دواخستنەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەئارادایە. ئەگەر ئەمە سەربگرێت، دەبێتە دووەم دواخستنی هەڵبژاردنی خولی پێنجەم و جگە لە کاریگەرییە نیگەتیڤەکانی لەسەر پرۆسەی دیموکراسی کە دەکرێ وەک دابڕانی سێیەم ناوبنرێت، لە رووی سیاسیشەوە ئەنجامێکی باشی بۆ کورد نابێت.

رەنگە ئەو پێشبینییانە راست بن کە پێیانوایە لەبەر هەڵبژاردن، ناکۆکی و گرژیی نێوان هێزە کوردییەکان زیاتر دەبن، بەڵام خودی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و نوێکردنەوەی متمانەی دەنگدەر بە لایەنەکان، دەتوانێت دەرفەتێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانیش فەراهەم بکات. بێشک هەڵبژاردن ناتوانێت عەسای سیحری بێت بەڵام، تازەکردنەوەی مەشروعییەت بۆ پەرلەمان و حکوومەت دەتوانێت کاریگەرییەکانی ئەو دوو دەزگایە زیاتر بکات کە ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بۆ کورد پێویستن.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە پاساوی پێکهێنانی حکوومەتی عێراق، واتای حەواڵەکردنی کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان و کەڵەکەکردنیان بۆ کاتێکی دیکە دەدات. ئەمەش لە واتایەکی تردا، دواخستنی کێشەکانی کوردستانە بۆ دوای ئەو کاتەی کە بەغدا تۆزێکی تر خۆی دەگرێتەوە!

زۆر گرنگ بوو کە هەرێمی کوردستان بەر لە عێراق هەڵبژاردنی پەرلەمانی بکردایە، بەڵام هەرجۆرێک بێت ئەمە سەرینەگرت. ئێستاش کە بەغدا رووبەڕووی ناڕەزایی جەماوەری بووەتەوە و هێشتا حکوومەت پێکنەهاتووە، قازانجی هەرێمی کوردستان لە گلێرکردنەوی دۆخی سیاسەتی ناوخۆییدایە کە رەنگە بە هەڵبژاردن بکرێت. بەغدا، ئەگەر بەمزووانەش حکوومەت دروستبکات، دیسان لەبەر کێشەکانی لە باشوور و ناوەڕاست، کەمتر دەپەرژێتە سەر هەرێمی کوردستان. بۆیە ئەگەر کوردستان هەڵبژاردنەکەی بکات و دەرگایەک بەڕووی رێککەوتنێکی سیاسی نوێ لە ناوخۆ بکاتەوە، ئەوسا بەهێزتر لە جاران دەتوانێت لەگەڵ بەغدا دانوستاندن بکات. بە پێچەوانەوە، ئەگەر هەڵبژاردن دوابخرێت، ناچارە بە لاوازی گفتوگۆ بکات.



سەلاحەدین کۆبان*

# کوردستانێکی ناکۆک ناتوانێ دیموکراسی بێ

لە ئەڵمانیا دەڵێن "کابانی زۆر شیوەکە تێکدەدات"، مانای ئەو قسەیەش ئەوەیە ئەگەر خەڵکانێکی زۆر بەشداری لە یەک کاردا بکەن، ئەوە کارەکە لاواز دەردەچێ. ئەمە رێک ئەو شتەیە کە ئێستا لە کوردستان ئەزموونی دەکەین. بەهۆی ئەم ئەمری واقیعەوە کوردستان لە سیاسەتێکی نێوخۆی ئەمنی و دەرەکیی یەکگرتوو بێبەشە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی یەکڕیزی نێوخۆیی و هێزی دەرەکیمان لاواز بێ. هۆکاری نێوخۆیی رێگربوونە لەوەی کوردستان ببێ بە دەوڵەتێکی یەکگرتوو، لە پشت ئەمەشەوە بەرژەوەندیی دەسەڵاتە تاکەکەسییەکان هەیە، لە کاتێکدا مۆرکی جەوهەریی دیموکراسی رێک پێچەوانەی ئەمەیە، واتە بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان لە پێناو ئیدارەیەکی بەهێزدا دەخرێنە لاوە، کە هەم لەبەردەستی هەموو هاووڵاتیاندایە و هەمیش ژیان لە دەوڵەتەکەدا رێکدەخات. ئەوانەی مێژووی ئەوروپا، وەکو لانکی دیموکراسی نوێ، دەخوێننەوە، لەناو مێژووی ئەو کیشوەرەدا مۆدێلێک بەدی دەکەن: تەنیا کاتێک سەرکەوتنی ئابووری و هێزی سیاسی لەدایک دەبێ کە دەسەڵاتی وردە شازادەکان لەپێناو دەوڵەتێکی ناوەندیی خاوەن دەزگای ئیداریی یەکپارچە هەڵبوەشێنرێتەوە.

## سیاسەتی کەمینە رێگرە

یەکێک لە رێگە سەرکەوتووەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کارامە ئەوەیە ئەوەندەی بۆمان دەکرێ بەرژەوەندیی لایەنەکان لەبەرچاو بگرین. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کورسییەکی پەرلەمانی بە هەموو کەمینەیەک بدرێ، لە کاتێکدا تەنیا چەند دەنگێکی بەدەستهێناوە، بەڵکو ئەمە بەو مانایەیە کە بەرژەوەندی ئەو کەمینانە بخرێتە ناو سیاسەتی پارتە سەرەکییەکانەوە. نوێنەرانی لایەنە کەمینەکان پێویستە لەناو پارتە سەرەکییەکاندا بەشدار بن و لەوێوە نیگەرانییەکانی خۆیان بخەنەڕوو، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی راستەقینە دروستبکەن. چەندەها جار گوێمان لەوە بووە کە ئەم سیاسەتەی ئێستای تایبەت بە کەمینەکان لە کوردستان وای کردووە حکومەتی هەرێمی کوردستان جێی بایەخی سیاسەتی وڵاتانی رۆژئاوایی بێ، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە هیچکەس لە رۆژئاوا حەزی لەمە نییە. تاکە شتێک کە بە دڵی رۆژئاواییەکان بێ هەڵوێستی لایەنگرانەیە بۆ رۆژئاوا، ئەگەر ئەمە لەئارادا نەبێ، ئەوە هەموو سیاسەتێکی کەمینەکان، چەندیش بە وردەکاری بێ، دواجار لاوازبوونی سیستەمی دیموکراتیکی لێدەکەوێتەوە. وا باشە لێرەشدا سەیری مێژووی ئەوروپییەکان بکەینەوە: کۆماری ڤایماری ئەڵمانیا بەهۆی بوونی لایەنی زۆرەوە رووخا، کە تێیدا هەرلایەنێک نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکی ناکۆک لەگەڵ بەرژەوەندی لایەنەکانی دیکەی دەکرد، لەبری ئەوەی هەموویان لەناو پرۆگرامێکی بەرفراوانتردا هاوکاریی یەکدی بکەن.

## شینگێڕی لەبری کردار

روانینێکی خێرا لە رۆژژمێری کوردی ئەو هەستەمان پێدەدات کە ئێمە بەردەوام خەریکی ماتەمینین. بۆنەکانی ماتەمینی یەک لەدوای یەک دێن. هیچ کەسێک نکۆڵی لەوە ناکات کە ئێمەش، وەکو گەلێک، دەبێ کاتی ماتەمینیمان هەبێ، بەڵام وەکو دەوڵەتێکی مۆدێرن پێویستە تەنیا یەک رۆژمان هەبێ بۆ ئەوەی تێیدا یادی هەموو مەینەتییەکانی گەلەکەی خۆمان بکەینەوە. باشترین رێگە بۆ رێزلێنان لە یادی ئەوان ئەوەیە ئەو شتە دامەزرێنین کە ئەوان ئازاریان بۆی چەشت.

چۆن رێز لە پێشمەرگە بنێین؟

لە سەرانسەری جیهاندا ستایشی ئەدای پێشمەرگە دەکرێ. ئێمەش رێزی پاڵەوانیان لێدەنێین، بەڵام چۆن قەرەبووی ئەو ئازایەتییەیان بکەینەوە؟ مووچەی پێشمەرگە بە رادەیەکی بێمانا کەمە. هەرچەندە ئەوە ئایدیالیزمی ئەوانە کە پاڵیان پێوە دەنێ ئەو ئازایەتییە بنوێنن، بەڵام لە درێژخایەندا هەر ئەمە بەس نییە. با دواجار مووچەیەکی شایستەیان بدەینێ و پێزانینی خۆمانیان پێشان بدەین.

## یەک پایتەخت بە دوو ناو؟

ئەربیل یان هەولێر؟ هەر کەسێک سەردانی وڵاتەکەی ئێمە بکات هەست دەکات ئێمە دوو پایتەختمان هەیە، لەکاتێکدا ئەوە ئێمەین ناتوانین لەسەر ناوەکەی رێکبکەوین. پایتەختی کوردستانێکی یەکگرتوو و ئازاد دەبێ ناوی هەولێر بێ. لە وڵاتانی رۆژئاوایی ناچێتە عەقڵەوە وڵاتێک چەندین ناو لە پایتەختەکەی خۆی بنێ. ئەگەر بمانەوێ رۆژئاواییەکان وەکو وڵاتێکی دیموکراتیک دانمان پێدا بنێن، ئەوە دەبێ بە رێساکانی رۆژئاوا هەڵسوکەوت بکەین.

## سەرخستنی ئافرەتان، نەک پێدانی پشک

گەلی کورد دەتوانێ شانازی بە ئافرەتە ئازا و بوێرەکانییەوە بکات. بەڵام بە داخەوە هیچ ئافرەتێک نەیتوانیوە ببێ بە وەزیر. راستە پشکی 20 ٪ی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە ئافرەتان دراوە، بەڵام ئەمەش وای نەکردووە ئافرەتان ببنە وەزیر. بە پێی ستانداردی دیموکراسییە رۆژئاواییەکان ئەمە سیمایەکی دواکەوتوویی وڵاتە. ئەم کێشەیە بە پشک چارەسەر نابێ، بەڵکو دەبێ ئافرەتان لە پارتەکاندا سەربخرێن. ئەو ئافرەتانەی شتێکیان پێیە دەبێ دەربخرێن و پشتگیرییان بکرێ، ئاوها خۆبەخۆیی بە پۆستی وەزاری دەگەن، بەڵام سیستەمی پشک ئامرازێکی تەواو نییە بۆ ئەوەی ئەمە رووبدات.

راستییەکی تاڵ هەیە کە خەون و خەیاڵە خۆشەکانمان زۆر لە واقیعەوە دوورن. ئێمەی کورد لە رابردوودا دەستکەوتی گەورەمان هەبووە. ئێمە هێزی خۆمان سەلماندووە و بونیادەکانی دەوڵەتمان دامەزراندووە، بەڵام ئەو بونیادانە لە ئاستی ئەو ستانداردانەدا نین کە رۆژئاواییەکان بە دیموکراسییان دەزانن. بە پێوەری رۆژئاواییەکان ئێمە هێشتا وڵاتێکی دیموکرات نین. کاتێک دەتوانین بڵێین بەڕێگەوەین بەرەو دیموکراسی کە ئامادە بین ماڵئاوایی لە هەموو ئەو شتانە بکەین و سووربین لەسەر ئەوەی تێگەیشتنێکی دیموکراتیکمان بۆ خۆمان هەبێ و هەست بە ئەرکێکی هاوبەش بکەین. ئەمە بەو مانایەیە کە دەبێ فێر بین متمانەمان بە یەکدی بێ و ماڵئاوایی لە بەرژەوەندییە تایبەت و تاکەکەسییەکانمان بکەین. بەم شێوەیە دەتوانین بەرەو سەردەمێکی نوێ هەنگاو بنێین، واتە سەردەمی کوردستانێکی یەکگرتووی ئازادی دیموکرات کە لە ریزی هێزە رۆژئاواییەکان بێ و شان لە شانیان بدات. ئێمە توانیومانە بە خێرایی بەرەو بنیاتنانی وڵاتێکی مۆدێرن هەنگاو بنێین، ئێستا گرنگ ئەوەیە لە دوایین هەنگاوەکانمان سارد نەبینەوە. دڵنیام سەردەکەوین.

**سەلاحەدین کۆبان ئەندامی پارتی یەکێتیی دیموکراتە مەسیحییەکانی ئەڵمانیایە و ساڵی 2017 یەکەم کوردی دانیشتووی ئەڵمانیا بوو خۆی بۆ هەڵبژاردنی فیدراڵیی ئەڵمانیا بپاڵێوێ. هاوکات ئەندامی گروپێکی ئەڵمانی - ئیسرائیلی و کۆمارییەکانی دەرەوەیە. بابەتی سەرەکی کارکردنی، سیاسەتی دەرەوەیە.**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# بەرهەم ساڵح دەچێتە ئەو قومارەوە؟

1

بڕیاری بەشدارینەکردنی هاوپەیمانییەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵح لە هەڵبژاردنی 30ی ئەیلولی پەرلەمانی کوردستان، مانای ئەوەیە کە هاوپەیمانییەکەی ئەو وەکو پلاتفۆرمێکی سیاسی لە قازانجی یەکێتی نیشتمانی دەکشێتەوە. ئەگەرچی ئەوە هەر لەسەرەتاوە دیار بوو کە لیستی کاندیدەکان ڕێکدەخران، ئەگەر دکتۆر بەرهەم لەو کاتەدا نییەتی بەشداری لە هەڵبژاردن هەبوایە، خۆی سەرۆکایەتی لیستەکەی دەکرد و کەسانی بە ئەزموونی سیاسیش ناویان دەهات. کە ئەوەی نەکرد، دیاربوو کە پرۆسەیەک لەگەڵ ماڵی تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و تەنانەت پارتیش دەستیپێکردووە. لە ڕۆژانی ڕابردوودا سەرباری بەیاننامەی مەنسووب بە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد (کە پێدەچێ یان شانازی خوشکی نووسیبێتی یان مەلا بەختیار)، لەبارەی مواسەفاتی کاندیدی یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆککۆمار، پاڤڵ تاڵەبانیی کوڕی گەورەی تاڵەبانی بە ئاشکرا بە سەرکردایەتیی پارتی ڕاگەیاندووە کە دکتۆر بەرهەم ساڵح کاندیدی ئەوانە بۆ پۆستی سەرۆککۆمار و کاری ژێربەژێریشی لە ئاستی بەرزدا بۆ کردووە.

ئەو تابلۆیەی ئێستا ڕێک لە هی 2014 دەچێت کە یەکێتی زیاتر لە کاندیدێکی بۆ ئەو پۆستە هەبوو. لەلایەک نەجمەدین کەریم (ئێستاش مەلا بەختیار) بێ گەڕانەوە بۆ مەکتەبی سیاسی دەیگوت کاندیدە! ماڵی مام جەلال فوئاد مەعسوم و مەکتەبی سیاسییش پشتیوانییان لە دکتۆر بەرهەم دەکرد. ئێستاش هەمان تاس و حەمامە، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەمێکە ئاوەڵزاوایەکی مام جەلالی کاندید کردووە، مەلابەختیار کێشەی شەهادەکەی بە ئینتەرنێت چارەسەر کردووە و دەڵێ کاندیدە و، فوئاد مەعسوم حەزی لێیە بمێنێتەوە و دکتۆر بەرهەمیش وەکو جاری پێشوو لەجێگەی خۆیەتی، بەو جیاوازییەی کە ئەمجارە کوڕەکانی تاڵەبانی لەپشتین. پارتیش سەربار و بنبار!

بە هەموو پێوەرێک، دکتۆر بەرهەم لە هەموو ئەوانەی یەکێتی کە ناویان دێت و گوایە دانەبڕاوی ڕێبازی مامی گەورەن! بەتواناترە، بەڵام ئەگەر نەتوانێ بەبێ رکابەر بچێتە ناو ئەم یارییەی ئێستاوە، ئەوە دەبێتە کۆتایی ژیانی سیاسیی ئەو پیاوە. ماڵی تاڵەبانی ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیان بەو پیاوەیە، ئەگەر ڕاست دەکەن، نابێ هیچ موونافیسێکی بۆ قوت بکەنەوە، وەک چۆن لە کاتەلۆگی ڕەئیسی جمهوری یەکێتیدا هاتبوو، دەبێ ڕەزامەندیی تەواوی برایانی پارتیشی بۆ وەرگرن.

## کودەتای ناو یەکێتی

2

هەوڵەکانی دوو کوڕەکەی تاڵەبانی بۆ دەستگرتن بەسەر یەکێتیدا، چڕبووەتەوە. لەو پێناوەدا ئەوەی پێویست بێت لەگەڵیان بێت، تەشەبوسی پێدەکەن و ئەوەش کە ڕێگریان بێ ڕایدەماڵن و بەرتەرەفی دەکەن. ئێستا یەکێتی بەسەر سێ بەرەدا دابەش بووە، بەرەی یەکەم کوڕەکانی تاڵەبانی و (مەلا بەختیاری وەسی)، کۆسرەت ڕەسوڵ و بەشێکی مەکتەبی سیاسی و، لاهوری جەنگی و بەشێکی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی. کوڕەکانی تاڵەبانی لە یەک شت دڵنیان کە نە ماڵی بارزانی و نە کۆسرەت ڕەسوڵ و کوڕەکانی، زیانیان پێناگەیەنن و ئەگەر پشتیشیان نەگرن دژایەتییان ناکەن، بەڵام ئەوەی ئێستا بووەتە مەترسی لەسەر ئایندەی حوکمڕانیی ئەوان، زڕئامۆزاکانیان و لەسەرووی هەموشیانەوە لاهور کە لەسەردەمی غەفڵەتی ئەواندا زۆر بەهێز بووە. بە ڕاددەیەک کە لە دەرەوەی یەکێتیش عەرزی عەزەڵات دەکات. لە جەژندا ڕێگەیان بە قوباد نەدا سەردانی مەزاری نەوشیروان مستەفا بکات، پاڤڵی برای وەک تەحەددایەک دوای چەند ڕۆژ چووە سەر مەزاری نەوشیروان مستەفا و فاتیحای دادا!

جموجۆڵەکانی لاهور بۆ دروستکردنی دەزگای میدیایی گەورە و کۆکردنەوەی مەکینەی ئیرهابی فیکری لە دەوری یەکتری و، بە ئاراستەیەکی دیکەشدا لێدان لە هەموو ئەوانەی کە خزمەت بە پرۆژەی قوباد و پاڤڵ تاڵەبانی دەکەن، سەرەتایەکی مەترسیدارە. تەنانەت تا ئەو ڕاددەیەی کە دەمڕاستە فکرییەکەی لەناو سەرکردایەتی یەکێتی (ئەسەرسەد) زەنگی دوو ئیدارەیی لێدەدات! بەدڵنیاییەوە ئەگەر بەو ئاراستەیەدا هەوڵێک هەبێ و بیانەوێ کوردستان بەرەو دوو ئیدارەیی ببەن، پارتی نەک هەر پێی ناخۆش نابێت، بگرە پیرۆزباییشیان لێ دەکات. وەڵامەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەو پرسە لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەی لەگەڵ دکتۆر بەرهەم ساڵح روون و ئاشکرا بوو. بۆیە هێزە ڕەشەکانی یەکێتی، یان سپی دەبنەوە، یانیش هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی یەکێتی دەدەن.

## ئیعترافاتی پاڤڵ

3

لە چوارچێوەی جێگیرکردنی پێگەی دوو کوڕەکانی تاڵەبانی بۆ داهاتوو، چەند جارێکە کە بە نهێنی ئەو ماڵباتە سەردانی سەرۆک بارزانی دەکەن. بەپێی زانیارییەکان لە دوایین سەرداندا کە پاڤڵ تاڵەبانی بە مەبەستی گوناە لەخۆ دەرکردن سەردانی بارزانیی کردووە، ئیعترافی لەسەر ورد و درشتی ڕووداوی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر کردووە، کە دوو زڕ ئامۆزاکەی و خۆی عەڕابی بوون. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە هەردوولا دەیانەوێ ئۆباڵی مێژوویی ئەو کارەساتە بخەنە ئەستۆی یەکتری. پێشتریش لاهور داوای لە پەرلەمان کردبوو لەوبارەیەوە لیژنە پێکبهێنێت بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و ئێستاش پاڤڵ تاڵەبانی لە هەوڵی ئەوەدایە کە خۆی، دایک و براکەی لەو خیانەتە بێبەری نیشان بدات و بڵێ پێیانکردووە. هەر وەک چۆن لە دیمانەیەکی دوای 16ی ئۆکتۆبەردا ئیمزای ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتی لە پێش کامێرا بەرز کردەوە کە پەیوەست بوو بە ڕێککەوتن لەگەڵ حەشدی شیعی بۆ چۆڵکردنی بەرەکانی جەنگ!

هەقە مەحزەری ئەو دانیشتنانە بڵاوبکرێنەوە، بۆ ئەوەی مێژووی پڕ لە خیانەت و خەباتی کورد لە تاریکیدا نەمێنێتەوە و، ئەوانەی خیانەتیان کردووە، بەرەورووی دادگای گەل ببنەوە. بەڵام کوردستان بەهەشتی خائینانە!



هۆگر ئیبراهیم حەکیم*
ماستەر لە زانستە سیاسییەکان

# ونبوون لەنێوان سەربەخۆیی و وابەستەبووندا

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆز و پڕ جووڵە و کێشەیە، کارلێک و پەیوەندییەکان پەیوەست نین بە فاکتەری جێگیرەوە، هەموو پێدراو و داواکراوەکانی بەشێوەیەک ئاوێتەبوون کە ناتوانین دۆخی ستاندارد بۆ ئەو ژینگە نارِوونە دروست بکەین و پێگەی لایەنەکانی پێ هەڵبسەنگێنین. ئەکتەرەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیەش بەهۆی ناجێگیریی پەیوەندییەکان و تێکەڵبوونی کارتەکانەوە، هەمیشە لە دۆخێکی نادڵنیایی و ناسەقامگیردا دەژین، بەجۆرێک کە هیچ یەکێک لەو ئەکتەرانە ناتوانێ دۆخی باشی ئێستای بکاتە پێوەر بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە لەداهاتووی خۆی دڵنیابێت. ئەم ئەکتەرە نێودەوڵەتی و هەرێمیانە چ دەوڵەت بن یان ئەکتەری نادەوڵەتی، هەموویان مەحکومن بەوەی لەو ژینگە لێڵەدا جووڵە بکەن.

سەبارەت بەپێگە و چۆنیەتی مامەڵەی ئەکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هەمیشە هەندێ پرسیاری جەوهەری دروست دەبن، ئایا ئەم ئەکتەرانە دەتوانن لەبارێکی ئاڵۆزی لەو شێوەیەدا سەربەخۆ بن؟ ئایا چ ئەکتەرێک دەتوانێ سەربەخۆ بێت؟ ئایا باجەکانی سەربەخۆبوون لەو ژینگەیەدا چین؟ ئایا ئەو ئەکتەرانەی سەربەخۆ نین و وابەستەی هێزێکی باڵاترن دەتوانن بەو شێوەیە بەردەوام بن؟ ئەو ئەکتەرانەی لەنێوان سەربەخۆبوون و وابەستەبووندا ون بوونە بەرەو چ ئاسۆیەک دەڕۆن؟

بۆ ئەوەی وەڵامێکی پوختی پرسیارەکانمان دەستبکەوێت، دەبێت سەرەتا بزانین سەربەخۆبوون و وابەستەبوون لەژینگەی نێودەوڵەتیدا چین، تا بتوانین ئایندەی ئەو هێزانە دەستنیشان بکەین کە لەو دۆخەدا ناتوانن خۆیان یەکلایی بکەنەوە. لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا سەربەخۆبوون یەک مانای نییە، بەڵکو چەمکێکی فرەڕەهەندە، هەر ئەمە وای کردووە پرسیار لەسەر سەربەخۆیی دروست ببێت. بەشێک پێیانوایە بوون بە دەوڵەت و دانپێدانانی نێودەوڵەتی و بوونی سەروەری بەسە بۆ ئەوەی بە ئەکتەرێک بڵێین سەربەخۆ، بەڵام ئەمە تەنها لە ڕواڵەتدا ڕاستە، چونکە ئەگەر ڕەهەندە جیاوازەکانی سەربەخۆبوون بکەینە پێوەر، ئەم تێگەیشتنە تووشی کورتبینی دەبێ. بۆ نموونە ئەگەر پرسیارەکە بەو شێوەیە بکەین کە ئایا هەموو ئەو دەوڵەتانەی خاوەن سەروەرین بڕیاری سیاسییان بەدەست خۆیانە، ئایا دەتوانن لە دەرەوەی هاوپەیمانییەکی گەورەتر وەک دەوڵەت بمێننەوە؟ بێگومان نەخێر، چونکە بەشێکی زۆری ئەو دەوڵەتانە لە جووڵە دەرەکییەکانی خۆیاندا سەربەخۆیی خۆیان لەبڕیاردان لەدەستداوە بەرامبەر گەرەنتییەک بۆ مانەوەیان. ئەم وەڵامە بۆ سەربەخۆیی ئابووری و کولتووری و شێوازی حوکمڕانیش هەر ڕاستە، بۆ نموونە دەوڵەتان ئێستا ناتوانن لەدەرەوەی سیستەمە دیموکراتیەکان سیستەمێکی دیکەی تایبەت بەخۆیان هەبێت، مەحکومکردنی دەوڵەتان بە سیستەمی دیموکراسی بەشێکە لەو سنووردارکردنەی سەربەخۆیی دەوڵەت. هەموو ئەو دەوڵەتانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری ئەو لەقاڵبدانە و ڕێگەی سەربەخۆیی ڕەهایان گرتووە، وەک دەوڵەتی نامۆ بەڕای گشتیی جیهانی دەناسێنرێن، بەوەی لە سیستەمی باوی جیهانی لایانداوە. سەبارەت بەدیوی یەکەمی سەربەخۆیی کە بریتیە لەدەوڵەتبوونی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان، ئەمەیان دۆخێکی تری سەربەخۆییە، بانگەشەی هێزە نادەوڵەتییەکان بۆ بەدەوڵەتبوون ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا بانگەشەیە بۆ سەربەخۆبوون، بەڵام لەڕاستیدا بانگەشەیە بۆ بوون بەدەوڵەت، چونکە قۆناغی دوای دەوڵەتبوونەکە ئاڵۆزتر و پڕکێشەترە بەتایبەت ئەگەر بەرەو سەربەخۆیی ڕەها بچێت.

ئەوەی پەیوەستە بەوابەستەبوونەوە لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا، ئەمیش بەهەمان شێوە چەند جۆرێک و چەند مانایەکی هەیە، هەر لە وابەستەبوونی ڕاستەوخۆوە بە سیاسەت و ئەجێندای ئەکتەرێکی باڵاتر لەخۆت تا وابەستەبوون لەڕێگەی چوونە نێو هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی وەک ڕێکارێکی پارێزگاری لە مانەوە. بەشی هەرە زۆری ئەکتەرە نێودەوڵەتیەکان، جگە لە دەوڵەتە زلهێزەکان، لە بازنەی وابەستەبووندا جووڵە دەکەن، بەڵام هەموویان بەیەک ئاراستە و بەهەمان ڕێژە پەیوەست نین بەو وابەستەبوونەوە، هەر یەکەیان دۆخی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام دەرچوون لەو وابەستەبوونە بەهەمان ئەندازە ئاکامی خراپی بۆیان هەیە. هەرچەندە سیستەمی نێودەوڵەتی ئێستا فرەجەمسەر نییە، بەڵام تاک جەمسەریش نەماوە، بەشێک لە زانایان دەڵێن سیستەمی نێودەوڵەتیی ئێستا لەبری فرەجەمسەری جۆرێک لە فرەبەرەیی پێوە دیارە، بوون بە بەشێک لەو بەرە جیاوازانە سروشتی وابەستەبوونی ئەکتەرەکان نیشاندەدات. کاتێکیش یەکێک لە دەوڵەتەکان لە بەرەیەک دێتە دەرەوە تووشی جۆرێک لە ونبوون دەبێت ئەگەر نەبێتە بەشێک لە بەرەیەکی دیکە، یان بەرەیەکی تایبەت بەخۆی دروست نەکات کە ئەمە جۆرێکە لەخۆکوژی. سەبارەت بە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان، ئەمانیش مەحکومن بەو وابەستەبوونە ئەگەرچی هێشتا نەبوونە دەوڵەت، دەرچوون لەو وابەستەبوونە و بانگەشەکردنی سەربەخۆیی ڕەها بۆ ئەو ئەکتەرانە لێکەوتەی خراپتری دەبێت و نزیک دەبێتەوە لە سڕینەوەی یەکجارەکی.

لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کۆمەڵێک هێز خەونی گێڕانەوەی ڕابردووە دوورەکانیان هەیە و ئامانجی دووبارە بنیاتنانەوەی ئیمپراتۆریەتە مردووەکانیان هەیە، بۆ ئەوە پێویستیان بە سەربەخۆبوون و هاتنە دەرەوە هەیە لە بازنە بچووک و گەورەکانی وابەستەبوون. ئەگەرچی ئەم هێزانە هێزی هەرێمی و خاوەن پێگەی دیارن لە ناوچە هەستیارەکانی جیهاندا، بەڵام ئەم گۆڕانی دۆخە لە وابەستەبوونەوە بۆ سەربەخۆیی بێ کێشە نابێت بۆیان. سەربەخۆبوون بۆ ئەم هێزانە یان بەرەو هەڵوەشانەوەیان دەبات، یان بەرەو ئەوەیان دەبات کە ببنە هێزی نامۆ بە ژینگەی نێودەوڵەتی، بەمەش لەناوخۆدا سیستەمێکی هاوشێوەی سیستەمە دیکتاتۆرییەکان بنیات دەنێن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو دۆخی نامۆبوونە خۆیان بگونجێنن. هەوڵەکانی تورکیا و ئێران لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا بەو ئاراستەیە بووە، ئەگەر چی هەر یەکێک لەو دوو هێزە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و ناکرێ هەردووکیان بخرێنە بەر هەمان پێوەر. تورکیا لەڕێگەی ئەردۆگانەوە دەیەوێت خۆی لە وابەستەبوون بە ڕۆژئاوا بدزێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەڵام مامەڵەی هێزە ڕۆژئاواییەکان ئەمەی بۆ قورس کردووە، بۆیە دەبینین تورکیا بۆ تێپەڕاندنی ئەمە خەریکە دەچێتە بەرەیەکی جیاواز، بەمەش خۆی لە بەرەی ڕۆژئاوا رزگار دەکات، بەڵام ناتوانێ خۆی لە دۆخی وابەستەبوون ڕزگار بکات. بۆیە دەبینین تورکیا ئێستا وەک هێزێکی سەرلێشێواو لەنێوان سەربەخۆبوون و وابەستەبووندا ون بووە و ئاسۆ ڕوونەکانی نەماوە. شەڕی تورکیا ئێستا لەژینگەی نێودەوڵەتیدا شەڕی هەڵنەوەشانەوە و لاوازنەبوونە لەبری ئەوەی شەڕی بەهێزکردنی پایەکانی سەربەخۆیی بێت. ئێرانیش وەک یەکێک لە دیارترین ئەو ئەکتەرانە هەوڵەکانی بۆ سەربەخۆبوونی ڕەها وای لێکردووە ببێتە ئەکتەرێکی نامۆ بە سیستەمی جیهانی. سزاکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەری، سەلمێنەری ئەو دۆخەیە کە ئێران تێیکەوتووە. ونبوونی ئێران لەنێوان ئەو دوو دۆخە: ئایا بەردەوام بێت لەبەرەی دژە ئەمریکایی کە ئەمە ئاسۆیەکی ڕوونی پێ نابەخشێت، یان بە ئاراستەی سەربەخۆیی و نامۆبوونی زیاتر بڕوات، ئێرانی نزیک کردووەتەوە لەوەی بەیەکجاری بکەوێتە دەرەوەی بازنەی سیستەمی جیهانی.



فەریق حەبیب

# ڕاوێژکارە سمێڵ زلەکە.. گێڕانەوەی شکۆی ئەمریکا و تۆقاندنی وڵاتان

ئەو جەنگە ئابووری و سایکۆلۆژییە هەمەلایەنەی ماوەی چەند هەفتەیەکە واشنتۆن لەیەک کاتدا بەرانبەر ئێران و تورکیا و چین و ڕووسیا و ئەورووپا گرتوویەتیە بەر، زۆر لە چاودێرانی سیاسی دووچاری سەرسوڕمان کردووە لەوەی چۆن دەبێت ئەمریکا لەیەک کاتدا زیاتر لە پێنج بەرەی جەنگ بکاتەوە، چونکە لۆجیک و پراگماتیک وا دەخوازن کە ئەمریکا پێ بە پێ گوشار و هەڕەشەکانی بۆسەر وڵاتانی نەیاری زیاتر بکات و پاش سەرکەوتنی لە بەرەیەکدا ئینجا بەرەیەکی تر بکاتەوە.

هەندێک لە شارەزایانی کاروباری ئەمریکا هۆکاری ئەو پەلهاویشتنە خێرایەی ئەمریکا بۆ کەسێک دەگێڕنەوە کە ماوەیەکی زۆرە داخ لەدڵە بەرانبەر ئەو نەیارانەی ئەمریکا و هەمیشە وەکو شیکەرەوەیەکی سیاسی لە تەلەفیزیۆنی "فۆکس نیوز"ی بەناوبانگی ئەمریکاوە ئاخی لە باراک ئۆباما و ئیدارەکەی هەڵدەکێشا و جەختی دەکردەوە کە نابێت ئەمریکا ئەوەندە نەرمونیان بێت و دەبێت بەزەبری هێزی سەربازی کێشەکانی لەگەڵ وڵاتان چارەسەر بکات. ئەو کەسە "جۆن بۆڵتن"ی تەمەن 69 ساڵە کە لە بەهاری ئەمساڵەوە وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دۆناڵد ترەمپ دەستبەرکار بوو.

بۆڵتن بە ئەندازیاری ڕووخاندنی سەدام حسێن دەناسرێت و ڕەنگە ڕێکەوتیش نەبووبێت کە ڕۆژی دەستبەکاربوونەکەی خرایە 9ی نیسان، ڕۆژی هەرەسهێنانی ڕژێمەکەی سەدامەوە. ئەو دیارترین هەڵۆی محافیزکارە نوێیەکانە و دوژمنی سەرسەختی ڕووسیا و ئێران و تورکیا و فەلەستینییەکانە و لایەنگری بەکارهێنانی هێزە لەدژیان، دەشگوترێت باوەڕی بە یاسا نێودەوڵەتییەکان نییە و کاتێک نوێنەری ئەمریکا بوو لە نەتەوەیەکگرتووەکان، گرفتی زۆری لەنێو کۆبوونەوەکاندا دروست دەکرد. کەسێکی ڕاشکاو و توندوتیژە و بە سمێڵە زلەکەی بەناوبانگە. ترەمپیش هەستیاریی زۆری بەرانبەر بە سمێڵەکەی هەیە و وەکو نوکتەش هەندێک لەڕۆژنامە ئەمریکییەکان بڵاویان کردەوە لەبەر سمێڵە گەورەکەی نەبووایە ترەمپ بۆڵتنی دەکردە وەزیری دەرەوە، بەڵام ئەو خۆی زۆر داکۆکی لە سمێڵی دەکات و ئامادە نییە لەژێر هیچ گوشارێکدا لایبدات!

لەکاتێکدا زۆر لە ناوەندە سیاسییەکان و وڵاتان ترس و نیگەرانییان بەرانبەر دامەزراندنی جۆن بۆڵتن نیشاندا، ژمارەیەک لە داڕێژەرانی ستراتیژی ئەمریکا باوەڕیان وایە بۆڵتن یارمەتیدەری سەرۆک ترەمپ دەبێت لەبەدیهێنانی ئەو درووشمەی کە بەرزی کردووەتەوە و دەڵێت:" با سەرلەنوێ ئەمریکا بکەینەوە بە وڵاتێکی مەزن". ترەمپ بەدانانی بۆڵتن لەو پۆستەدا و دامەزراندنی مایک پۆمپیۆ بە وەزیری دەرەوە و نیکی هایلی بە نوێنەری ئەمریکا لە UN و جینا هاسبیل بە سەرۆکی دەزگای هەواڵگری، بازنە هەڵۆییەکەی کۆشکی سپی تەواو کرد و هەر هەموویان لە زۆربەی بابەتەکاندا هاوڕان لەگەڵ سەرۆک ترەمپ، بۆیە ڕەنگە سەرۆک بتوانێت زۆربەی تێڕوانینەکانی لەبارەی باڵادەستبوونەوەی ئەمریکا بخاتە بواری پراکتیکەوە.

بەشێک لە پسپۆڕانی سیاسی پێیانوایە لەبەر ئەوەی ترەمپ شارەزایی لە سیاسەتی دەرەوەدا نییە، بۆیە زۆر بەئاسانی لەلایەن ڕاوێژکارەکانیەوە-بەتایبەتی لەلایەن جۆن بۆڵتن-ەوە کاری تێدەکرێت هەروەک چۆن کۆندۆلیزا ڕایس کاریگەریی بەسەر جۆرج دەبلیو بوش-ەوە هەبوو، ئەمەش وادەکات جۆن بۆڵتن زۆرترین کاریگەری بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا هەبێت و ئامانجی لەمێژینەی خۆی بەدی بهێنێت کە خۆی لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی و ئابووریی ئەمریکا بۆ ملکەچکردنی نەیار و دوژمنەکانی دەبینێتەوە، بەڵام ئاخۆ هەروا بەئاسانی دەتوانێت لەماوەی دوو ساڵی داهاتووی سەرۆکایەتی ئەم ئیدارەیەدا مەرامەکانی بەدی بهێنێت و وەکو خۆی دەڵێت شکۆی ئەمریکا بگێڕێتەوە و تاکجەمسەریی ئەمریکا بەسەر جیهاندا بسەپێنێت، یاخود بەهۆی ئەو سەرکێشییانەوە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان تووشی پشێوی و ئاڵۆزی دەکات؟

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




## شنیار خانمانی کورد فێری مەیکئەپ دەکات

10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی 07518110013 - TEI : 07518110011

rudaw@rudaw.net






ئۆفیسی سەرەکی: سەدەف پلازا، 100 مەتری، تەنیشت پاسەپۆرتی هەولێر

لقی دووەم: هەولێر، 60 مەتری، نزیک بەرزە پردی عەنکاوە




زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی لقی لە هەولێر کردەوە و بۆساڵی تازەی خوێندن قوتابی وەردەگرێ لە بوارەکانی ئەندازیاریی کۆمپیوتەر، بزنیس و پزیشکی و تەندروستی.

هەولێر - شەقامی گوڵان

٠٧٥٠٧٩٠١٦١٦ ٠٧٥٠٨٩٠١٦١٦